# کۆمەڵکوژی بارزانییەکان..

# قۆناغێک بەر لە ئەنفال

ناوی کتێب: کۆمەڵکوژی بارزانییەکان..قۆناغێک بەر لە ئەنفال

بابەت: مێژوویی

نووسەر:عومەر محەمەد

پێداچوونەوەو هەڵەچنی: رێکارێ مزوری

دیزاینی بەرگو ناوەوە: ئازاد حاجی

سەرپەرشتیاری کتێب: بەختیار سەعید

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم

چاپخانە: کەمال

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی ()ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان ٢٠١٥

ناونیشان: سلێمانی: کاسۆمۆڵ - بەرامبەر مزگەوتی گەورە - نهۆمی چوارەم

سودو سەرمایەی ئەم بڵاوکراوەیە بۆ کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوانە

لەسەر ئەرکی دکتۆر تەها رەسوڵ چاپ کراوە

# پێشکەشە

- بە گیانی تەها کەریمی
- بە گیانی مامۆستا ئەرسەلان چیمەنی
- بـەو مرۆڤانـەی هەمیشـە دەسـتیان ئامـادەی تەوقەکردنـە نـەک تەقەکـردن،

بەوانـەی دڵڕەقـی و بـەدکاری زەفەریـان پێناباو هەمیشـە لێبوردەو ژیاندۆسـتن

## خۆزگەیەک

خۆزگــە دەمانتوانــی لەبەرامبــەر هەرشــەهیدێکماندا یــەک پەیمــان بــۆ راســتی و یەکێــک بۆئاشــتی ببەســتین .

بۆ هەر شەهیدێکی سەنگەر

بۆ هەر ئەنفالکراوێک

بۆ هەر شەهیدێکی بەگازخنکاو

تەنها تاکە یەک (درۆی رەش) لەخۆمان دوربخەینەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبینە راستگۆترین و ئاشتیخوازترین میللەتی سەر ڕوی زەمین.

بــەڵام ئەفســوس.. لەیــادەوەری شــەهیدو ئەنفالکراوەکانمانــدا زۆرتریــن درۆدەکەیــن.

بڵێی ژیان بەحەقیقەت و ئاشتییەوە هێندە تاڵ و نەگونجاوبێت؟

# کۆمەڵکوژی بارزانییەکان..

# قۆناغێک بەر لە ئەنفال

عومەر محەمەد

ئازاری ٢٠١٤ – سلێمانی

# پێڕست


- ڕونكردنەوەیەكی پێویست
- پێشەكی ئاوات محەمەد
- ترس و گومان
- میدیای كوردی و دۆسێی جینۆساید ڕۆڵی لە زانیاری هەڵەو تێنەگەیشتن لە ڕەگەزەكانی تاوانی نێودەوڵەتی.


## بەشی یەكەم


- بارزانییەكان
- ڕاگواستن، سەرەتای مەینەتی بارزانییەكان
- هۆكاری سەرەكی كۆمەڵكوژی بارزانییەكان.
- قۆناغەكانی پەلاماردان


## بەشی دووهەم


- بارزانییەكان بەئەنفال ناوبەرین یاخود بەجینۆسایدكراو
- هەڵپڕوكاندن و لەكۆڵ خۆكردنەوە
- نكوڵی كردن!
- بەراورد لەنێوان تاوانی ئەنفال و جینۆسایدكردنی بارزانییەكان .


## بەشی سێهەم:


- زەمەنی تاوانی كۆمەڵكوژی بارزانییەكان
- تێڕامان لە بەڵگەنامەكان
- دادگایی كردنی تۆمەتباران
- شوێنی گۆرە بەكۆمەڵەكان


## بەشی چوارەم


- دەرئەنجام
- ئێمەو پەیماننامەی قەدەغەكردنی تاوانی جینۆساید
- گلەیی نامەیەك


## بەشی پێنجەم


- پاشكۆی بەڵگەو وێنەكان
- سەرچاوەو پەراوێزەكان

## ڕونکردنەوەیەکی پێویست:

ئـەم کتێبـەی بەردەستت وتارێکـی درێـژی مـن بـوو کـە سـاڵی ٢٠١١ بـە دوو بـەش لـە لاپـەڕە (١١)ی ڕۆژنامـەی هاوڵاتـی ژمارەکانـی (٧٥٦ و ٧٥٧) ڕێکەوتـی ١٠ ی ئابـی ٢٠١١ و ڕۆژی دواتـر (بەنـاو نیشـانی کۆمەڵکـوژی بارزانییـەکان بـە ئەنفـال ناوبەریـن یان بەجینۆسـاید) بڵاوکراوەتـەوە، بەداخەوە ڕۆژنامـەی هاوڵاتـی بەڵگـەکان و نـاوی قوربانییەکانـی بـە پاسـاوی ئـەوەی بابەتەکـە زۆر درێـژە، بڵاونەکردبـووە، بـەڵام هەمـان بابـەت لـە سـاڵنامەی ئەنفالسـتان ژمـارە (١٠) بەنـاوی قوربانییـەکان و بەڵگەکانـەوە جارێکـی تـر وەکـو لێکۆلینەوەیـەک بڵاوکراوەتـەوە.

وا جارێکـی دی ولـە دەرفەتێکـی تـردا دوای تێپەڕینـی دووسـاڵ لەبڵاوکردنـەوەی لێکۆلینەوەکـە دەرفەتێکـی تـری بـۆ ڕەخسـایەوە کـە بـەم ناونیشـانەی ئێسـتایەوە (کۆمەڵکوژی بارزانییەکان..قۆناغێک بەر لە ئەنفال..) هەڵبەتـە پاشـئەوەی دەزگای ڕۆشـنبیری جەمـال عیرفـان دەستپێشـخەریان کـردو لەبەرگرنگـی دۆسـێکەو ئـەو جیاوازییانـەی لەمەرهـەردوو دۆسـێی ئەنفـال وکۆمەڵکـوژی پیاوانـی بارزانـی خسـتبوومە بەردیـدەی خوێنـەران.

داوایـان لێکـردم هەمـان بابەتـم وەک کتێبێـک بۆچـاپ وبڵاوبکەنـەوە. منیـش بەڕێـزەوە بەدەستپێشـخەرییەکەیان قایـل بـووم، بـەڵام پێـم بـاش بـوو بەکەمێـک دەسـتکاری وبەدواداچونـی زیاتـرەوە ئـەم بابەتـە بخەمـەوە بەردیـدەی خوێنـەران، چونکـە بەپێویسـتی دەزانـم جەخـت لـەوە بکەمـەوە کـە تاوانـی ئەنفـال و کۆمەڵکوژی بارزانییـەکان دوو تاوانـی جیـاوازن . بۆیـە لـەدوای ئـەوەی بەڵێنـم پێـدان سـەرباری نزیکبوونـەوەی وادەی لەچاپدانـی

گۆڤـاری ئەنفالسـتان و سـەرقاڵییەکی زۆر کەوتمـە گـەڕان و سـۆراخکردن و بـەدوای هـەر زانیارییەکدا گـەڕاوم هەتـا بتوانـم کتێبێکـی شـایانی خوێندنـەوە بخەمـە بەردەسـت بەهیـوام کارەکـە سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنابێ و شـایانی خویندنەوەبێـت و توانیبێتـم بەرچاو ڕونییەکی باشـم بە خوێنەران بەخشـیبێت. ماوەتـەوە بڵێـم کـە لـەم لێکۆلینەوەیـەدا گەرەکمـە هەمووڵایـەک بخەمـە بەردەمـی پرسـیارێک ئەویـش ئەوەیـە ئـەو ڕۆژنامەنوس و نوسـەروچالاکوانانەی کۆمەڵکـوژی بارزانییـەکان و ئەنفـال تێکـەڵ دەکـەن، دەپرسـم ئەگـەر ئەنفـال روی نەدایـە ئـەوان دەبـوو چ ناوێـک لـە تاوانـی کۆمەڵکـوژی بارزانییـەکان بنێـن ؟ ئایـا بەڕاسـت ئەگـەر کۆمەڵکـوژی بارزانییـەکان پێشـگری ئەنفالـی پێوەنەبێ هیـچ لـە قـەوارەی تاوانەکـە کـەم دەکاتـەوە ؟ بـە پێچەوانەشـەوە هـەر ڕاسـتە ئایـا ئەگـەر بەوتاوانـە بڵێیـن ئەنفـال هیـچ زیادەیـەک دەخاتـە سـەر تاوانـی کۆمەڵکـوژی بارزانییـەکان ؟ بێگومـان نەخێـر بۆیـە پێویسـتە هەمـوو ڕۆژنامەنـوس ونوسـەران ئـەو ڕاسـتیە بزانـن کـە کەمتریـن ڕێـژەی خەڵـک لەتاوانـی ئەنفـال بەرکەوتـن چونکـە ئـەوان پێـش ئەنفـال جینۆسـاید کرابـوون .

# پێشەکی

ئـەوەی لـە کوردسـتان لـە مـاوەی حکومـی بەعسـیەکان روویـدا، ڕەشـترین قۆناغـی مێـژووی نەتەوەیەکـە، بـەڵام ئـەوەی لـە ئەنفالـدا روویـدا، ترۆپکـی تاوانـە ڕێکخـراوە دژ بەمرۆڤایەتییـەکان بـوو، کەسنووڕێک نەمـا تێینەپەڕێنـێ، بـەڵام پۆلێنکردنـی پڕۆسـەی ئەنفـال، یەکێکـە لەئاسـتەنگییە گـەورەکان، کـە بتوانیـن هـەم لـە ڕووی یاسـایی و هـەم لـەڕووی زانسـتییەوە لێکدانـەوە بـۆ ئەو تاوانـە بکەیـن، هەندێکجـار لایەنـی سـۆزداری یـان یـادەوەری گشـتی تێکـەڵ بە دۆسـێکان و پڕۆسـەکە دەکرێـت، لەوانەیـە لـە سـاتەوەختێکی مێـژودا تاوانێکی دژ بەمرۆڤایەتـی و پاکتـاوی ڕەگـەزی روویـدا بێـت، بـەڵام مـەرج نییـە لـە نـاو پڕۆسـەی تاوانـی ئەنفالـدا جێگـەی ببێتـەوە، کـە قسـەکردن لەسـەر ئەنفـال دەبێـت لـەو چوارچێوەیـەدا بێـت کـە بەعـس لەسـاڵی ١٩٨٨ ئەنجامیـدا و هەمـوو قۆناغەکانـی ئەنفالـی دەستنیشـان کـرد، واتە ئەو پڕۆسە سـەربازییەی بەعـس نـاوی لێنـا ئەنفـال، ئـەو خەڵکـەی لەناوچەقەدەغەکراوەکانـدا گیـران و دواتـر بێسەروشـوێنکران دەچنـە ناوچوارچێـوەی ئەنفالـەوە، هەڵبـەت ئەنفـال بریتییـە لـە جینۆسـاید، هەمـوو پڕۆسـەکانی تـری جینۆسـاید، هەمـان پێـوەری نێودەوڵەتـی دەیانگرێتـەوە، بـەڵام ناچنـە نـاو چوارچێـوەی پڕۆسـەی ئەنفالـەوە.

هاوڕێـم عومـەر محەمـەد کـە بەشـێکی زۆری تەمەنـی بـۆ سـاغکردنەوەی ئـەم پۆلێنکاریـەو چیرۆکەکانـی ئەنفـال و تێگەیشـتن لە جینۆسـاید و پڕۆسـەی تاوانـە ڕێکخـراوەکان تەرخـان کـردووە، لـەو پڕۆژەیـەی هەیەتـی هەوڵیـداوە سـاغکردنەوەیەکی زانسـتی بـۆ هەندێـک لـەو چیرۆکانـە بـکات، کـە لەکاتـی

ئەنفالـدا روویـان داوە، بـەڵام ئەمجـارە لـەم لێکۆڵینـەوە نوێیـەدا، هـەوڵ دەدات بەشـێکی گرنـگ لـە پرۆسـەی پاکتـاوی ڕەگـەزی و نەتەوەیـی لـەدەرەوەی پرۆسـەی ئەنفالـدا سـاغ بکاتـەوە، ئەویـش جینۆسـایدکردنی بارزانییەکانـە، کـە حکومەتـی بەعـس بەشـێوەیەکی بەرنامـە بـۆ داڕێـژراو هەوڵـی قڕکردنـی ئـەم گروپـە کۆمەڵایەتییـە لـەڕووی نـەژادی و نەتەوەییـەوە دەدات، هەڵبەتـە وەک نوسـەری ئـەم کتێبـە جیـای کردووەتـەوە پاکتـاوی بارزانییەکانیـش هەرجینۆسـایدەو یەکێکـە لـە قێزەونتریـن تاوانەکانـی بەعـس، لـەرووی ڕەگـەزی تاوانـەوە هاوشـێوەی پرۆسـەی ئەنفـال و کیمیابارانـە، بـەڵام ئـەوەی عومـەر محەمـەد کاری لەسـەر دەکات جیـاوازی ئـەو مێژووەیـە کـە هـەردوو پرۆسـەکەی تێـدا رووداوە، واتـە پرۆسـەی جینۆسـایدکردنی بارزانییـەکان و قۆناغەکانـی ئەنفـال. ئـەوەی ئـەو جەختـی لەسـەر دەکاتـەوە گەورەیـی و بچوکـی تاوانەکـە نییـە بەڵکـو جیـاوازی تاوانەکانـە لـە دوو مێـژووی جیـاوازدا و هەردوکیشـیان جینۆسـایدن . کەئەمـەش ئیشـی ئەکادیمییەکانـە، کاتێـک ئەکادیمیـا لای ئێمـە بەوئەرکـەی خـۆی هەڵناسـێت، ناچـار دەبـێ تاکەکـەس ئـەوکارە ئەنجـام بـدات، کـە هەوڵـی تاکەکەسـیش لەبەرئـەوەی مەسـەلەی سـاغکردنەوەیە، زۆرجـار ناتوانێـت نیشـانە بەتەواوەتـی بپێکێـت، ئەمـە جگـە لـەوەی ئەکادیمیـای ئێمـە زۆر سسـتە لەسـاغکردنەوەی زۆرتاوانی تـر، هەروەها مێـژووی تاوانـەکان تاکـو ئێسـتا بەتەواوەتـی نەنووسـراونەتەوە، کـە نووسـەری ئـەم کتێبـە لەهەوڵەکانیـدا ئـەم پرۆسـەیەی بەهەنـدوە وەرگرتـووە و پێـش ئـەم لێکۆلینەوەیەشـی زۆرێـک لـە چیرۆکەکانـی ئەنفـال لەڕێگـەی ئەنفالسـتان و ئـەو کتێبانـەی سـاڵانە لـەم بارەیـەوە دەیانووسـێت، دیکۆمێنـت دەکات، ئـەو کارەی نووسـەر دەیـکات، دەبێـت دامەزراوەیەکـی گـەورە ئەنجامـی بـدات و

بگاتـه سـاغبوونەوە، لەسـەر جـۆری چیرۆکـەکان و پۆلێنکردنیـان.

ئـەم کتێبـە هەوڵێکـی تـری عومەرمحەمـەدە بـۆ ئـەوەی دوو پرۆسـەی تـاوان ئەنفالـی گوندەکانـی کوردسـتان و جینۆسـایدی بارزانییـەکان لە یەکتری جیـا بکەینـەوە، هەروەهـا ئەوەمـان پێدەڵێـت کاتـی ئـەوە هاتـوو بـە هەمـوو تاوانێـک نەوترێـت ئەنفـال بەڵکـو بەپێـی کات و شـوێن و قەبـارەی تاوانەکـە و قوربانییەکانـی پۆلێـن بکرێـن، ئەنفـال لەنـاو ئەدەبیاتـی ئێمـەدا بووەتـە زاراوەیـەک بـۆ زۆر تاوانـی تـر بـەکار دەهێنرێـت، وەک ئەنفالکردنـی ژنـان و ئەنفالکردنـی خوێنـدکاران و چەندەهـا نموونـەی تـر.. بـەڵام ئـەوەی گرنگـە لایەنـە ئەکادیمـی و ناوەندەکانـی ڕاگەیانـدن و دەزگا ڕۆشـنبیرییەکان نەکەونـە ژێـر کاریگـەری ئـەم ئاڕاسـتەیە لـە بیرکردنـەوە، بەڵکـو هـەر پرۆسـەیەک ناوی خـۆی لێبنرێـت، تاکـو بتوانیـن مێژوو بەشـێوەیەکی تەندرووسـت بنووسـینەوە، نووسـەر لـەم هەوڵەیـدا بـە پێـی ئـەو دیکۆمێنتانـەی لەبەردەسـتیدان و بەپێـی ئـەو مێژووانـەی تۆمـاری کـردوون، ئەوەمـان بـۆ ڕوون دەکاتـەوە، کـە پرۆسـەی جینۆسـایدکردنی بارزانییـەکان، بەشـێک نییـە لـە پرۆسـەی ئەنفـال، بەڵکـو پرۆسـەی جینۆسـایدکردنی بارزانییەکانیـش جینۆسـایدێکی تـرەو مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ چەندسـاڵێک پێشـتر لـە ئەنفـال، کەئەوکاتـە هێشـتا بەعس ئـەو زاراوەی وەک پرۆسـەی جینۆسـایدکردنی کـورد بـەکار نەهێنابـوو، هەروەهـا بیرمـە لەکاتـی خۆیـدا، یەکێـک لـەو وشـانەی کـە جێگـەی سـەرنجمان بـوو بـەدوای واتاکەیـدا دەگەڕایـن، ئەنفـال بـوو، ئـەم وشـەیە لەچییـەوە هاتـووە و بـۆ بەعس ئـەم وشـەیەی بەکارهێنـاوە ؟ ئەویـش لەسـاڵی ١٩٨٨دا بـوو، ببـووە بەشـێک لەگفتوگـۆی ئـەو کاتەمـان، بـەڵام پرۆسـەی لـە ناوبردنـی بارزانییـەکان بۆمێژوویەکـی بـەر لـەو پرۆسـەیە

دەگەڕێتەوە، کە عومەر محەمەد لەم توێژینەوەیدا هەوڵی ئەوە نادات قەبارەی تاوانی جینۆسایدکردنی بارزانییەکان بچوک بکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، دەیەوێت وەک پرۆسەیەکی تری جینۆساید (تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی کۆمەڵکوژی) لە قەڵەمی بدات و پێناسەی بکات، بەڵام ئەوەی گرنگە کۆمەڵکوژی بارزانییەکان لەناو پرۆسەی ئەنفالدا جێگە نەکەینەوە، ئەویش لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان ساغکردنەوەی مێژووی ئەنفال وەک پرۆسەیەکی پاکتاوکردن وەک تاوانێکی دژ بەمرۆڤایەتی، وەک تاوانی جەنگ وەک تاوانی کۆمەڵکوژی لەگەڵ کۆمەڵکوژی بارزانییەکان وەک تاوانێکی تری جینۆساید وەک ڕەفتارێکی تری قێزەونی گەورەی بەعس.

ئەم پۆلێنکردنە زۆر سوود بەپرۆسەی ناساندنی تاوانەکانیش دەگەیەنێ و هەروەها لەڕووی نەتەوەییەوە ئەوەمان لا دەسەلمێنێت، کە بەعس بەدرێژایی تەمەنی خۆی هەوڵی قەڵاچوکردنی کوردی داوە، هەرجارەی بەبیانوویەک، چەندین خاڵ لەم لێکۆڵینەوەی کاک عومەردا سەرنجی راکێشام، یەکێک لەوانە ئەوەیە خۆی لەپێناسە کۆمەڵناسیەکان دوورخستووەتەوە، تاکە نەکەوێتە هەڵەی میتۆدییەوە، کە ئەمەش بەسوودی لێکۆڵینەوەکە تەواو دەبێت، ئەوەی جەغتی لێکردووەتەوە، مەسەلەی جینۆسایدی بارزانییەکانە، لەگەڵ ئەوەی ئەم پرۆسەیە ناچێتە ناو چوارچێوەی تاوانێکی تری جینۆسایدەوە کە ئەنفالە، بەڵکو کۆمەڵکوژی بارزانییەکان بۆ خۆی تاوانێکی تری جینۆسایدە بەهەموو ڕەگەزەکانییەوە (تاوانی دژی مرۆڤایەتی و کۆمەڵکوژی و سرینەوەی شوناسی گروپێکی دیاریکراو) نوسەر پێماندەلێت کات و شوێن و شێوزای پرۆسەکە جیاوازترە

لـە پرۆسـەی ئەنفـال، هەرەوەهـا نوسـەر گرنگی تـەواوی بەمێـژووی لەناوبردنی ئـەم گروپـە کۆمەڵایەتییـە داوە، کەچـۆن هـەر لەسـەرەتای درووسـتبوونی دەوڵەتـی عێـراق و بەتایبەتـی دوای جەنگـی جیهانـی دووەم دەسـەڵاتەکانی ئـەم وڵاتـە چـۆن هەوڵـی پاکتاوکردنـی ئـەم گروپـە کۆمەڵایەتیـە کوردەیـان داوە، دوا بەهانـەی بەعـس بـۆ ئـەو تاوانـە گەورەیـە بـۆ ئـەو پرۆسـە قێزەونـە ئەوەیـە کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، هـاوکاری سوپای ئێرانـی کـردووە لەسـەرەتای جەنگـی عێـراق- ئێرانـدا کـە دواتـر هەشـت ساڵـی خایانـد، کـە ئـەم تاوانـە قێزەونـە هیـچ پاسـاوێک هەڵناگرێـت، کـە نووسـەر هەمـوو ئـەو قۆناغانـەی جینۆسـایدی بارزانییەکانـی تێـدا روویـداوە باسـکردووە و بەپێـی مێـژووی رووداوەکان پۆلێنـی کـردوون، بەپێـی لێکدانـەوەی نووسـەر کاتێـک جینۆسـایدی بارزانییـەکان دەخەینـە نـاو پرۆسـەی ئەنفالـەوە زیانێکـی گـەورە بـە قۆناغێـک لـە جینۆسـایدکردنی کـورد دەگەیەنیـن، بەشـێک لـەو تاوانـە دەخەینـە نـاو تاوانێکـی تـرەوەو لەنـاو ئەویتـردا ونـی دەکەیـن، کەئەمـەش وادەکات لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی لەبـری دوو تـاوان بەیـەک تـاوان ناودێـر دەکرێـت، بەمـەش بەڵگەیەکـی گـەورە لەسـەر تاوانـە قێزەونەکانـی بەعـس لەنـاو دەبەیـن.

ئـەم کتێبـەی عومـەر محەمـەد هەوڵدانێکـی بوێرانەیـە لـەم بـوارەدا، هیـوادارم ناوەنـدە ئەکادیمییـەکان بەشـێوەیەکی زانسـتی و لەسـەر پێـوەرە نێودەوڵەتییـەکان هەمـوو جینۆسـایدەکانی کـورد پۆلێـن بکـەن ولێکدانـەوەی بـۆ بکـەن و لەوکارەشـدا پشـت بـە شـارەزایی کەسـانی وەک نووسـەری ئـەم کتێبـە ببەسـتن، کەلـەڕووی مەیدانییـەوە یەکێکـە لەکەسـە چالاکەکانـی کۆکردنـەوە و بەدیکۆمێنـت کردنـی چیرۆکەکانـی تاوانـی ئەنفـال تاوانەکانـی

تـری جینۆسـاید، ئەگـەر عومـەر محەمـەد نەبوایـە لەوانـە بـوو بەشـێک لـە چیرۆکـەکان ئێسـتا بفەوتانایـە و لەگـەڵ خاوەنەکانـی بچوونایەتـە ژێـر گڵـەوە، هیـوادرام نووسـەر لەسـەر کارەکـەی بـەردەوام بێت وچاوەڕێـی کاری گەورەتری لێدەکرێـت، هەروەهـا هیـوادارم لایەنـە پەیوەندیـدارەکان ئاوڕێـک لـەم جـۆرە هەوڵانـە بدەنـەوە و دامەزراوەیەکـی تایبـەت بەئەنفالناسـی درووسـت بکـەن، تاکـو چیرۆکـەکان و دیکۆمێنتـەکان لەوێـدا سـاغبکرێنەوە.

ئاوات محەمەد

١٨ی ئازاری ٢٠١٤ سلێمانی

# ترس و گومان

کاتێـک بـاس لـە عێراقێکـی بـە هێـز دەکـەن ترسـێکی گـەورە بەرۆکـم دەگرێـت ئەمـەش هـەروا لەخۆڕانییـە، بەڵکـو گەرانەوەیـە بـۆ رابـوردوو چونکـە هێشـتا دەوڵەتێـک دەبینـم هێنـدەی گرنگـی بـە سوپاوماشـێنی سـەرکوتکردن دەدا هێنـدە گرنگـی بـە فاکتەرەکانـی ئاسـودەیی و سـەلامەتی ژیانـی هاوڵاتیان نـادات، هەمـوو کوردێـک مافـی خۆیەتـی وەک مـن بەچـاوی گومـان و ترسـەوە لـە دەوڵەتـی عێـراق بروانـێ هەمـوو ئـەو قوربانیانـەی کـە ڕاسـتەوخۆ بـەر جـەلاد کەوتـوون و دووچـاری تاوانـی کۆمەڵکـوژی بوونـەوە لـە دەوڵەتـی عێـراق بترسـن، دڵنیـام لـەوەی قوربانیانـی دەسـتی رژێـم سـەد هێنـدەی مـن لـە بـە هێزبوونـەوەی دەوڵەتـی عێـراق دەترسـن، چونکـە سـتەمکاری لـە عێراقـدا بـە تایبەتـی سـتەمکاری سیسـتماتک لەلایـەن دەوڵەتـەوە سـنووری هەمووتاوانێکـی ئاسـایی بەزانـدووە، شـایەتحاڵەکانی ئەشـکەنجەی ناوزیندانـەکان، دڵڕەقـی و تونـد ڕەفتـاری ئەفسـەرو جەنگاوەرەکانـی سـوپاو دەزگاکانـی دەوڵـەت لـە ڕابوردومانـدا هێنـدەی ئابڕوبەربـوون هێنـدە شـایانی شـانازی پێوەکـردن نیـن . کاتێـک بـاس لـە بەهێزکردنـی سـوپای عێـراق و کرینـی کەرەسـەو فڕۆکـەی جەنگـی دەکرێـت مـن تـەواو ترسـم لێدەنیشـێت، چونکـە یادەوەریـی ئێمـە لەگـەڵ ئەفسـەران و سـەربازانی سـوپای بەهێـزی بەنـاو نیشـتمانی هەمـووی هـەر تراژیدیابـووە، بۆیـە هەمیشـە وای دەبینـم دەسـەڵاتدارانی دەوڵـەت بـە نیازنیـن ژیانێکـی شایسـتەی ڕێـزو شـکۆ بـۆ هاوڵاتییـان دابیـن بکـەن بـە پێچەوانـەوە بـە نیـازن جارێکـی تـر ئـەم جیهانـە بـەرەو وێرانـکاری و کوشـتاری بەکۆمـەڵ و لـە نابـردن بەرنـەوە،

ئـەوە ترسـێکی بێبنەمـا نییـە، تەنانـەت خەیالێکـی ناواقعیـش نییـە، بەڵکـو ترسـە لـە دووبـارە بوونـەوەی چەنـد پرۆسـەیەکی تـری کۆمەڵکـوژی کـە لەرابوردوماندا ئەزمـون کـراوەو هەتـا ئێسـتاش قوربانییەکانـی لـە بیابانەکانـی خـواروی عێـراق پەیکـەرە ئێسـکیان تێکـەڵ بەلـم بـووە، چ ئەوانـەی لـە کۆمەڵکـوژی فەیلیـەکان و بارزانییـەکان یـان لـە تاوانـی ئەنفـال بەجێمـاون، هیـچ شـەرم لـەو ترسـە ناکـەم بێ دودڵـی دەڵێـم : واهەست دەکـەم هێشـتا ئەومەترسـیە لـە پێشـمانەوەیە. نـەک رابوردوویەکـی خوێنـاوی ئێمەبێ و بێ خـەم بڵێیـن رۆژگاری دکتاتۆریـەت وجەلادەکانـی گوزەشـت .

وا هەسـت دەکـەم دەسـەڵاتدارانی عێـراق هێشـتا خەونـی وێرانکارییـان هەیـە و وای دەبینـم عێـراق دەوڵەتێکـە هیـچ شـەرم لـە ڕابـردووی خـۆی نـاکات و نایـەوێ پەنـدو عیبرەتـی لێوەربگرێـت. وادیـارە هێشـتا خەیاڵـی لای کوشـتن و سـەرکوتکردن وڕشـتنی خوێنـی زیاتـرە. بەڵگـەش بـۆ ئـەم قسـانەم ئەوەیـە هێشـتا دەسـەڵاتدارانی دەوڵـەت لـە عێراقـی دوای سـەدام حوسـێندا نایانـەوێ داوای لێبـوردن لـە گەلـی کـوردو ئـەو پیکهاتانـەی تـر بکـەن، نایانـەوێ داوای لێبـوردن لـە هەمـوو ئـەو قوربانیانـە بکـەن کـە ئێسـتا گـۆرە بـە کۆمەڵەکانـی عێراقیـان پێکهێنـاوەو کەسـوکارەکانیان سـاڵانێکی زۆر لەچاوەروانیانـدا بـوون و دواتریـش بـە خـەم وخەفەتیانـەوە مـردن یاخـود پیروکەنەفـت بـوون.

## ڕۆڵــی لــە تەنینــەوەی زانیــاری هەڵــەو تێنەگەیشــتن لــە ڕەگەزەکانــی تاوانــی نێودەوڵەتــی.

هەڵبەتــە ئێمــەی کــورد هەموومــان کارەکتەرێکــی نــاو پرۆســەی کۆمەڵکوژیەکانــی ســەدەی رابوردویــن، بــەڵام هەریەکەمــان بەجۆرێــک، ئەمڕۆ چ لــە هەرێمــی کوردســتان و چ لــە عێراقــدا هەمووەمــان پاڵەوانــی چیرۆکێکیــن یــان کارەکتــەری سەرشــانۆی خوێنــاوی کۆمەڵکوژییەکانــی کوردیــن، جــا جەلادیــن یــان قوربانــی لــە باشــترین حاڵەتــدا تەماشــاکارێکی بێدەنــگ و بێدەســەڵاتی شــانۆی روداوەکان بویــن . بــەڵام ئەوانــەی تەنهــا تەماشــاچی بــوون ناتوانــن ببنــە ئــەو قوربانییــەی ڕاســتەوخۆ بووەتــە نێچیــر و ئــازاری بەدەســتی جــەلاد چەشــتووە.

بۆیــە ئــەوەی بۆخــۆی قوربانــی نەبووبــێ ناتوانێــت ئــەو ئازەرکێشــە بێت کە قوربانــی دەیکێشــێت. کاتێــک قســە لەســەر ڕۆڵــی میدیــاو ئەرکــە گرنگەکــەی و کاریگەریــی میدیــا دەکەیــن لــە مەرئازارەکانــی قوربانــی یــان قســە لــە رۆڵێکــی تــری میدیــا وبەرچاوڕونــی کۆمەڵگــەدا دەکەیــن دەبێــت لەبەرایــدا بتوانیــن دیــوە بــاش و خراپەکەشــی ببینیــن، بــەلای کەمــەوە میدیــا ئەگــەر هــاوکاری قوربانــی نەبــێ باشــترە چەواشــەی نــەکات. لەبــری ئــەو نەبێتــە حیکایەتخــوان و چیرۆکــە تراژیدیەکــەی نەشــێوێنێ. ئــەوەی بــۆ کــورد گرنگــە میدیــاکار وێنــەی حاڵەتــەکان بخاتــە بەردیــدە بەزمانێــک بــدوێ و بنوســێ کــە ڕاســتگۆیانە نــرخ باتــە ژیــان و ڕێــزی مــردووەکان فەرامــۆش نــەکات، ئەگەرنــا

لـێ گـەرێ و بەکارێکـی تـرەوە خەریـک بێـت زۆرباشـترە . چونکـە زمانـی قسـەکردن و نوسـین لەتوانایدایـە ئاسـتی ژیـان بەرزبکاتـەوە و نرخـی بداتـێ لێـرەدا قسـەی مـن لەگـەڵ هەڵسـەنگاندنو تاوتوێکردنـی پێگـەو کاریگەریـی میدیـا نییـە بەرانبـەر دەسـەڵاتەکانی تـر، ڕۆڵـی میدیـاش نییـە لـە بەرامبـەر بـە سـێ دەسـەلاتی تـردا، ئەوەنـدەی قسـەم لەسـەر ئەوەیـە کەمیدیـا دەتوانـێ پرسـیار ورووژێنەربێـت بـەڵام ناشـێت ببێتـە فاکتـەری چەسـپاندنی ناڕاسـتیەک لـە زەینـی بینـەرو بیسـەردا ناشـێت مێـژووی ڕوداوەکانـی سـاڵی ١٩٨٣ و ١٩٨٨ مـان وەک وێنەیەکـی چەواشـەکراو بەسـەردا سـاغ بکاتـەوە ئەفسـوس تارادەیەکـی زۆر لـەو بارەیـەوە کورتـی هێنـاوە بۆیـە دەمەوێـت ئـەوە سـاغ بکەمـەوە کـە میدیـا چۆن و چەنـدە کەمتەرخـەم بـووە بەتایبەتیـش بەرامبـەر بـە دۆسـێیەک کـە لـە رابـوردودا وێرانـی کردویـن و لەداهاتـوودا چارەنوسـمانی پێوەبەنـدە کەچـی بـەو حاڵەشـەوە میدیـاکار نەبووەتـە زمانحاڵـی قوربانـی و هـاوکار نەبـووە لـە بنیاتنانـەوەی .

# جەختكردنەوەو دووبارەكردنەوە

چەسپاندنی هەڵـەی سیاسـیەكان بەشـێكی زۆری پەیوەنـدی بـە میدیـاوە هەیـە كاتێـک سیاسـەتمەدارێک جـا بـە مەبەسـتبێت یـان لـە بێئاگاییەوەبێـت مێــژووی كۆمەڵكوژیەكــی تــری كــورد لەنــاو تاوانــی ئەنفالــدا ونــدەكات ( بۆنموونـە كۆمەڵكـوژی بارزانییـەكان وئەنفـال) بەیـەک تـاوان پێناسـە دەكات بەشـێكی پەیوەنـدی بـە زمانــی دەربرینــی سیاســەتمەدارو ســەركردایەتی كـوردەوە هەیـە، بـەڵام بەشێكێشـی پەیوەندیـدارە بە بێئـاگای و كەمی زانیاری دەزگاكانـی میدیـاو میدیـاكارەوە هەیـە، كاتێـک دەبینیـن سـەرۆكی هەرێـم و سـەرۆكی حكومـەت و سـەرۆكی پارلەمـان هەمـان شـت دەڵێنـەوە لەهەمـوو یـادو بۆنەیەكـدا جەختـی لەسـەردەكەنەوە و دووبـارەی دەكەنـەوە، ئیـدی ئـەو بیرولیكدانەوەیـە لەڕێـگای میدیـاوە دەرواتـە ناوخەڵكـەوەو دەتەنێتـەوە بـۆ ناوجەمـاوەر و لەوێـوە بـۆ دنیـای دەرەوەی خۆمـان .

بـەم هـەژاری زمانـەوە كاتێـک بەخۆمـان دەزانیـن كەرەسـتەیەكی گرنگـی خۆمانمـان لەدەسـتداوە كـە دەشـێت بـۆ بنیاتنانـەوەی ئاینـدە پێویسـتمان بێـت . كاتێـک سـەركردایەتی سیاسـی بـەردەوام كۆمەڵكـوژی بارزانییـەكان بـە ئەنفـال ناودەبـات بـە هیواشـی ئـەو هەڵەیـە وەک ڕاسـتیەک دەخاتـە نـاو دڵ ودەروونـی جەمـاوەرەوەو ئیـدی جەماوەریـش هوشـیاری ئەوە لە دەسـت دەدات كـە تاوانـەكان وەک خـۆی ببینـێ. هـەروەک لەدواتـردا باسـی لێوەدەكەیـن كـە نـەک هـەر خەڵـک بەڵكـو چـۆن دەزگاكانـی ڕاگەیاندنیـش ڕۆژنامـە پڕفرۆشـەكانیش قسـەی سیاسـیەكانیان لێبووەتە ڕاسـتی و بەجەختكردنەوەوە دەنوسـن ( شـایانی باسـە ٨٠٠٠ هەشـت هـەزار پیـاوی بارزانـی لـە قۆناغـی

هەشـــتەمی بادینانــدا کۆمەڵکوژکــران !!) ئەوەهەڵــەی میدیانییــە بەتەنهــا بەڵکـو هــەژاری زمــان و لاموبالاتیشــە بـۆ ژیانــی داهاتــوو، ئــەوە پیاوانــی بانگهێشـتکراوی دەوڵەتـن کـە لـەو یـادو بۆنانـەدا لەبـەردەم مایک و کامێـرای میدیاکانـدا بـێ پەیڕەوکردنـی بەرپرسـیارێتی مێژوویـی بـێ ئـاگادار بـوون لـە وردەکاریـەکان قسـەکانیان فڕێـدەدەن بۆیـە ئـەوان بەرپرسـیارن لـەوەی کـە ئـەو جەختکردنەوەیـە کاریگـەری خـراپ دادەنـێ و وردە وردە دەتەنێتـەوەو دەبێتـە تێگەیشـتن و بۆچونـی گشـتی جەمـاوەر . هـەروەک لـەم کتێبـەدا دەبینیـن سـەرۆکی پەرلەمـان و سـەرۆکی حکومـەت چـۆن بەبـێ وردەکاری و لێکجیاکردنـەوەی تاوانـەکان و مێـژووی ڕودانیـان هەمـوو کارتـەکان تێکـەڵ بەیەکتـری دەکـەن (گومـان لەوەدانییـە کـە کاریگـەری ئەمانـە زۆر هیـواش و لەسـەرخۆیە بـەڵام هەمیشـەییە)[1] پڕۆسـەی پاکتاوکـردن جـا ڕەگـەزی یـان ئاینـی یـان نەتەوەیـی بێـت هـەر تاوانـی جینۆسـایدە ئیـدی ئـەو پڕۆسـەیە لـە ئەنفالـدا ئەنجامدرابێـت یـان پێـش ئەنفـال هیـچ لـە دەرئەنجامەکـەی ناگـۆڕێ، ئەفسـوس هەندێـک کـەس هەرگیـز ئـەوە لەبەرچاوناگـرن کـە کـورد لەباشـور تەنهـا لــە ئەنفالــدا جینۆسـاید نەکـراوە بەڵکـو پێـش سـاڵی ١٩٨٨ یـش چەنـد جارێکـی تـر بـەر پەلامـاری جینۆسـاید کەوتـووە، بـەڵای کەمـەوە چەکـی قەدەغەکـراوی لـەدژ بـەکار هاتـووە، مەبەسـتەکەم کورتتـر دەکەمـەوە دەڵێـم خەڵکـی کوردسـتان لـە باشـور پێـش ئەنفالکردنیشـی سـێجاری تـر بەرپەلامـاری کۆمەڵکـوژی کەوتـووە هەرسـێک جارەکـەش بـەڵای کەمـەوە مـاوەی چەنـد سـاڵێک پێـش ئەنفـال بـوون جارێـک لـە کۆتایـی حەفتـاکان و سـەرەتای هەشـتاکانی سـەدەی رابـورد کـە کۆمەڵکـوژی فەیلیـەکان بـوو

١. سایکۆلۆژیای جەماوەر گۆستاف لۆبۆن — وەرگێرانی ئارام جەمال-٢٠٠٦ ل ١٩٥

جارێکـی تـر لەسـەرەتاکانی هەشـتا و بەدیاریکـراوی لەسـاڵی ١٩٨٣ بـووە جارێکیـش وەک پاکتـاوی رەگـەزی بەشـێوەیەکی گشـتگیر هەرسێکیشـیان بـە یاسـاو لـە داداگا بەجینۆسـاید یەکلایـی کراونەتـەوە[٢] ئیـدی مـن لـەو جەختکردنـەوەو دووبارەکردنەوەیـە تێناگـەم کـە بۆچـی جینۆسـایدی بارزانییـەکان بـە ئەنفـال ناودەبـرێ ؟ لەکاتێکـدا ئـەو گروپـە لـە کـوردەکان لـە سـاڵی ١٩٨٣ ئەنفالنەکـراون. ئـەوەی بەڕاسـتی لـەم بارەیـەوە عەیبـدارە بێدیقەتـی و بێباکـی یـە باشـە ئەگـەر ئیمـکان بـوو دۆسـێی بارزانییـەکان تێکـەڵ بەیـەک بکرێـت بۆچـی لـە دادگای بـاڵای تاوانـەکان دۆسـێکان لێـک جیـاوازن ؟ ئـەوە پرسـیارێکە وەڵامەکـەی ڕون و ئاشـکرایە کـە دۆسـێی بارزانییـەکان و دۆسـێی ئەنفـال لێـک جیـاوازن .

بەداخـەوە میدیا ڕۆڵێکـی ئیجابی لە پیشـاندانی وێنەکانی جینۆسـایدکردنی گەلـی کـورد نەبینـی . لـە بـری دۆسـێیەک کۆمەڵـە تاوانێـک کـە ئەمـڕۆ بـە تاوانـی جینۆسـاید یەکلایـی کراونەتـەوەو هەیانـە نـاوی تاوانـی سـەدەی لێنـراوە کەچـی لـە سـاتەوەختەکانی ڕودانیـدا میدیـا و دەزگا گرنگەکانـی جیهـان لێـی بێدەنـگ بـوون، یـان بەجـۆرە چەواشـەکارییەکەوە باسـیان لێوەکـردووە، بەتایبەتیـش ئەوکاتانـەی کـە کـورد بەدەسـت ڕژێمێکـی سـتەمکارو بێدەنگـی دنیـا خـراپ گیـری خواردبـوو، بـەلای کەمـەوە وەکـو ئێسـتا دەرگاو پەنجەرەکانـی دنیـاو میدیـای جیهانـی بـەرودا نەکرابـووەوە، کەچـی عەجایـب ئەمڕۆ میدیـای کـوردی هێنـدەی ئـەو میدیـا کەمتەرخەمـەی جیهـان لەسـەر ئـەو تاوانانـە و کاریگەرییەکانـی کاری نەکـردووە! سـەرنج بدەن

---

٢. دۆسـیەی پاکتـاوی رەگـەزی، کۆمەڵکـوژی فەیلیـەکان، کۆمەڵکـوژی بارزانیـەکان سـێ دۆسـێی سـەلماوون لـە دادگای بـاڵای تاوانـەکان

دەبینین لەناو میدیای کوردییەوە باس لەکەم تەرخەمی و بێهەڵوێستی میدیای جیهانی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکرێت بێئەوەی ئاوڕێک لەخودی خۆی و ڕێکخراوەکانی وڵاتی خۆی بداتەوە و بزانێ بۆخۆی چی بۆ دۆزی نەتەوەکەی بەتایبەتیش لە تاوانە جینۆسایدیەکاندا چی کردووە ..؟

تەواو مایەی سەرسوڕمانە لە کاتێکدا دۆسێکان بۆخۆیان لێک جیاوازن، کەچی میدیا تێکەڵیان دەکات ! ئەم کتێبە بەشێکی زۆری لەسەر کەمتەرخەمی میدیایە کەمتەرخەمییەک کە تەواومەترسیدارە لە ناوەرۆکدا دەستدەخەمە سەر بێباکی و نەبوونی هوشیاری میدیاکاری کورد. دەبینین چۆن وەرەقەکان و دۆسێکان تێکەڵ دەکات و چۆن بێبەها تەماشای کات و شوێنی روداو قەوارەی زیانە مرۆییەکانی نەتەوەو مافی هاوڵاتی دەکات ؟ دەبینین چۆن قوربانییەکان و ڕەگەزەکانی کۆمەڵکوژییەک دەپێچێتە ناوکۆمەڵکوژییەکی ترەوەو جەلادو قوربانییەکانی تێکەڵ بەیەکتری دەکات، ڕاستە جەلاد هەرجەلادەو تاوان هەر تاوانە بەڵام قەرەبووکردنەوەی قوربانی لە ساتەوەختی ڕەخساوی خۆیدا هەرقەرەبووکردنەوە نییە بەڵکو شێوەی قەرەبووکردنەوەشە. ئەمە تەواو ئەرکی میدیاو میدیا کارە ئەی ئەگەر ئەوە نەکات چی تر بەئەرکی خۆی دەزانێ ؟!

بێگومان لە هەرێمی کوردستان هەر پێنج دەسەڵاتەکە (یاسادانان، ڕاپەڕاندن، دادوەریی) ڕێکخراوەمەدەنییەکان[٣] کە بەدەسەڵاتی پێنجەم و میدیاش کە بە دەسەڵاتی چوارەم ناودەبرێ بەرامبەر بە دۆسێی

---

٣. مەبەستم لەڕێکخراوە مەدەنیەکان زیاتر ڕێکخراوەکانی تایبەت بە دۆسێی ئەنفال و جینۆسایدە بەداخەوە ئەوانیش هەمان تێروانین و دنیابینیان هەیە ئەوانیش دۆسێکان تێکەڵ دەکەن و بەهەمان شێوە هەڵە دەکەن بۆ بینینی هەڵەی ڕێکخراوەکان بڕواننە گۆڤارو پەیج و ماڵپەرەکانیان بەتایبەتیش (ماڵپەڕی کوردۆساید، چواردەی چوار، نوگرەسەلمان، ڤەژین، دەنگی ئەنفال، برین، دیمەن).

جینۆسایدکردنی نەتەوەکەیان زۆر کەمتەرخەم و بێباک بوون، ڕاپۆرتەکانی میدیای کوردی لێوان لێوە لە هەڵەی زەق و زانیاری هەڵەوبێ ئاگایی لە وردەکارییەکان هەڵبەت نابیت ئەم قسەیە وا لێکبدرێتەوە کە ئەو دەسەڵاتانەی باسیان لێوەکرا هیچیان نەکردووە، بێگومان کردوویانە بەڵام هەم پڕلەکەم و کورِی بووەو هەم هەندێکجار نەکردنیان باشتر دەبوو لەو شێوەکارکردنەی کە زەرەری لە خودی دۆسێکەداوە ..!

لێرەدا ڕووی قسە ڕاستەوخۆ لەمیدیایە نەک سێ دەسەڵاتەکەی تر، چونکە تەوەری قسەکە لەسەر ئەوان نییە. هەردەزگاو کەناڵ و ناوەندێکی میدیایی بخوازێ دەتوانێ کاری زۆرگرنگ لەمەر هەردۆسێیەک بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت بە پسپۆری و پرۆفیشناڵی کارەکانی ئەنجامبدات پێویستە چاودێرێکی تەندروست و سەرکەوتووبێتو بەرپرسیارانە ڕۆڵی میدیایی خۆی ببینێ بەلای کەمەوە بۆئەوەی کاریگەری هەببێت لەسەر کۆی کۆمەڵگاو کایەکانی تری دەسەڵات.

ئەگەربمانەوێت لە ڕۆڵی میدیای کوردی دەربارەی دۆسێی جینۆساید تێبگەین بۆ ئەوەی بزانین تا چ رادەیەک رەچاوی رەهەندەکانی تاوانەکەو ڕەگەزەکانی تاوانەکەو کاریگەریەکانی بەسەرکۆمەلگای کوردیەوەو خاڵە گرنگەکانی دۆسێکەو لاوازیەکانی کورد " وەک ڕەگەزی جینۆسایدکراو)، بەعس ناسی و کۆمەڵناسی، بە شێوەیەکی جدی و بەرپرسیارانە کاری کردوە، چەندە دووچاری گرفتی یاسایی و هەڵەی یاسایی و تەکنیکی بووەتەوە، بەداخەوە کاتێ دەبینم میدیای کوردی بەو ئاستە نزمەوە خۆی لەقەرەی تاوانێکی گەورەو راڤەکردنی کۆمەڵکوژییەک دەدات

سـەرباری ئـەو ڕێـزەش کـە هەمـە بۆیـان بـەڵام تائاسـتی مـەرگ نائومیـد دەبـم..! مـن دڵنیـام کـەس بەمەبەسـت و بـۆ چەواشـەکردن کاری نەکـردووە بـەڵام بەداخـەوە وادەردەکـەوێ کـە هەوڵـەکان کورتیـان هێنـاوەو لەپشـت ئـەو کەناڵانـەوە یـان ئـەو میدیاکارانـەوە ڕاوێـژکارو شـارەزا ئامادەییـان نەبـووەو بەبـێ باکـی چاویـان لـەو هەمـوو هەڵانـەش پۆشـیوە، ئەوەنـدەی خەریکـی دۆسـێی جینۆسـایدم بەتایبەتیـش یەکێـک لـەو دۆسـێیانە (ئەنفـال) بەهۆیـەوە ئاشـنای زۆر کـەس و دۆسـێی جینۆسـایدی گەلانـی تربـووم هیـچ کـەس و لایەنێکـم نەدیـوە بـە ئەنـدازەی کـورد لەبەرامبـەر وەهـا دۆسـێیەکی گرنـگ خەمسـاردو بێبـاک بێـت!! ئـەم بێباکـی و خەمساردیە لەپـای چـی ؟ ئەوەیـان ڕەنگـە زۆر هەڵبگرێـت . میدیـا لـەم نێـوەدا دەیتوانـی لـەدوای ڕاپەرینی سـاڵی ١٩٩١ وە ڕۆڵـی گرنـگ بگێـڕێ؟ حکومەتـی هەرێـم دەیتوانـی هەزارجـار زیاتـر بـکات لـەوەی کـە هەتـا ئێسـتا کردوویەتـی، هەڵبـەت ئێسـتاش نەچـووە بچـێ دەتوانـن ئـەو ڕۆڵـی بەرپرسـیارێتیە ببینـن، میدیـا هێشـتا بـواری گـەورەی لەبەردەمدایـە بەمەرجێـک ڕێـز و خەسـلەتی پیشـەگەرییانەی خـۆی لـەکاری میدیاییـدا لەبەرچاوبگـرێ.

بەپێچەوانەشـەوە ئەگەربێتـو بەرپرسـیارێتیی پیشـەیی خـۆی هەڵنەگـرێ هـەر بـەودەردە دەچـێ کـە هەتـا ئێسـتا چـووە، هیـچ باکـی نییـە لـەوەی زانیـاری هەڵـە بڵاوبکاتـەوە وەک ئـەوەی وا تێگەیشـتبێت کـە ٨٠٠٠ هـەزار پیـاوی بارزانـی لـە قۆناغـی هەشـتەمی ئەنفالـی ناوچـەی بادینـان گیـراون و کۆمەڵکوژکـراون نـەک پێنـج سـاڵ پێـش تاوانـی ئەنفـال !.

بـۆ ئـەوەی میدیـا لەمەردۆسـێی کۆمەڵکـوژی و چیرۆکـی قوربانییەکانـی

ڕەچـاوی بەرپرســیارێتیی بـکات دەبێـت پابەندبێـت بەکـۆی ئەوخـاڵو ئەرکانــەوە کــە لــە" تیــۆری بەرپرســیارێتیی کۆمەڵایەتیــی" دا ئاماژەیــان پێکـراوە، ئـەوە سـەرباری پابەندبونـی میدیـاو میدیـاکار بەبنەماکانـی ئێتیکـی ڕۆژنامەنوسـییەوە، هەروەهـا دورخســتنەوەی ناوەنـدی میدیایـی لەهــەر هەوڵێـک کـە بـەم یـان بـەو شـێوەیە بیخاتـە ژێـر کاریگـەری خۆیـەوە بـۆ نموونـە هەڵگـری "ئەجێندا"یەکـی حزبـی یـان سیاسـیی دیاریکـراو بێـت و لەبــری ســەربەخۆیی کۆنترۆڵکراوبــێ.

وەهـا میدیایـەک کـە بـەردەوام هەڵــەکان دووبـارە بکاتــەوەو جەخـت بکاتــەوە ئــەوا هێــواش هێــواش مێــژووی ڕوداوێــک یــان تاوانێــک بــە چەواشـەکراوی دەخاتـە بیروزەینـی جەماوەرەکەیـەوە وەهـا هەڵەیـەک لەمـەر تاوانـی جینۆسـاید نـەک خزمـەت بەبنیاتنانـەوەی میللەتێکـی جینۆسـایدکراو نـاکات بەڵکـو تێگەیشـتن لەخـودی تاوانەکـەش دەشـێوێنێ و تاکـی کۆمەڵگـەو تێگەیشــتنی دنیــای دەرەوەش چەواشــەو ســەرکوێر دەکات ئــەم کتێبــە هەڵوەســتەکردنە لەســەر ئــەو هەمــوو هەڵــەو بەدحاڵــی بونانــەی میدیــاو میدیـاکاری کـوردی کـە بەداخــەوە نــەک هــۆکار نەبـوو بـۆ کەمکردنــەوەو نەهێشـتنیان بەڵکـو بۆخـۆی بووەتـە بەشـێک لـە هەڵـەو بەدحاڵـی بوونەکـەو زەمینەسـازکردنی ئـەو خەوشـەی هێشـتا بـە شـێوەیەکی ترسـناک بەردەوامـە .

## بەشی یەکەم

- بارزانییەکان.
- ڕاگواستن، سەرەتای مەینەتی بارزانییەکان.
- هۆکاری سەرەکی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان.
- قۆناغەکانی پەلاماردان.
- بارزانییەکان بەئەنفال ناوبەرین یاخود بەجینۆساید؟

# بارزانییەکان

بەداخــەوە لێـرەدا بـواری ئـەوەم نەبـوو لـەڕەگ و ریشـەی بارزانییـەکان بکۆڵـمـەوەو وەکـو پێویسـت لـەم لێکۆلینەوەیەدا ئەولایەنەیان بەسـەر بکەمەوە، بۆیـە گەرەکـم نییـە لـە بنەچـەو ڕەگ و ڕیشـەی بارزانیـان و سـەرچاوەی ناوەکەیـان، یاخـود سـەرچاوەی ووشـەی بـارزان بکۆڵـمـەوە ئەوەنـدە نەبێ بۆ ئـەم لێکۆلینەوەیـە کەمێـک زانیـاری بخەمـەڕو بۆئـەوەی خوێنـەر لێـی ڕوون بێـت باسـی کام عەشـیرەت لـە کوردەکانـی باشـور دەکەیـن.

نامــەوێ پێکهاتــەی عەشـیرەتی بـارزان تاوتــوێ بکـەم کـە کۆمەڵێـک لـق و پۆپـی لێبووەتـەوەو بۆخۆشـی لەبنەرەتـەوە لـە عەشـیرەتی زێبـار جیابووەتـەوە، دوای ئـەو جیابونەوەیـە ئێسـتا هەموویـان لەژێـر چەتـری بارزانیانـدا کۆبوونەوەتـەوە لەبەرئـەوەی وەهـا کارێـک هـەم پێویسـتی بـە پسـپۆری و هـەم بەکاتێکـی زۆر هەیـەو منیـش نـە پسـپۆری ئـەو بـوارەم و نـە ئـەو کاتـەم لەبەردەمدابـوو.

بـارزان نـاوی گوندێکـە لـە دامێنـی چیـای شـیرن بەهـۆی ڕۆڵـی شـێخەکانی بـارزان و تەریقەتـەوە تـەواوی گونـدو ناوچـەی مێرگەسـور و مـزوری بـالاو زێبـارو شـێروانی و مـزوری و دۆڵەمـەڕی و نـزاری و هەرکی و بـەرۆژی پێیانەوە پابەندبـوون و بوونـە مریـدو تۆبەکاریـان. ئیـدی نـاوی گونـدی بـارزان بـوو بـە پێناسـی عەشـیرەتێک[٤]. ئێسـتا بارزانییـەکان گروپێکـی نەتـەوەی کـوردی باشـوری کوردسـتانن، عەشـیرەتیکی گـەورەن (لـە بنەرەتـدا خۆیـان بە نەوەی شـێخ تاجەدینـی نەقشـبەندی خالیـدی دەزانـن، کـە لەناوچـەی بادینـان و

٤. پوختەیەک لەمێژوی کورد- مەلا خالید فەیزی ٢٠٠٤ چاپخانەی بژار- هەولێر — ل٢٤٣

زێبـاری زیاتـر بەناوبانگـن)[5] بـەر لـە شکسـتی سـاڵی ١٩٧٥ وئـاوارە بـوون و ڕاگواسـتنیان بـۆ ئۆردوگاکانـی خـواروی عێـراق، بەگشـتی چیانشـین بـوون و لـە زێـدی خۆیـان و (لـە گونـدە جیاوازەکانـی دۆڵـی بـارزان سـەر بـە قـەزای مێرگـە سـوری پارێـزگای هەولێـر دەژیـان کـە سـنووری ئـەو ناوچەیـە دریـژ دەبێتـەوە بۆ سـەر هەرسـێ سـنووری دەسـتکردی نێودەوڵەتی. لـە باکورییەوە چیاکانـی پێـرس و زێبـارو شـیرمان و لـە ڕۆژهەڵاتیشـیەوە چیاکانـی برادۆسـت و پیـران وکانـی ڕەش کێڵەشـین دەورەیـان داوە. ئـەوان جگەلـەوەی خاوەنـی بیروبـاوەڕی ئاینیـن و سـەربەتەریقەتی نەقشـبەندین، خاوەنـی بیروبـاوەری تایبەتـی خۆشـیانن لەبـارەی بیروبـاوەری بارزانییـەکان مەعـروف چیـاوک لەچاپـی دووهەمـی کتێبەکەیـدا (کارەسـاتی بارزانـی زوڵملێکراو کـە ئەبوبەکـر سـالح ئیسـماعیل وەری گیراوەتـە سـەر زمانـی کـوردی نوسـیوێتی (بەهـۆی خۆشەویسـتی زۆرو پابەنـدی ئـەوان بـە ئایـن و تەریقەتـەوە زۆر گوێرایەڵـی شـێخانی خۆیانـن، هەروەهـا شـێخەکانیش هەروەکـو خۆیـان و کـوڕی خۆیـان بەخۆشەویسـتی و هۆگریەکـی لەڕادەبـەدەرەوە مامەڵەیـان لەتەکـدا دەکـەن، هـە ربۆیـە ئەگـەر شـێخ فەرمانـی بەکەسـێکدا بچێـت لەچیـاوە خـۆی هەڵبداتـە ناوشـیوێکی قوڵـەوە ئـەوا ئـەو کەسـە بێئـەوەی پرسـیار لـە هۆیەکانـی ئـەم کارە بـکات ئـەوا دەسـت بەجـێ ئـەو کارە دەکات)[6]

هـەروەک لـە پێگەیەکـی تایبـەت بـە مێـژووی بارزانییەکانـدا نوسـراوە بارزانییـەکان سروشـتی تایبەتـی و بیروبـاوەڕی خۆیـان هەیـە (بەبـێ تاووتـوێ

٥. بڕوانـە کارەسـاتی بارزانیانـی زوڵملێکـراو- مەعـروف چیـاووک وەرگێڕانـی ئەبوبەکـر سـاڵح ئیسـماعیل- چاپـی دووەم- ٢٠٠٩ چاپخانـەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری هەولێـر- ل ٥٧

٦. بڕوانـە کارەسـاتی بارزانیانـی زوڵملێکـراو- مەعـروف چیـاووک وەرگێڕانـی ئەبوبەکـر سـاڵح ئیسـماعیل- چاپـی دووەم- ٢٠٠٩ چاپخانـەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری هەولێـر- ل ٥٧

کردنــی بیروباوەڕیــان کــەس ناتوانــێ مێژویــان شــیبکاتەوە وســەرودەر لــە سرووشــت و ڕەفتاریــان بــکات). بۆیــە دانــی پێدادەنێــم کــە وەهاکارێــک بۆمــن گەلێــک گــران وکاتێکــی زۆرم پێویســت دەبــوو، بەتایبەتیــش کــە دەزگای ڕۆشــنبیری جەمــال عیرفــان پەلەیــان لێدەکــردم بــۆ تەواوکردنــی کارەکــە. بۆیــە لێــرەدا داواکارم بەوەنــدەی بەردەســتت قایــل بــم، چونکــە لەبنەرەتــەوە مــن گەرەکمــە تەنهــا جیاوازییــەکان وخاڵــی لێکچــووی تاوانــی ئەنفــال وکۆمەڵکــوژی بارزانییــەکان لەبێژینــگ بــدەم کــە دەبینــم بــە شــێوەیەکی بەرچــاو تێکــەڵ بەیەکــدی کــراون بۆیــە ئــەوەی مەبەســتمە لــە جیاکردنــەوەی ئــەو دوو تاوانــەدا ئامانــج بپێکــم نــەک بــەدوای مێــژووی بارزانییەکانــدا بگەڕێــم .

بەپێــی ســەرژمێری شۆڕشــی ئەیلــول کــە لــە کۆتایــی ســاڵی ١٩٦٠ کــراوە ژمارەیــان ٤٠٠ گونــدو دانیشتوانەکەشــیان نزیکــەی ٤٠٠٠٠ چــل هەزارکــەس بــووە)[٧].

بارزانییــەکان ئێســتا پێگەیەکــی سیاســی گرنگیــان لــە کوردســتانی باشــور دابینکــردووەو زۆربــەی جومەگەکانــی دەســەڵاتی سیاســییان بەدەســتەوەیەو ئەگــەر بخــوازن دەتوانــن بەهــۆی پابەندیــی و وەفادارییانــەوە بــە قوربانیانــی ئــەو جینۆســایدە ترســناکەی لــە دژیــان ئەنجامــدرا یاخــود ئــەو زوڵمــە زۆرەی لــە ســەرەتای دروســتبوونی دەوڵەتــی عێراقــەوە لــە کــورد دەکــرێ ڕۆڵــی گرنــگ و چارەنوســساز بگێــڕن لــە پاراســتنی مافــی مرۆڤــدا، بەپێچەوانەشــەوە هــەر ڕاســتە بارزانییــەکان ڕوبــەڕوی شــەرمەزارییەکی گــەورە دەبنــەوە ئەگــەر بێــت دەرس وعیبــرەت لــەو کۆمەڵکوژییــە وەرنەگــرن و لەســایەی دەســەڵاتیاندا هاوڵاتــی کــورد دوچــاری ســتەمکاری و تیــرۆرو بــێ مافــی ببنــەوە، بۆیــە

٧. بڕوانە ڕێکاریێ مزوری- سەربۆرا تراژیدێن بارزانیان-٢٠١٣ زنجیرە (٨) ل ١٨

هـەر پێشـیلکارییەک لـە کوردسـتان سـوکایەتیەکی گەورەدەبێ بەهەمـوو ئـەو کەسـانەی لەپینـاوی ئازادیـدا گیانیـان بەخشـی یاخـود ئـەو کوردانـەی ئەنفـال و جینۆسـایدکران لەپێشـەوە ئـەو بارزانیانـەی تەنهـا بـە تاوانـی بارزانـی بوونیـان بەبـێ گونـاه کۆمەڵکوژکـران.

بارزانییـەکان تەنهـا خێلێکـی دیاریکراونیـن، بەڵکوکۆنفدراسـیۆنێکی خێڵەکیـن، بەرلەجیابوونەوەیـان بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە چەنـد لقێکـی خێڵـی زێبـار پێکهاتبـوون. ئێسـتا ئەوخیلاڵنـەی عەشـیرەتی بارزانییـان پێـک هێنـاوە بریتیـن لـە (شـێروانی، مـزوری، گـەردی، هەرکـی بنەچـە، دۆڵەمـەڕی، نـزاری، بـەرۆژی)و هەمویـان لەبـن چتـری بارزانیـدا کۆبوونەتـەوەو بـە شـانازییەوە نـاوی بارزانیـان لـە خۆیـان نـاوە، هەرلـەو سـۆنگەیەوە بـوو کـە بارزانییـەکان بونـە داهێنـەری سیسـتمێک کـە سـەرکردایەتییەکی ئایینـی کاروبـارە گشـتییەکەی بەڕێـوە دەبـرد ئەمـەش کاریگـەری تەکیـە بـوو، چونکـە تەکیـە لـە مێـژوی بارزانییەکانـدا ڕۆڵـی گرنگـی هەبووەوخاڵـی دەسـتپێکی خۆدۆزینەوەیانـە، هەرتەکییـەش بـوو کـە بۆبارزانییـەکان بـووە ئەوناوەنـدە ئایینییـەی کـە هانیـدان هەسـت بەبوونـی خۆیـان بکـەن ودواجـار ناسنامەیەکیشـی پێبەخشـین. ئێسـتاش کـە زیـاد لـە پێویسـت لەململانێـی سیاسـیدا بەتایبەتـی لەگـەڵ ڕەوتـە ئیسـلامیەکانی ناوکایـەی سیاسـی سـەرباری خـۆ بەعەلمانـی زانینیـش زۆر جەخـت لەسـەر پابەنـدی خۆیـان بەئاینـی ئیسـلام دەکەنـەوە .

.

## سەرەتای مەینەتی بارزانییەکان لە ئاوارە بوونەوە بۆ ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی وپاکتاوی ڕەگەزی

وەنەبێ تەنها حکومەتی بەعس لەناودەوڵەتی عێراقدا لەگەڵ کورد خراپەکار بووبێ نەخێر مێژووی کورد پریەتی لە ستەمکاری دەوڵەتانی ناوچەکە هەر لە دەوڵەتی عوسمانییەوە هەتا رژێمی پاشایەتی و دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی هەمویان وەکو یەک هەمیشە لەگەڵ کورد دڵرەق وبەد رەفتار بوون، بەڵام هیچیان هێندەی بەعس نەیانپەرژایە سەرکوردو دەرفەتی وێرانکاری وکۆمەڵکوژییان لەکوردستاندا بۆنەرەخسا، هەرلەسەرەتای دروستبوونییەوە دەوڵەتی عێراق پشتی کردە مافەرەواکانی گەلی کوردو گوێی بە مافەکانی نەدا رژێمی پاشایەتی بەهەموو توانایەوە پەلاماری کوردستانی دەداو ماڵ و حاڵی تالان دەکردن و رەزوباخ و ماڵەکانی دەسوتاندن، بارزانییەکان لەسەر وەختی رژێمی پاشایەتیشدا ستەمی زۆریان لێکراوەوهەمیشە لەپلان دانان بوون لە ماوەی دەسەلاتیاندا لە نێوان ساڵانی (١٩٣٢ هەتا ١٩٤٥) سێ پەلاماری سەربازی گەورە وبەرفراوان کراوەتە سەرناوچەی بارزان ئەوسا ئینگلیزەکان هاوکاری مادی و لۆجستی تەواوی رژێمیان دەکرد و ئەفسەرانی ئینگلیزو فڕۆکەوانەکانی هێزی ئاسمانی ئینگلیز بەشداری شەریان لەدژی کورد دەکردو گوندەکانی کوردستانیان بۆردومان دەکردو دەستیان لە ژن و منداڵی کورد نەدەپاڕاست و بە بۆمبەکانیان دەیان کوشتن)[٨].

---

٨. بروانە مەسعود بارزانی بارزانی و بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد ١٩٥٨- ١٩٦١ چاپی یەکەم وەرگیرانی سەعید ناکام چاپخانەی خەبات ١٩٩٨ ل ٣٩

سـەرەتای مەینەتـی بارزانییـەکان وەک زۆربـەی ناوچەکانـی تـری کوردسـتان دەگەڕێتـەوە بـۆ مێژوویەکـی دورتـر لـە سـەرووەختی بەعـس شـێخ عەبدولسـەلام بارزانـی یەکەمیـن بارزانـی بـوو کـە بەتونـدی روبـەرووی عوسـمانییەکان بووەوەوبەهۆیـەوە گوندەکانـی ناوچـەی بـارزان توشـی مەینەتیەکـی زۆربـوون و دواتـر شـێخ عەبدولسـەلامیان گـرت و دوریانخسـتەوە بـۆ شـارەکانی موسـڵ و حللـەو سـلێمانی و سـەرئەنجام لـە موسـڵ لەسـێدارەیاندا[٩] پـاش دەسـەڵاتی عوسـمانییەکانیش کـە دەوڵەتـی عێـراق لـە سـۆنگەی پەیماننامـەی لۆزانـەوە دامـەزراو سـەرەتا ئینتدابـی ئینگلیـزی بـوو حوکمـی پاشـایاتی کۆنەپەرسـت بەرێـوەی دەبـرد شـێخ ئەحمـەد بارزانـی کـوڕی عەبدولسـەلام بەرەنـگاری ئینگلیـزەکان و حوکمـی پاشـایەتیان دەکـرد، بـەڵام حکومەتەکـەی نـوری سـەعید توانیـی مـەلای مسـتەفای بـارزان لـەوڵات دەربـکات و شـیخ ئەحمـەد بارزانـی براشـی زینـدان بـکات لەمـاوەی دەسـەڵاتی پاشـایەتیدا کوردسـتان و ناوچـەی بـارزان بـەردەوام لەژێـر ئاگـری بۆمبارانـی فڕۆکەکانـی ئینگلیزدابـوون، هەمیشـە کـوردان لەئاوارەیـی و پەناوپەسـیوی ناوچیاودۆڵەکانـدا لەخۆشـاردنەوەدابوون. ئەوکاتـەی شۆرشـی ١٤ی تەمـوز رویـدا شـیخ ئەحمـەد لـە زینـدان و مەلامسـتەفاش لـە یەکێتـی سـۆڤێت بـوو، بـەڵام ئەنجامـی شـۆرش بـۆ ئـەوان مایـەی خێروخۆشـی بـوو چونکـە هـەم شـیخ ئەحمـەد لەزینـدان ئـازاد کـراو هـەم مـەلا مسـتەفاش لـە ڕێکەوتـی ١٢/١٠/٦ ١٩٥٨ لەپـاش دوانـزە سـاڵ ئاوارەیـی گەرایـەوە عێـراق و لەلایـەن عەبدولکەریـم قاسـمەوە پێشـوازی لێکـرا[١٠].

---

٩. بروانـە کـورد گەلـی لەخشـتەبراوی غەدرلێکراو-د. کوینتـەر دێشـنەر- لەعەرەبییـەوە بۆسـەرزمانی کـوردی حەمەکەریـم عـارف- چاپـی دووەم-١٩٩٩ ل٢٢

١٠. هەمان سەرچاوە ل ٤٣

خوێناویترین و تراژیدی ترین رۆژگارەکانی کورد لەسەر وەختی دەسەڵاتی بەعسیەکاندا بووە، بۆیە کورد ئەزمونێکی تاڵ و خوێناوی لەگەڵ بەعسیەکاندا بەرێکرد، ئەو هەموو بەد ڕەوشتیەی پیاوانی بەعس دەرهەق بەکورد کردیان دەبوو دنیا بهێنێتە دەنگ وەلێ ئەفسوس بێدەنگی دنیا لەئاست ئەو تاوانانەی سنووری ئاسایی خۆیان بەزاند رێگەخۆشکەربوو بۆ ئەوەی بەعسیەکان زەمینە بۆ پیادە کردنی سیاسەتی جینۆساید خۆش بکەن، لێوکرۆشتنی بەعس لە بارزانییەکان لە سۆنگەی رقێکی کوێرانەوە بوو، دنیابینییەکی کۆنەپەرستانەی بەرپرسانی حزبی بەعس و حکومەتی عێراق بوو،هەرچەندە ڕق و تورەیی لە بارزانی و هەرکەسێکی تر بۆ سەرکردایەتی کردنی جوڵانەوەیەکی سیاسی کوردی هەر پەیوەست نییە بەتەنها سەرکردەیەکی وەک سەدام بەڵکو ئەوە دەگەرێتەوە بۆسەر پاشخانی فیکری عەرەبی شۆڤێنی، کە مەبەستی سەرەکی شکاندنی نەیارە، بارزانی لە دیدی بەعسیەکانەوە سیمبولی شەرەفی نەتەوەی کوردبوو. بەڵام وەک گروپێکی دەستنیشانکراو نەتوانرا بەیەکجاری لەبەین ببرێن.

ساڵی ١٩٨٣ بەپاساوی ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان[١١] هاوکاری هێزەکانی سوپای پاسدارانی ئێرانیان کردووە کرانە ئامانج و

١١. پارتی دیموکراتی کوردستان لە رۆژی ١٦ی ئابی ساڵی ١٩٤٦ لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووهەمی جیهانی دامەزرا ئەوەش پاشئەوە هات کە حزبی شۆڕش و رزگاری لە رۆژی ١٦ی ئابدا خۆیان هەڵوەشاندەوەو لەشاری مەهاباد پارتێکی نوێیان دامەزراند بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەر هەمان رۆژ مەلا مستەفای بارزانیشیان وەکو سەرۆکی پارتی هەڵبژارد، لەسەرەتای دامەزراندنیەوە هەتاکو ئێستا سەرۆکایەتی ئەو پارتە هەر بەدەست بنەماڵەی مەلا مستەفای بارزانەوەیە. بەڵام بۆ ماوەی سێ ساڵ هەمزە عەبدوڵا کرایە سکرتێرو لەسالی ١٩٤٩ ئیبراهیم ئەحمەد جێگەی گرتەوەو بووبە سکرتێر هەتا رۆژی ٤ی نیسانی سالی ١٩٦٤ لەکۆنفرانسێکدا لە ماوەت پارتی بەهۆی ناکۆکی سیاسیەوە دووکەرت بوو، بەهۆیەوە شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوەو هەتا ئێستاش کورد بەدەستیەوە گیرۆدەیەو خوێنێکی زۆر لەو ناکۆکیانەدا رژاوە.

بە نیازیی پاکتاوکردنی یەکجاریی پەلاماردران و ڕووبەڕوی کۆمەڵکوژییەکی مەترسیداربوونەوە، هەرچەندە لەبەین نەچوون بەڵام گورزی گەورەیان بەرکەوتو زیانی گیانی و ماڵی زۆریان لێکەوت، ئەوەی لێرەدا مایەی هەڵوەستەیە بە دڕەفتاریی و ستەمکاری پیاوانی دەسەڵاتداری رژێمی بەعس وهێزە ئەمنییەکانی عێراقە کە دەبێت هەمیشە وەبیربهێنرێتەوە تاوانێک کە ساڵی ١٩٨٣ لە ئۆردوگاکانی بە حرکە و قودس و قادسیە و قوشتەپە و هەریر لە قەزای شەقڵاوەو دیانا لە ڕەواندوز " و هەندێکیشیان لە بەغدای پایتەخت پێی هەستان. ئەو بەدڕەفتاریەی پیاوانی دەزگائەمنییەکانی بەعس پێی هەستان هەر کۆمەڵکوژی پیاوە بارزانییەکان نەبوو، بەڵکو بە درێژایی ساڵانی دوای ئەو تاوانە هەتا ئێستاش بۆ ژنانی بەجێماوی ئەوکۆمەڵکوژییەی بەجێهێشت .

هەلبەت ناوچەی بارزان پێش هاتنە سەر حوکمی دەسەڵاتی بەعسیەکانیش وەک هەرناوچەیەکی تری کوردستان زۆر جاری تر ڕوبەڕووی مەینەتی و ماڵوێرانی ببوونەوە لە سالی ١٩٦٣ هەموو گوندەکانی بارزان توشی سوتان وماڵوێران بوونەوە، بەڵام هیچ کات بە ئەندازەی سەرەتای هەشتاکانیان لێنەقەوما بوو. بۆیە ئەم کتێبە هێندەی لەسەر کۆمەڵکوژییەکەی سالی ١٩٨٣ رادەوەستێ هێندە ناگەڕێتەوە بۆ ستەمکارییەکانی پێشووی حکومەتەکانی عێراق .

پاش ئەوەی کە عێراق و ئێران ڕێکەوتننامەی جەزائیریان مۆرکرد، حکومەتی عێراق دەستبەرداری بەشێک لە کەنداوی عەرەبی بوو لە بەرامبەریشدا شای ئێران دەستی لە هاوکاری کردنی شۆرشەکەی بارزانی هەڵگرت، لە دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥ دا

چیدی پشتگیریی لە پارتی دیموکراتی کوردستان نەکرد بە هۆیەوە شۆڕشەکەی مەلامستەفای بارزانیش هەرەسی هێناو خەلکی کوردستانی باشور ڕوبەڕووی نەهامەتی و نائومێدییەکی گەورە بوونەوەو حکومەتی عێراقیش دەست ئاوالاتر بوو لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیدا لەدوای ئەو ئالوگۆڕە لە ڕۆژی ١٩٧٥/١١/١٨ هەزاران گوندنشینی بارزانی چ ئەوانەی لەنسکۆ گەرانەوەو چەکیان دانا چ ئەوانەی لە باشور لە کوێستانەکانی دۆلی بارزان نیشتەجێبوون و هەژاری مالی خۆیان بوون، بە بیانوی پاراستنی پشتێنەی ئاسایش ( حزام الامنی) هەموویان لە مال و حالیان دەرکران و لە هەموو ناوچەکاندا خانووەکانیان بە (T.N.T) تی ئێن تی تەقاندنەوەو لەگەل زەویدا تەختیانکردن و خەلکەکەشیان توشی ڕاگواستنێکی زۆرە ملێ کردەوە. ئەوانەی لە ناوچەی بارزان ڕاگوێزران نزیکەی ٧٦ گوندبوون[١٢]. خەلکەکەشیان بە زۆرەملێ گوازرانەوە بۆ ناوچە وشکانی و گەرمە سێرەکانی بیابانەکانی باشووری عێراق، ئەوانەش بەزۆری لە نزیک ناحێی و قەزاکانی پارێزگای دیوانییە لە ئۆردوگاکانی ( ١و٢و٣و٤) و ناحێکانی شافعیەو ئەلفادێرو فوارە و گوندەکانی جحێش و خەیریەو مەرجوجە ) دا نیشتەجێکران، ئەوانەی بەر ئەو هەلمەتی ڕاگواستنە کەوتن بەزۆری خەلکی دەڤەری هەرکی بنجە و بلەی ژێرێ ومزوری و هەردوو هۆزی نزاری و بەڕۆژی بوون . ئەو خەلکە سەرباری ئەوەی لە ناوچەیەکی وشکانی و بیابانێکی خۆلاویدا لەمەینتیدا بوون، چواردەوریشیان بە پۆلیس و سەرباز دەورەدرابوو تەنها بە ڕێپێدانی کاتی دەیانتوانی بچنە بازارەکان.

١٢. هەندێک پێیانوایە ژمارەی گوندەکانی ناوچەی بارزان زۆر لەوە زیاتر بوون بەبڕوای عەدالەت عومەر ×الح ژمارەی ئەم گوندانە زیاتر لە ١٥٠ گوندبوون کە راگوێزراون . بڕوانە عەدالەت عومەر پانۆرامای تاوانەکانی سەدام ئەنفالستان ژمارە ٤ — لاپەرە ٤

دەربارەی ژمارەی خێزانی بارزانییەکان کە لەناوەڕاستی حەفتاکاندا بەزۆرەملێ توشی ڕاگواستن بوون هیچ ئامارێکی تەواو کە پشتی پێببەسترێ لەبەردەست نییە، بەڵام لەم دواییانەدا هەندێک ئاماری نافەرمی هەن کە لەلایەن ڕێکخراوەکان وچالاکەکانی مەدەنی بارزانییەکان ئەنجامدراوە و ئەوانیش بەشێوەیەکی گشتی باس لە ٢٠٠٠٠٠ تا ٣٠٠٠٠٠ دوسەد تا سێسەد هەزار کەس دەکەن، بەڵام ڕۆژنامەی سەورە "الپورە" کە ئەوسا زمانحاڵی فەرمی حکومەتی عراق بوو لە ساڵی ١٩٧٨ دانی بە ژمارەیەکدا ناوە کە تەنها لەماوەی دوو مانگدا " ١٥٠" هەزار کەس ڕاگوێزراون[١٣].

ئەو ڕاگواستنە ئەوەندە کاریگەری خراپی لەسەر کوردەکان دانا بوو هەر ئەوە بوو بە زیندوویی هێشتبونییەوە دەنا هیچ واتایەک بۆ ژیانی ئەو خەڵکە نەما بوو، کاریگەرییەکی زۆر خراپی کردبووە سەر ژیان و بژێوییان و زۆر بە هیلاکی دەگوزەران. لەبەر جیاوازی کەشوهەوا و گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بونیان ڕۆژانە خەڵکیان لێدەمرد، ژنێک بە ناوی (خدیجە مستەفا ئەحمەد خەڵکی گوندی بازێ کە گوندنشینێکی بەختەوەر بوون و ژیانێکی سادەوساکار ژیاون دەلێت لەبیابان بەهۆی خراپی کەشو وهەواو ئاوی پیسەوە کە تەرمی سەگ وپشیلەی پێدا دەهات کوڕێکم بەناوی ( وەلی عیسا خالد) مردو گیانی لەدەستدا هەروەها خەسوشم، بەناوی (چاک عەلی سۆفی) هەرلەو بیابانە گیانی لەدەستداوئێستا لەوێ نێژراون و گۆڕەکانیانم نەبینییەوە)[١٤]. (فاتمە

---

١٣. روانە د. مارف عومەر گوڵ جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای نێودەوڵەتاندا چاپی چوارەم دەزگای ئاراس ٢٠٠٧

١٤. بڕوانە جینۆسایدی بەرزانیەکان لە سەدەی بیستەمەدا – رێبوار رەمەزان عەبدوڵا ٢٠١١ – ل ٢٥١

بابەکر محەمەد) کە شەش براو هاوسەرەکەی و باوکیشی لەکۆمەڵکوژی بارزانییەکاندا کوژراون، شایەتی لەسەر ئەوە دەدا کە لەبیابانەکان چەند کەسێکی بەهۆی خراپی ئاوهەواوە گیانیان لەدەستداوە)[15]. بارزانییە راگوێزراوەکان بە بێ هیچ هاوکاری و قەرەبووکردنەوەیەک دەبوایە سەر لە نوێ لە نامۆیی و لە ژێر چاودێری توندی ئەمنیدا ژیانی خۆیان دروست بکەنەوە. بەو شێوە ژیانە نزیکەی پێنج ساڵیان لە بیابان بەتایبەتی لە قەزای عەفکی پارێزگای دیوانییەی خوارووی عێراقدا بەسەر برد. کارێکیش کە دەبوو بۆ بژێوی خۆیان بیکەن تەنها دامەزراندنیان بوو لە دائیرەکان ئەویش بە رەزامەندنی دائیرەی ئەمن بوو کارەکانیشیان بریتی بوو لە خزمەتگوزاری و پاککەرەوە. ئەو ڕاستیە لە بەڵگەنامەیەکی نهێنی حکومەتی عێراقدا دەردەکەوێ کە لە ڕۆژی ١٩٧٧/٨/٢٩ ی ژمارە ٥٧٩٤ی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی قادسیە[16] هۆبەی کوردەکانەوە دەرچووە و ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی کاوربارى سیاسی کراوەو بابەتەکەی نوسراوە دامەزراندنی کوردەکان. لە بەڵگەکەدا هاتووە زانیاریمان پێگەیشتووە کەئەوکوردانەی ناویان لەخوارەوە هاتووە[17] لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی پاریزگای موسەنا[18] کە بە پاککەرەوە دابمەزرێن بۆ زانیاریتان تکایە بەڵگەنامەکە واژوی مقەدەمی ئاسایش بەڕێوەبەری ئاسایشی پاریزگای قادسیەی بەسەرەوەیە.

---

١٥. بڕوانە هەمان سەرچاوە پێشوو ل ٢٦٤

١٦. پاریزگای دیوانیە لە کاروباری حکومەتدا بە پارێزگای قادسیە ناودەبرێ ئەوەش سیاسەتێکی تری حکومەتی عێراق بوو کە زۆربەی شارەکانی عێراق جگە لە بەغدادو تکریت و سلێمانی زۆربەی شارەکانی عێراق دوناویان هەیە .

١٧. ئەوکوردە بارزانیانەی ناویان هاتووە ژمارەیان ٢٤ کەسە بۆ بینینی بەڵگەنامەکەو ناوی کرێکارێەکان بڕوانە جینۆسایدی بەرزانیەکان لە سەدەی بیستەمەدا — رێبوار رەمەزان عەبدوڵا ٢٠١١ — ل ٤٦٠-٤٦١

١٨. موسەنا مەبەستی لە پارێزگای سەماوەیە کە لەکاروباری حکومەتدا بە موسەنا ناوی دەهات .

لەمـاوەی نیشـتەجێکردنەوەیان لـە بیابانەکانـی دیوانییـە چەندیـن جـار لـەم شـوێن بـۆ ئـەو شـوێن دەیانگواسـتنەوەو نەیـان دەهێشـت ئـارام بـن، بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٨٠دا حکومـەت سـەرلەنوێ سیاسـەتێکی تـری پیادەکـردو گەڕاندیاننـــەوە بـۆ کوردسـتان بـەڵام بـەو مەرجـەی نەچنـەوە شـوێنی نیشـتەجێی بـاب و باپیرانیـان، زۆری نەبـرد حکومـەت دەسـتبەکار بـوو بـۆ گواسـتنەوەیان و سـوپای عێـراق بـە ئۆتۆمبیلـی بارهەڵگـڕی سـەربازی دیسـانەوە ئـەو خەڵکـەی لـە ئۆردووگاکانـی بیابانیـان و خـوارووی عێـراق هەڵکەنـدەوەو جارێکـی تـر ماڵوحاڵـی پێپێچانـەوەو ڕای گواسـتنەوە بـۆ کوردسـتان و لـە باشـووری شـاری هەولێـر لـە ئۆردوگاکانـی قوشـتەپە و قـودس و قادسـیەی سـەر بـە پارێـزگای هەولێـر نیشـتەجێکرانەوە.

وەنەبـێ ڕاگواسـتنەوەیان بـۆ کوردسـتان بووبێتـە مایـەی حەوانـەوەو پشـویەکی یەکجاری، نـا نەخێـر لـەو کۆمەڵگایانەشـدا ژیانیـان لـە مەینەتـی و ئاڵـۆزی و پشـێویدا بـوو هیـچ خانـوو بەرەیەکـی تێـدا نەبـوو، ئـەوەی هەبووهـەر خێـوەت بـوو، بـەڵام خەڵکەکـە هەرچۆنێـک بـوو ئێرەیـان بـەلاوە باشـترو خۆشـتر بـوو، هـەر هیـچ نەبـێ ئاهێکیـان پێداهاتـەوە بـەوەی کـە جارێکـی تـر هـەوای کوردسـتانیان هەڵمژیـەوە. وەلـی هێشـتا تێـر هـەوای وڵاتیـان هەڵنەمـژی بـوو کـە جارێکـی تـر کەوتنـەوە بـەر هەڕەشـەو لێیـان قەومـا بـەڵام لێقەومانـی ئەمجارەیـان لـە نـاو ئـەو ئۆردوگایانـەدا لـە هەمـوو جارانـی پێشـوو تراژیـدی تـر بـوو، ئەگـەر جارانـی پێشـوو ئاوارەیـی و غەریبـی و مەینەتـی و برسـێتی بووبێـت ئـەوا ئەمجارەیـان دێوەزمـەی تراژیدیایەکـی خوێنـاوی و ماشـێنێکی زەبـەلاح بـۆ مردنێکـی دەسـتەجەمعی پیاوەکانیـان ئامـادە کرابـوو. تاوانێکـی وا گـەورە کـە هێشـتا بـەو ئەندازەیـە روونەدابـوو. لەبەیانییەکـی زوودا هەرچـی پیـاو بـوو گرتیـان و بردیانـن بـۆ گرتوخانـەی ئەبوغرێـب لەبەغـداو ئیـدی جارێکـی تـر کـەس نەیبینینـەوە.

## هۆكاری سەرەكی كۆمەڵكوژی بارزانییەكان.

حكومەتی عێراق و دەسەلاتدارانی هەمیشە بە چاوی گومان و دڵپیسییەوە تەماشای كوردیان كردووە جا عێراق هەر سەرۆكێكی هەبووبێ ئەمە ستراتیژی دەوڵەت بووە، چونكە دەوڵەتی عێراق هەر لە بنەرەتەوە بەشێوەیەكی بیرۆكراسی و بێ گوێدانە خواستی پێكهاتە سەرەكیەكانی دامەزراوە، بەرلە هاتنی حوكمی بەعسیەكانیش دەوڵەتی عێراق كۆمەڵكوژی كودانی كردووەو دیهاتەكانیانی سوتاندووە، ئێستاشی لەگەڵ بێت یادەوەری تاڵ و سوێری پیرانی ئەم ولاتە لەگەڵ ملهوری و دەستدرێژی حەرەس قەومیەكان هێشتا ئامادەیەو لەهەر دەرفەتێكدا بۆمان دەگێڕنەوە، بەڵام بەهاتنە سەر حوكمی بەعسیەكان كورد ڕۆژبەڕۆژ ڕوبەڕوی توندوتیژی زیاتری دەوڵەت دەبووە، لە پاش گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن سەدام حسێن و دەست وپێوەندەكانییەوە گلۆڵەی كورد دەجار زیاتر كەوتەلێژی .

مەلامستەفای بارزان و دواتریش كوڕەكانی كە لەسەروەختی دەسەڵاتی بەعسیەكاندا ڕێبەرایەتی جوڵانەوەی سیاسی و چەكداری یان سەركردایەتی بەشێكی سەرەكی ئەو جوڵانەوانەیان كردووە، لەلایەكی تریشەوە یەكێتی نیشتمانی كوردستان لەمەیدانەكەدا بوو، حكومەت گەرەكی بوو گورزێكی كەمەر شكێن پیشان بدات كە هەموولایەك بەچۆكدابهێنێ و لانی كەم چاوترسێنیان بكات بەوەی هەركەسێك پێ لەبەرەكەی خۆی رابكێشێ بەدەردی بارزانییەكانی دەبەم (جا دۆستیان بن یان دوژمنیان)[١٩].

١٩. ئەوە لۆجیكی هەر نیازێكی جینۆسایدە هەروەك لۆجیك و قسەیەكی دۆكۆمینتكراوی عەلی حەسەن مەجید بوو لە ئەنفالدا كە لەكاسێتە دەنگیەكاندا دەلێت : ئێمە لەماوەی ٢١ی مایس بۆ ٢٢ حوزەیران هەموو گوندەكانی ژێردەسەلاتی خۆمان روخاندو رەوانەی كۆمەڵگاكانمان كردن جا ئەوانە

حکومەتی عێراق و بەتایبەتیش بەعسیەکان کە ماوەیەکی دورودرێژ حکومەت و دەسەڵاتی سیاسیان بەدەستەوە بوو هەمیشە بە چاویلکەیەکی ڕەش تەماشای کورد و هەرکەسێکیان کردووە کە ڕێبەرایەتی کردووە، بۆیە بێجگە لە توندوتیژی و لەشکرکێشی هەمیشە هەوڵی ئەوەشیان دەدا کەوا لە دەوروبەری خۆیان بگەیەنن کە ئەم گروپەی نوێنەرایەتی کورد دەکەن پەیوەندیان بە ئیسرائیل و ئەمریکاوە هەیەو لە دژی حکومەت وعەرەب بە پشتیوانی ئێران خەریکی پیلان گێڕین. بەتایبەتی خودی سەدام حسێن لەو کاتەوە تەواو لێوی لە مەلامستەفای بارزانی دەکرۆشت لەبەر ئەوەی کە عەبدولرەحمان ئەلبەزاز ئەوەی ساغکردووەتەوە کە لە (١٩٦٧/٦/٢٩) سەردانی ئیسرائیلی کردووە، و یەکەم جیهازی بێتەلیش بە ناوی (باستان) لەلایەن ئیسرائیلیەکانەوە بۆیان دانراوە و پشتیان بە شارەزایی ئیسرائیلیەکان بەستووە.

هۆکارێکی تری ڕقی سەدام لە دەستدانی نیوەی کەنداوی عەرەبی بوو لە ڕێکەوتننامەی جەزائیردا کە لەبەرامبەر دەستهەڵگرتنی هاوکاری کردنی محەمەد رەزاشا بۆ مەلامستەفای بارزان. بەدیدوتیروانینی سەدام کە ئەوسا جێگری سەرۆکی کۆمار بوو، بە فیت وهاوکاری ئیسرائیل وئەمریکا لە ڕێگەی ئێرانەوە مەلامستەفا لەدژی حکومەتی عێراق دە

---

دۆستی تێکدەران بووبن یان دوژمنیان) هەلبەت نیازەکە ڕوونە بۆ گروپێکی دەستنیشانکراو ئەوە نابێتە مەسەلە دۆستە یان دوژمن بەڵکو ئەوەی گرنگە سەربەو گروپە بێت کە دەستنیشانکراوە بۆ جەلادو دەبێ بکوژرێ هەڵبەتە ئەوە بۆ بارزانیەک مەسەلە نەبووە پیاوی رژێم بووە یان لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بارزانیە ئەوە لە تاوانی ئەنفالیشدا هەروا بوو گرنگ ئەوەیە لەناوچەی قەدەغەکراودایە هەروەک لە کیمیابارانی هەڵەبجەش هەر وا بوو، نەک هەر جاشەکان بگرە بەشێک لە سوپای عێراقیش بەرگازی کیمیاوی کەوتن و بوونە قوربانی ئەو سیاسەتە دڕندانەیەی بەعس.

جەنگێ . بەڵام چونکە لۆجیکی سەدام ودەسەڵاتدارانی عێراق لەبنەرەتەوە پشتی بە مەعریفەی ئاشتی و لێبوردەیی نەبەستووە ئامادەن باجی گەورە بدەن بەڵام ئامادەی پێکەوە ژیان و ئاشتی نەبوون لەگەڵ کورد.

دیدی شەرانگێزی دەسەڵاتدارانی عێراق لەوێدا بەرونی دەردەکەوێ کە ئامادەبوون دەست لە نیوەی کەنداوی عەرەبی هەڵبگرن تەنها لە پێناوی ئەوەدا ئێران دەست لەهاوکاری مەلا مستەفای بارزانی هەڵگرێ، بەڵام ئامادە نەبوون لەگەڵ کورد رێکبکەون ! بێئەوەی عەقلیان بەوە بشکێ کورد دەستبەرداری مافەکانی نابێ و رێککەوتنامەی جەزائیر وشکشتی شۆرشەکەی بارزانی کۆتایی بەکێشەی کوردوداوارەواکانی ناهێنێ، ئاخر ئەوەندەی تەنازولیان بۆئێران کرد نیو ئەوەندە نەرمییان بنواندیایەو لۆژیکیانە مامەڵەیان لەگەڵ کوردو داواکانی بگرتایەو رێزیان لە خۆیان و لە هاوڵاتی بوونی کورد بگرتایە نە ئەوەندە خەرجی پێویست بوو نە جەنگی ئێران عێراقیش هەڵدەگیرسا نەپێویستیش بوو خوێنی کوردوعێراقیەکان برژێ.

راستیەک هەیە دەبێ وەک خۆی ببینرێت ئەویش ئەوەیە کە ساڵی ١٩٨٣ هەموو کورد وەک بارزانییەکان دەستنیشان نەکرابوون بۆ ئەوەی کۆمەڵکوژبکرێن بەڵکو تەنها بەشێک لە کوردی باشور خرابوونە بازنەی سورەوەو دەستنیشان کرابوون ئەوانیش بارزانییەکان بوون ولەسەر بارزانی بوونیان کۆمەڵکوژکران (ئەمەش خەسەلەتێکی تری جینۆسایدە) دەشێت کۆمەڵکوژی بارزانییەکان بە جینۆسایدی رەگەزی ناوبەرین (کوشتنی بارزانی نێر) ئەمە گرنگترین خاڵی جیا کردنەوەیە کە کۆمەڵکوژییەکە

دەخاتـە خانـەی جینۆسـایدەوە هۆکارەکـەی ئەوەیـە کە کوردن لەناوکوردیشـدا بارزانیـن ئەمـەش گروپـە دەستنیشـان کراوەکـە دەخاتـە خانـەی جینۆسـایدی ڕەگەزییـەوە، لەنـاو عەشـیرەتی بارزانیانـدا دواجاریـش لەنـاو گروپێکـی گەورەتـردا کـە کـوردن .

پاشـئەوەی هێزەکانـی سـوپای عێـراق لـە جەنگـی خورەمشـا (محمـەڕە) لـە ئایـاری ١٩٨٢ توشـی شکسـتێکی گـەورە بـوون، بـە ناچـاری لـە مەیـدان کشـانەوە بۆسـەر هێڵـی نێودەوڵەتـی، ئەوشکسـتە هێنـدە کاریگەر بـوو عێراقی توشـی شـۆکرد بـوو، سـەرباری ئـەوەی لیـوای (هێـزی تایبـەت) بەتایبەتـی بـارق عەبـدوڵا حـاج حنتـە ئەوسـا بەپلـەی عەقیـد ڕکـن فەرماندەیەکـی ئـەو شـەرە بـوو بۆخـۆی لـە پێشـەی سـەربازەکانییەوە شـەری سـەرجادەیان کـرد بـوو، بـەڵام هەمـوو لیواکەیـان لـە بەیـن چـوو کەمینەیەکیـان نەبـێ ئەوانـەی تـر یـان کـوژران یـان بـە دیلگیـران، بۆیـە بـە ناچـاری سـەر لـە نـوێ پەیکـەری لیواکەیـان دروسـت (تشـکیل) کـردەوە سـەرۆک کۆمـار سـەدام حوسـێن لەبـارەی ئـەو شکسـتەوە گوتـی ڕاسـتە زیانـی گەورەمـان بەرکـەوت بـەڵام جەنگمـان نەدۆڕانـدووە دواتـر لـە بـەرواری ٢٦ی ئایـاری ١٩٨٢ بەیانێکیـان بڵاوکـردەوە لـە ژێرنـاوی بەیانـی فەرماندەیـی گشـتی گەلـی عێـراق[٢٠] لـە بەرامبەریشـدا ئێرانییـەکان هەسـتیان بـە سـەرکەوتن دەکـردو جەنگـی سـایکۆلۆژییان لەگـەڵ عێـراق بەرپاکـرد لەبەسـرەوە هەتـا خانەقـی لەشکرکێشـیان کـرد، ئـەو شکسـتەی سـوپای عێـراق ئەوەنـدە کاریگـەری دەرونـی دروسـتکردبوو نزیکـەی ٣٠ ئەفسـەری مەیدانـی جەنگیـان لە سـێدارەدا

٢٠. بڕوانـە قبـل ان یغادرنـا التاریـخ — فریـق رکـن رعـد مجیـد الحمدانـی قائـد فیلـق الحـرس الجمهـوری العراقـی الپانـی (الفتـح المبیـن) الگبعـە الاولـی- ٢٠٠٧ — بیـروت . ×٨٤

بۆنەگبەتی کورد ئێرانییەکانیش هەوڵیاندا بەرەی تازەی شەڕ بدۆزنەوە بۆئەوەی زیاتر فشار بخەنە سەر عێراق، بۆیە ئەو شوێنانەیان دیاری کرد کە هێزەکانی پێشمەرگەی لێبوو لە ناوچە سنووریەکانی کوردستانەوە پێنجوێن کە قەزایەکی سەربە پارێزگای سلێمانی و هاوسنووری ئێران و ناوچەی چالاکی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو[21] هەروەها ناوچەی حاجی ئۆمەران سنووری چالاکی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە قەزای ڕەواندوز.

هەڵبەتە وەکو لە پێشتر چەند هۆکارێکمان خستەڕو ئەوکۆمەڵکوژییە بێ پاساو نەبوو، هەروەک چۆن هەرچەندە پارتی دیموکراتی کوردستان بەشیوەی زارەکی ونافەرمی ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە لەجەنگی (گردەمەند – حاجی ئۆمەران) پێشی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران کەوتبێت یان لەوجەنگەدا بەشداری کردبێت بەڵام ئەوە هەرچۆنێک بێت تاوانی کۆمەڵکۆمەڵکوژی بارزانییەکان بەوپاساوە بوو، پاساوێک کە هیچ کات بەفریای بەعس و لایەنی ئەنجامدەری تاوانەکە ناکەوێ چونکە کەس ناتوانێ بەو درۆیە قایل بێت کەوا ژنان و منداڵانی ئەو بارزانیانە خائین وبەکرێگیراوی ئێرانی بوون، لەوەش گرنگتر ڕێگەپێدراونین

٢١. فەریق رکن رعد مجید حمدانی لەبارەی هێرشەکەی ئێران بۆسەر کەرتی پێنجوین نوسیوێتی لە ریکەوتی ١٠/٣٠ساڵی ١٩٨٣ ئیرانیەکان هەولیاندا هێرش بکەن بەرەو سەیدسادق بەڵام هێزەکانمان لەهەندێک شوێنی گرنگ وتەنگی ناڵپارێزەوە بەخێر ایی هاوکاری لیوای پاسەوانی کۆمارییان کردو لەچەند هێرش وپەرچەکردارێکی توانابەخشدا توانیان چەندین خاڵی گرنگ بگرنەوە، بەڵام لیواکەمان لە ١٩٨٣/١١/٢٠ داگەڕایەوە بۆ بەغداو هێرشی بەرامبەرمان راگرت ودەستبەرداری گەڕاندنەوەی پێنجوین بووین و هێشتمانەوە بۆکاتێکی تر، سەبارەت بە ڕۆڵی پێشمەرگەکانی یەکێتی نوسیوێتی ( بەڵام چەکدارانی سەربە پارتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پێشەوایەتی جەلال تاڵەبانی ڕۆڵیکی گرنگیان بینی لەسەر کەوتنی هێرشەکانی دوژمندا) . شایانی باسە بەهۆی ئەو پەلامارەوە پێنجوێن بەتەواوی وێرانکراو خانوەکانی تەختی زەوی کران و خەڵکەکەشی ئاوارەی شارەکانی هەڵەبجەو سلێمانی و سەید سادق بوون .

خائین وبەکرێگیراوان کۆمەڵکوژبکرێن، بە پێی ئەوبەڵگانەی لەبەردەستن عێراق بێ پاساونییە، هەرچەندە پاساوەکانی پوچ و بێبنەمان، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی کورد نەیتوانی خۆی لە ئاگری جەنگی ئێران — عێراق ببوێرێ و ڕێگە خۆش نەکات ببێتە سوتەمەنی ئاگری جەنگێکی بێئامان و وێرانکەری نێوان دوو دەوڵەتی بەهێز کە هیچ کات دۆستی کورد نەبوون بەڵکو هەمیشە ویستویانە لەبەینی بەرن.

نوسراوی (بەغداد / ٣١ ژمارە / ١/ ١٩٨٣ڕێکەوت و کاتژمێری هەواڵ /١٩٨٣/٧/٢٦ ) لەلایەن ئەمنی بەغداوە بەڕونی مەبەستەکەی بەعسی خستووەتە ڕوو ١٩٨٣/٧/١٦ بەغداد / اربیل / حاجی ئۆمەران/ تاوانە باسکراوەکە بەپێی مادەکان / ١٧٥/١٦٢/١٥٩ (من ق. ع. ) مافی گشتی لەخوار ئەو ژمارەو ڕێکەوتانەدا هاتووە: بەپێی قسەی هەواڵگر وداواکار (مشتکی) لە سەریان لەلایەن پۆلیسەوە ڕێوشوێنی پێویست وەرگیراوە لە سەرچاوەکانمانەوە زانیاری و نهێنیمان کەوتە بەردەست کە جەماعەتی تێکدەرانی کوردی لە کۆمەڵی بارزانییەکان ( مەسعودو ئیدریس ) بەسەرپەرشتی تۆمەتبار سابر مستەفا محەمەد عەبدول سەلام بارزانی هەستاون بە پشتیوانی کردنی تێکدەران لەجەماعەتی مەسعودو ئیدریس زانیاریان داوەتە ئێرانییەکان لە ناوخۆی عێراق[٢٢].

تەنها دوومانگ دوای ئەوتاوانە دڕندانەیە، سەدام حوسێن مەبەستی ڕژێمەکەی لەو هەڵمەتە ئابڕوبەرانەیە نەشاردەوە و بەئاشکرا لە دەزگاکانی میدیاوە گوتی: ( ئەوانە ناپاکییان لە پەیمان کرد بۆیە بە توندی سزای

٢٢. بڕوانە پاشکۆی بەڵگەکان بەڵگەنامەی ژمارە (٢)

خۆیان وەرگرت ڕەوانەی دۆزەخمان کردن)[٢٣].

هەڵبەت نابێت ئەوەش لە بیر بکەین ئەگەر حزبە سیاسی و چەکداریەکەی یەکێتی وپارتیش لەمەیداندا نەبوونایە عێراق بێ پاساو نەدەبوو بۆ لە بەینبردنی کورد هەروەک ئاشکرایە کۆمەڵکوژی ودەرکردنی کوردانی فەیلیشی بەپاساوی تەبعیەو ناعێراقی بونیان بوو، گوایە ئەمانە لە بنەرەتەوە ئێرانین، کۆمەڵکوژی بارزانییەکانیش بەپاساوی ئەوەی زانیارییان داوەتە ئێران و هێزە چەکدارەکەی پارتی دیموکرات هاوکاری و پێشلەشکری ئێران بوون. نابنە پاساوی ئەوەی کە گروپێک بەتەواوی ڕیشەکێش بکرێن و حکومەت بە ناوی بەرگری لە خاکی نیشتمان ڕەوایەتی ببەخشێتە تاوانی کۆمەلکوژی .

لە سەرەتای ئابی ساڵی ١٩٨٣دا، دانیشتوانی قوشتەپە بێئەوەی ئاگایان لە هیچ بڕیارێکی سیاسی بێت وهیچ دەسەڵاتێکیان لە هەڵایسانی جەنگی دەوڵەت و بڕیاری سیاسی حزبەکانی کوردستاندا هەبێ ئەو خەڵکە مەینەتبارە جارێکی تر بوونەوە بە قوربانی هەڵایسانەوەی بزووتنەوەی سیاسی وچەکداری. خەڵکی هەژار نشینی کۆمەڵگاکان ئەوپەری لە زاری خەڵکەوە یان لە هەواڵەکانی ڕادیۆو تەلەفزیونەوە بیستبویان کەوا ئێران هێرشی کردووەتە سەر سنووری کوردستان و شارۆچکەی حاجی ئۆمەرانی گرتووە و پارتی دیموکراتی کوردستان هاوکارو ڕێپیشاندەری هێزەکانی ئێران بوون لەگرتنی حاجی ئۆمەراندا.

٢٣. من بۆخۆم گوێبیستی ئەو قسەیەی سەدام بووم لە تەلەفزیونی بەغداو دڵنیام زۆرکەسی تریش وەک من گوێبیستی بووە هەروەها لە ڕۆژنامەکانی ئەوسای حکومەتی عێراقدا بڵاوکرایەوە لەوانە ڕۆژنامەی العراق، ١٣ ی ئەیلولی ١٩٨٣.

بەڵگەش بۆ ئەوەی ئەو پیاوانەی گیران و بێسەروشوێنکران گوناهیان نەبوو زۆربەیان ئەوخەڵکە هەژارە بوون کە ئاوارەیی چەند ساڵی رابوردوو تەواو ماندوی کردبوون، هیچ سەرمایەوسامانێکی ئەو تۆیان بەدەستەوە نەمابوو، بەڵکو لەبەر هەژاری و ماندوێتی خۆیان نەیاندە پەرژایە سەر هیچ شتێک، هەروەکو تەحسین محەمەد هۆستانی[24] لە دایک بووی ساڵی ١٩٦٣ قسەی بۆ گۆڤاری ئەنفالستان کردووەو دەڵێت: (من دوو براو دوو مام و (٨) کورەمام لەگەڵ چەند لە خزموکەسی ترم، درەنگانی شەوحزبی بەعسی فاشی بە هێزێکی زۆرەوە چواردەوری کۆمەڵگەیان گەمارۆدا بوو زۆربەی ئەوانەی گیرابوون بۆپەیدا کردنی پاروویەک نان کە بژێوی ژیانیان لەسەر رۆژانەی کرێکاری بوو، جلی ئیشیان لەبەردا بوو، لە ناوکۆڵانەکاندا ئەوەی بەردەستیان کەوت لە مێردمنداڵ تادەگاتە پیرەمێرد راپێچیان کرد، لەبیرمە لەگرتنی وەجبەی دووەم واتا دوو مانگ دوای ١٩٨٣/٧/٣١ پیرە مێردێک کە زۆر پیر بوو دەستیان گرت و خستیانە ناو ئۆتۆمبێلێکی (زیل) وەجبەی دووەم نزیکەی ٨٥ کەس بوون[25] زۆربەیان زۆرپیر بوون یان زۆربەی منداڵ بوون)[26] کەچی بەهۆیەوە یان بە بیانووی ئەو بەشداری کردنەوە وا جارێکی تر خەڵکێکی هەژارو بێتاوان بوونە قوربانی سیاسەتی دەوڵەتە ستەمکارەکانی ناوچەکە و هەڵەی هێزە چەکداری و سیاسیەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢٤. هۆستان گوندێکی بارزانە بە نزیکەی ١٠ کم دەکەوێتە با کوری خۆرهەڵاتی بارزان زیاتر هۆزی بەرۆژی تێدانیشتەجێ بوون . تەحسینیش وەک زۆر گوندنشینی تر نازناوی گوندەکەیانی هەڵگرتووە.
٢٥. هەرچی رێکارێ مزورییە لە پێداچوونەوەکەیدا بۆ ئەم کتێبە پێیوایە ژمارەی ئەو کەسانەی لەو هەڵمەتەدا گیراون نزیکەی ١٥٠ کەس بوون نەک ٨٥ کەس.
٢٦. بڕوانە ناجی شانەدەری–راپۆرت– گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە –٤– چاپخانەی رەنج ل٦٩

## شێتەکانیشیان گرت:

ڕەنگە پیشاندانی وێنەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت کە لەلایەن ڕژێمێکەوە توشی ئازارو مەینەتی و ئەشکەنجەو کوشتن دەبنەوە لەلای هەندێک کەس تەنها وەک مەسەلەیەکی ئینسانی وسۆزداری تەماشا بکرێت، بەڵام نەخێر کاتێک کردەیەکی تاوان لەدژی ئەو جۆرە کەسانە ئەنجام دەدرێت نابێت هێندە سادەو ساکار لێی بڕوانین، زۆر شایەتحاڵ باس لەوە دەکەن کە لەقوشتەپە دەستیان لە شێتەکانیش نەپاراستووە هەڵبەت ئەوە خەسڵەتی تاوانەکەیە یەکێک لەڕەگەزەکانی تاوانی جینۆساید دەستنیشانکردنی قوربانییە بۆ ئەوەی جەلاد کاری لەسەر بکات، بارزانییەکان دەستنیشان کراون لە تەمەنێکی دیاریکراودا، ئیدی جەلاد فەرمانی سەروی خۆی جێبەجێدەکات هەرگیز دەست لەوە ناپارێزێ گروپی دەستنیشانکراو چۆنن و چ کارەن، مەلا سەعید حەبیب[٢٧] یەکێکە لەوانەی لە ڕەشبگیریەکەی ئۆردوگای قوشتەپەدا گیرا بوو، بەڵام بەخت یاوەری بوو توانی خۆی لەدەستی جەلادەکان ڕزگاربکات وخۆی بشارێتەوە، مەلا سەعید قسەی بۆگۆڤاری ئەنفالستان کردووەو ئەویش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو خەلکەی گیران وبێسەروشوێنکران هەموو هەژار بوون و خەریکی کرێکاری و ڕۆژانەکاربوون، لەو بارەیەوە دەڵێت: کاتژمێر سێی شەوی ١٩٨٣/٧/٣١ ڕژێمی بەعسی فاشی بە هێزێکی زۆرەوە کە پێکهاتبوون، لەپیاوانی ئەمنی بەغداو پاسەوانی کۆماری، بە تانک و زرێپۆش و هێلیکۆپتەر گەمارۆی کۆمەڵگاکەیان دابوو

٢٧. سەبارەت بە کۆی قسەکانی ئەم شایەتحاڵانەی قسەیان بۆ ئەنفالستان کردووە تاوانی کۆمەڵکوژییەکە بە ئەنفال ناودەبەن بەڵام ئەوە زمانی خودی قوربانی نیە هێندەی کاریگەری زمانی خودی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکەی لەسەرە کە بەرێز ئەنوەر شانەدەری ئەنجامیداوە .

سەرەتا داوایان لە خەڵک کرد بێنە (قاتعی جیش شعبی) لەقوشتەپە و لەوێش دەستبەجێ سواری ئۆتۆمبێلیان کردن. لە نووسراوێکی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیدا قسەکانی ئەم شایەتحاڵە پشتڕاست دەکرێنەوە لە نوسراوی ژمارە (٨٤) لە ڕێکەوتی ٢٩ /٣/ ١٩٨٩ کە نێردراوە بۆ سکرتێری سەرۆکایەتی کۆمار تیایدا تەئکید لەوە کراوەتەوە کە لە بەیانی ڕۆژی ٣١/ ٧/ ١٩٨٣دا لەگەڵ هێزێکی سەربازی سەر بەحەرەس جمهوریدا کۆمەڵگەکانی "قودس، قادسیە، قوشتەپە" کە بۆ خێزانە بارزانییەکان دروست کرابوو گەمارۆدراون هەموو ئەو پیاوە بارزانییانەی تەمەنییان لە ١٥ پازدە ساڵ بەرەو ژوور بووە دەستبەسەرکراون و بە ترۆمبیلی گەورە گواستراونەتەوە بۆ بەغداد.

لەکاتێکدا حکومەت بەوشێوە دڕندانەیەو بەپاساوی هاوکاری کردنیان بۆ ئێرانییەکان دانیشتوانی ناو کۆمەڵگاکانی دەگرتو بەکۆمەڵ دەیکوشتن کە ئەوان جگەلە خەڵکێکی هەژارو دەستکورت و کاسبیماڵی خۆیان هیچ شتێکی ترنەبوون، ئەوانە بژێوی ژیانیان لەسەر کرێکاری و کاری ڕۆژانە بوو، ئەوەی چوبوە دەرەوە لەسەر شەقامەکان بازگەیان بۆ دانابوو ئەوەی بەردەستیان کەوت هەموویان گیران، مەلا سەعید درێژە بەقسەکانی دەداو دەڵێت: (من شۆفێری کۆستەر بووم ئەو ڕۆژە برایەیکم بەناوی (زێرۆ) لە جێگای من ڕۆیشت بوو، باوکم لەگەڵ دوو براو ١٢ کەس لە بنەماڵەکەمان ئەنفال کران و نەگەڕانەوە، منیشیان سواری مەنشەئە کرد جلی کارم لەبەردا بوو گۆرەویشم[٢٨] لە پێدا نەبوو داوام لە شۆفێری مەنشەئەکە کرد کە لە نزیک، ماڵمان وەستابوو گووتم بڕۆ با بچین بۆنان خواردن منیش

٢٨. مەبەست لە گۆرەوییە

جلەکانم دەگۆڕم وهەندێک پارەش بۆخۆم دێنم گووتی برۆ، کە هاتمە خوارەوە پاسەوانەکان لێنەگەڕان برۆم، شۆفێری مەنشەئەکە پێی گووتن من ئیزنم داوەو دەگەڕێتەوە، ئەوە بوو من خۆمشاردەوەو نەگەڕامەوە کاتژمێر شەشی بەیانی هەڵیان کوتایە ناو کۆمەڵگا سەرەتا چوونە ماڵی شێخ خورشید، شێخ و دوو کوڕەکەیان دەستگیرکردن ئینجا ڕوویان کردە ناو کۆڵانەکان و لە تەمەنی دەساڵی بەسەرەوە ئەوەی دەستیان کەوت گیران و سڵیان لەهیچ نەکردەوە، بۆنموونە دوو شێت بە ناوی مەولود وساڵح گیران کە زنجیریان لە دەست و پێدا بوو، ژن ومنداڵی کۆمەڵگا ڕوویان کردە سەرشەقام بۆ ئەوەی بەرگری بکەن لەگرتنی منداڵی ١٢ ساڵان بەڵام دەستدرێژییان کردە سەر ژن و منداڵان و لە ئەنجامدا (٥) کەس بریندار بوون و منداڵێک بەناوی نەزمی خەڵکی گوندی هەڤنکان و ئافرەتێک بەناوی ستێ ئەحمەد ئەوانی دیکەم لە یاد نییە[٢٩].

ئەو پیاوانەی گیران و کۆمەڵکوژکران هەموویان خەڵکی مەدەنی و بێچەک بوون و هەژاری ماڵی خۆیان بوون، ئەو پیاوانە پێشمەرگە نەبوون، بەڵکو لەشوێنی ژیانی خۆیان خەریکی کاروکاسبی و ژیانی ڕۆژانەو بەزۆریش خەریکی کرێکاری بوون (ئەوان هیچیان لە حکومەت نەدەویست بەلایانەوە گرنگ نەبوو کارەباو ئاوو قیرتاویان لە حکومەت نەدەویست داخۆ دەگاتە کۆمەڵگاکان یاخود نا؟ ئەوان خەریکی کریکاری و کاری ڕۆژانەی خۆیان بوون) [٣٠]

٢٩. هەمان سەرچاوەی پێشوو .

٣٠. بڕوانە ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی — بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان ل ١٥ . چاپی یەکەم ٢٠١٠ .

میدل ئێست ۆچیش لەڕاپۆرتەکەیدا تیشکی خستووەتە سەر تاوانی کۆمەڵکوژییەکەو نوسیویێتی: لە بەرەبەیانێکی زووی ٣١ تەممووزدا هێشتا دنیا تاریک بووە کە هێزەکانی حکومەت چواردەوری کۆمەڵگای قوشتەپەیانداوەو لەسەر ڕێگا سەرەکییەکان و گۆشەی کۆڵانەکانی کۆمەڵگاکانی قودس و قادسیە دامەزرابوون، لە سپێدەیەکی زوودا هەڵمەتی گرتن وگواستنەوەی پیاوانی بارزانی (ڕاستترە بڵێین گرتنی ڕەگەزی نێرینە) دەستی پێکرد. شایەتحاڵەکانی ئەوتراژیدیایە بەزۆری ئەو ژنانەن کە لەپاش مێردەکانیان بەجێمان و بۆ هەتا هەتایە بەختیان ڕەش بوو، ژنێکی بارزانی کە لەو سەروەختەدا لە قوشتەپە ژیاوە بە مێدڵ ئێست ۆچی ڕاگەیاندووە "ئێمە هەموو لە خەودا بووین کاتێ سەرباز لە کاتژمێر ٣ ی بەیانیدا گەمارۆی کۆمەڵگاکەیان دابوو. بەر لە شەبەق، کاتێ کە خەڵکەکە وەخۆ دەکەوتن بچنە سەر ئیشوکاریان هەموو سەربازەکان بە جارێ ڕژانە ناوکۆمەڵگاکەوەو هەر پیاوێک دەچووە دەرەوە دەیانگرت. تەنانەت پیرەمێردێکی شێتیشیان گرتبوو توند دەست و قاچیان بەستبووەوە. هەروەها ئەومەلایەشیان گرت کە دەچوو بۆمزگەوت بانگی نوێژی بەیانی بدات. ئینجا دەرگای ماڵەکانیان شکاندین و کەوتنە گەڕان و پشکنین بە دوای پیاوەکانماندا. ئەوان تەنانەت کولانەی مریشک و تانکیی ئاو و ناو سەلاجەو گشت شوێنێکیان دەپشکنی و تەواوی ئەو نێرینانەی تەمەنیان لە سیازدە ساڵ وەبان بوو بردنیان. ئافرەتان دەستیان کردە گریان و ڕۆڕۆ و قورئانیان بەرەو ڕوویان بردو لە سەربازەکان زۆر پاڕانەوە پیاوەکانیان نەبەن" بڕوانە جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد- چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووۆچ، قوشتەپە ٤ ی مایسی ١٩٩٢. خانەی وەرگیران چاپی

دووەم — ٢٠٠٤ وەرگێڕانی کوردی محەمەد حەمەساڵح توفیق .

مێدڵ ئێست وۆچ نوسیوێتی: "بێوەژنێکی بارزانی" دەیگوت: "من پەلەقاژەی ئەوەم دەکرد بچووکترینی کوڕەکانم بهێڵمەوە کە زۆر لاوازو نەخۆش بوو و زۆر لێیان پاڕامەوەو وتم: (ئێوە سیانی ترتان بردووم، دەستم دامێننتان تەنها ئەمەم بۆ جێبهێڵن). سەربازەکان تەنها ئەوەندەیان پێ وتم (ئەگەر چیتر لە سەری بڕۆی دەتکوژین)، پاشان بە قۆناخە تفەنگ بەسەر سنگمیاندا کێشاو کوڕەکەیان برد. کە لەپۆلی پێنجەمی سەرەتایی بوو". بەمجۆرە لە نێوان پێنج تا هەشت هەزار پیاوی بارزانییان لە قوشتەپەو کۆمەڵگاکانی ترگرت وسواری پاسی گەورەکران و بەرەو خواربردیانن. ئەوانە هەرگیز جارێکی تر نەبینرانەوە[31] هەر لەو بارەیەوە دکتۆر محەمەد ئیحسان لە کتێبەکەیدا (کوردستان حرب الدوامە) کە

٣١. لەبارەی بێسەرو شوێنکردنی پیاوانی بارزانی هەندێک بۆچونی جیاواز هەیە، ڕێبوار ڕەمەزان لە کتێبەکەیدا جینۆسایدی بارزانیەکان لەسەدەی بیستەمدا بڕوای وایە پیاوانی بارزانی چەکی کیمیاویان لەسەر تاقی کراوەتەوەو بەو شێوەیە کوژراون، بەڵام هەموویان نا. هەرچی ڕێکخراوی مێدل ئێست وۆچیشە نوسیوێتی ( هەندێ بەڵگە هەن ئەوە دەردەخەن کە پیاوە بارزانیەکان لانی کەم ساڵێ بە دەسبەسەریی ماونەتەوە پێشئەوەی بە یەکجارەکی لە ناوببرێن. یەکێک لە فایلەکانی موخابەرات (٣٩) فەرمانی سەرۆکایەتیی یەک لە دوای یەکی تێدایە کە لە ساڵی ١٩٨٣دا بە ژمارەی ٩٨٨ بۆ ١٠٣٦ دەرچووەو لیستی ناوی ئەوکەسانەیان تێدایە کە حوکمی مردن دراون بە هۆی «کێشە تایبەتکارەکانەوە» ئینجا گەلێ نووسینیان کراوەتە پاشکۆ و یەک لە نووسینە دەسخەتەکان لەوە دەدوێت کە: «ئایا هیچکام لەوکەسانەی لە سەرەوە ناوبراون و حوکمی مردن دراون لای ئێمە بەندن؟» وەڵامەکەش دیسان بە دەسخەتێک بوو کەوا لە ڕێکەوتی ٩ ی نیسانی ١٩٨٥دا نووسراوە: «هیچکام لەوکەسانەی لە سەرەوە ناویان هاتووەو حوکمی مردن دراون بەندیی لای ئێمە نین، بێجگە لە بارزانیەکان کە لە ناوچەی ئێمەدا دەژیان لە پێش گرتنیاندا»، (ئەمەیان جەختی لە سەرکراوە). بەپێی قسەی پیاوێکی دەربازبووی بارزانی کەوا میدڵ ئیست وۆچ لە ١٨ ی مارتی ١٩٩٣دا لە سەڵاحەدین چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردووە، هەندێ لە ژن و منداڵی بارزانیەکان جارێکیتر لە ساڵی ١٩٨٦دا لەلایەن دەزگاکانی حوکوومەتەوە ڕاپێچکراون و بارکراون بۆ سنووری تورکیاوفەرمانیان پێکراوە وڵات بەجێبهێڵن. بەڵام لەپاش بەینێک گەڕاونەتەوە بۆ قوشتەپەو دواتر بە ئاشکرا کاری دیکەیان لە دژ نەکراوە. بەڵام هەندێ ئیجرائات دژبە دەربازبووە بارزانیەکانکرا، لەوانە لێسەندنەوەی ئەومافەیان کە هاوڵاتی عێراقی بن، کەوا بە وردیو دوورودرێژی لە ئاڵوگۆڕکردنی نامەو نووسراوی ئیستیخباراتدا دەردەکەون لە کانوونی دووەمی ١٩٦٨داو لە سەر حوکم و بڕیاری لیژنەی کاروباری باکووری سەر بە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دەدوێت. نووسراوی ژمارە ٦٧٤٠ ی لیژنەی کاروباری باکوور «نهێنیو شەخسی» لە ١٦ ی کانوونی دووەمی ١٩٨٦دا.

بەزمانی عەرەبی چاپکراوە جەخت لەوە دەکاتەوە کەوا هەموو پیاوانی بارزانییان بە پاس بردووە بۆ بەغدا[٣٢]. (فاتمە بابەکر محەمەد)یش کە شەش براو هاوسەرەکەی و باوکیشی لەکۆمەڵکوژی بارزانییەکاندا لەگەڵ چەندین خزم و کەسی نزیکی تری کوژراون: دەڵێت بەیانییەکی زوو بوو ئێمە نانمان دەخوارد کە سەرباز بەناو ماڵان وەربوون و هەموو پیاوەکانیان بردین هەندێکیشیان لەسەر ڕێگا گرت و هەندێکیشیان لەناو جێگادا دەرهێنا، ئەوەی نێرینە بوایە دەیانبرد من هەشت کەسم کۆمەڵکوژکراوە شەش براو هاوسەرو بابم سێ برام ژنیان هێنابوو، ئەمە بێجگە لەمام و خاڵ و خزمە نزیکەکانم، پاش ئەو شاڵاوە ئێمە تەنیا ئافرەت و منداڵ ماین چەند ماڵێک لە ماڵێک کۆدەبوینەوە لەترسی پیاوانی رژێمی بەعس) لەم بارەیەوە حەسەن حەکیم گووتی : ڕژێم بە هێزێکی زۆرەوە لەگاردی کۆماری و ئەمن گەمارۆی کۆمەڵگەکەیان دابوو، ئەوەی لە کۆمەڵگا دەرچووبایە گەڕانەوەی نەبوو بەیانییەکی زوو ئەو هێزانە ڕژانە ناو کۆڵانەکان بۆ گرتنی هاوڵاتییان ئەوەی بەردەستیان کەوت گرتیان ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە ناو کۆڵانەکان خەڵکیان پێ دەگواستەوە موسەلەحەی شۆفرلێت بوون، من لەگەڵ باوکم بووم چاومان بەو هێزە کەوت، دایکم نەخۆش بوو باوکم دەیویست بیبات بۆ نەخۆشخانە لێنەگەڕان بچم پارەی بۆ بهێنم ئیتر باوک ڕۆشت و نەمبینییەوە، ئەوەی لە بیرم ناچێتەوە گیرانی منداڵێکی ٩ ساڵە بوو بەناوی حادێ حەکیم کە خەڵکی گوندی ئالکایە[٣٣].

---

٣٢. بڕوانە د. محمد احسان کردستان ودوامە الحرب دار الحکمة- لندن ص ٧٥

٣٣. بروانە گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە ٤ ڕۆژی ٢٠٧/٤/١٤ ل ٧١

# قۆناغەکانی پەلاماردان

دەتوانین دەستدرێژی بۆ سەر بارزانییەکان لەسێ بۆ پێنج قۆناغدا کورتبکەینەوە بەڵام ئەوە بەو واتایە نایات ئیدی دەزگاکانی ئاسایش دەستبەرداریان بووبن و بەفەرامۆشییان سپارد بن . بۆیە من بەو شێوەیەی خوارەوە باس لە قۆناغەکانی گرتن وکۆکردنەوە دەکەم کە جیاوازە لەو هەڵمەتانەی نوسەرو چالاکوانانی ناوچەی بارزان خۆیان کردویانە چونکە ئەوان هەر هەڵمەتێکی پەلاماردان بۆ سەر ئۆردوگاکانیان بە قۆناغێک ناوبردووە، بەڵام من کۆی ئەو هەڵمەتانەم بە قۆناغێک ناوبردووە واتا بەدیدی من قۆناغی یەکەم ڕاگواستنە بۆ خواروی عێراق و گەڕاندنەوەیانە بۆ کوردستان و قۆناغی دووهەم جارێکی تر گرتن و کۆکردنەوەیانە قۆناغی سێهەم دادگایی کردن وبەکۆمەڵکوشتنیانە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**قۆناغی یەکەم**: دوای ساڵی١٩٧٥ زۆربەی خانەوادە بارزانییەکان راگوێزران بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق، دواتر لە ساڵی ١٩٨٠ دیسان گەرێندرانەوە بۆ کوردستان و لە دەوروبەری شاری هەولێر، لە ناحیەی قوشتەپە لە هەردوو کۆمەڵگەی زۆرەملێی (قودس و قادسیە) نیشتەجێکرانەوە .

**قۆناغی دووەم**: لە (١٩٨٣/٧/٣١)دا بەسەرپەرشتی تاوانبار (بەرزان تکریتی)، کە ئێستا لەسێدراره دراوە بە هێزێکی تۆکمەی گاردی کۆماری وهێزی تایبەتەوە، گەمارۆی هەردوو ئۆردوگاکە دراو لە دوای پشکنینێکی ووردا دەستکرا بەگرتن وکۆکردنەوەی رەگەزی نێر لە تەمەنی (١٠-٧٠

ساڵ)[٣٤]. هەر لەم قۆناغەدا لە (١٩٨٣/٨/١٠) هەرسێک ئۆردوگاکانی (بەحرکە - هەریر - دیانا) پەلامارداران وکەوتنەگرتن وکۆکردنەوەی نێرینەی بارزانییەکان. بەهەمووی ژمارەی سەرجەم گیراوەکان گەیشتە نزیکەی (٨٠٠٠)[٣٥] هەشت هەزار پیاو یاخود نێرینەی عەشیرەتی بارزانی هەر ئەورۆیشتنە بوو ئیدی جارێکی تر نەبینراوە شایانی باسە پاش روخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ لەکۆی ئەوکۆمەڵکوژییە ٥٠٣ تەرم لە گۆڕەبەکۆمەڵەکانی خوارووی عێراق روفاتەکانیان دۆزرایەوەوهێنرانەوە بۆناوچەی بارزان. رۆژی ٦ی ئازاری ٢٠١٣ روفاتی ٩٣ بارزانی تر پاش هەڵدانەوەیان هێنرانەوە بۆ ناوچەی بارزان ئەسپەردەی خاک کرانەوە لەبەشی سێهەمدا لە برگەی شوێنی گۆرەبەکۆمەڵەکاندا بەشێوەیەکی وردتر باسی کات و شوێن وجۆری هەڵدانەوەو بەخاکسپاردنەوەیان دەکەین

**قۆناغی سێیەم:** گرتن وکۆکردنەوەی ئەونێرینە بارزانیانە بوو کە لە دووهەڵمەتەکانی پێشوتردا دەستگیر نەکرا بوون. ئەم هەڵمەتەیان بە راسپاردەی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتی (د. فازل بەڕاک) بەرێوەچوو، کە دەبوو بێ دوودڵی هەرکەسێکیان بگرتایە و دواتریش بەبێ دادگایی کردن ئیعدام کرابوون. بەپێی زانیاریەکانی رێکار مزوری (لە رێکەوتی ١٩٨٣/٨/١١ هەردو کۆمەڵگەی قودس وقادسیە جارێکی تر هەڵمەتیانکراوەتەوە سەرو کۆنترۆڵکرانەوە و بە هێزی ئەمن و ئیستخبارات ماڵ بە ماڵ

٣٤. سەبارەت بە تەمەنی نێرینەی بارزانی بیرورای جیاواز هەیە بەڵام زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی لەتەمەنی ١٠ بۆ ٧٠ ساڵی بۆیە منیش هەروای بۆ دەچم کە رەشبگیریەکە لەسەربنەمای وەرگرتنی پێناس نەبووە بەڵکو بەخەمڵێ گۆترەکاری ئەو ئەفسەرو جەلادانە بووە کە ئەرکی گرتن و کۆکردنەوەکەیان لە ئەستۆ بووە .

٣٥. سەبارەت بە ژمارەی راستەقینەی ئەو پیاوانەی تێداچوون و لە بیابانەکانی خوارووی عێراق کۆمەڵکوژکراون هیچ ئامارێکی فەرمی لەبەر دەستدا نیە، بەڵام بەگشتی کۆکن لەسەر ٥٠٠٠ بۆ ٨٠٠٠ هەزار پیاوی بارزانی .

دەگـەڕان بـەدوای ئـەو مێـرد منداڵانـەی لـە هەڵمەتەکـەی پێشـودا دایکیـان لـە نـاو کانتـۆر وسـەلاجە وشـوێنە نادیـارەکان دا شـاردبویانەوە دەسـتگیران و بێسەروشـوێنکران)[٣٦]. ئەمــەش تارادەیەکـی زۆر مەبەسـتەکەمان رونتـر دەکاتـەوە لـەوەی کـە کـۆی ئـەو قۆناغانـەی بارزانییەکانـی کۆنتـرۆڵ کـردووە بریتیـە لەسـێ قۆنـاغ[٣٧] و چەنـد هەڵمەتێـک لـەکات و شـوێنی جیـاوازی دەوروبـەری هەولێـرو کەمینەیەکیشـیان لـە بەغـداد دەسـتگیر کـراون، بـەڵام تاوانـی ئەنفـال بریتـی بـوو لـە هەشـت قۆنـاغ و لەسەرانسـەری کوردسـتاندا ئەنجامـدرا .

وەنەبـێ پـاش گرتــن و بێسەروشــوێنکردنی پیاوەکانیــان بهێڵــن ژن و منداڵەکانیـان لـەو ئۆردوگایانـەدا بـە ئیسـراحەت دابنیشـن ناهەرگیـز ئـەوە روینـەدا، هـەروا چوار مانگ دوای ئەو رەشـبیگیریە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێـر بـە بریـاری ژمـارە ٤٢٦٦٣/٦/٩ بریـاری داخسـتنی قوتابخانەکانـی ئەو ئۆردوگایانـەی دا کـە منداڵانـی بارزانییەکانـی تێـدا دەژیـان لەوانـە بەهەمـان رێکـەوت وبەژمـارە ٨٦٠ بەیانێکـی گشـتاندووە بابـەت داخسـتنی قوتابخانـە و بەرەزامەنـدی پارێـزگاری هەولێـر بریـار دراوە بەداخسـتنی ئـەم قوتابخانانـە (قودسـی تێکەڵاو، قودسـی کوڕان و قوتابخانەی قادسـیە) و وێنەشـی ناردووە بـۆ وەزارەتـی پـەروەردەو بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی فێرکردنـی سـەرەتایی و

---

٣٦. بروانـە کۆنگـرەی بـە جیهـان ناسـاندنی جینۆسـایدی گەلـی کـورد- ڕێکارێ مـزوری شـێواز و میکانیزمـی جینۆسـاید ودیمۆسـایدی بارزانییـەکان – چاپـی یەکـەم – ٢٠٠٨- هەولێـر- ل٢٠٢) چاپخانـەی دەزگای ئـاراس .

٣٧. بیـروڕای جیـاواز هەیەلـە سـەر قۆناغـی گرتـن و کۆکردنـەوەی بارزانیـەکان بۆیـە مـن سـێ هەتـا پێنـج قۆناغـم دیـاری کـردووە لەبەرئـەوەی هێشـتا بۆمـن رونیـە کـە هەڵمـەت بـۆ سـەر بارزانیـەکان چەنـد جـاری تـر بـووە کەواتـە پۆلینکردنەکـەی مزوریشـکە لەهەموویـان وردتـرە هێشـتا گومـان هەڵگـرە لـەوەی پێنـج قۆنـاغ بووبێـت . بـەڵام بەگشـتی بارزانیـەکان لـە سـێ قۆناغـی سـەرەکیدا گیـران و لەناوبـران و دوای ئـەوەش چەنـد جارێکـی تـر دەزگای ئاسـایش چووەتـەوە وێزەیـان .

باخچـەی سـاوایان/ بەشـی هونـەری کۆمەڵێـک لایەنـی تـر) سـەبارەت بـەم بەڵگەنامەیـە بۆیەیەکەمجـار رێـکار مـزوری لەلایـەن بەڕێوەبـەری پـەروەردەی هەولێـر بەردەسـتی کـەوت و ئێسـتا لـە زۆر شـوێن بڵاوکراوەتـەوە رێـکار مـزوری لـە کتیبەکەیـدا سـەربۆرا جینۆسـایدێن بازانیـان و رێبـوار رەمـەزان عەبـدوڵا لەکتێبەکەیـدا جینۆسـایدکردنی بارزانییـەکان لەسـەدەی بیسـتەمدا— ٢٠١١ — ل ٦٠٩ بڵاویانکردووەتـەوە.

لـە ٢١ی ئابـدا بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی ئاسایشـی بەغـدا بـە ژمـارە ش٥٥٨٤٠/٣١ نهێنـی و تایبـەت کـەوا ژۆی عەقیـدی ئاسـایش بەڕێوەبـەری ئاسایشـی پارێـزگای بەغـدای بەسـەروەیە نوسـراوێک ئاڕاسـتەی ئاسایشـی گشـتی دەکات و داوا دەکات بریارێـک دەربـکات بـۆ دەستبەسـەردا گرتنـی مـاڵ و سـامانی بارزانییـەکان لـە گـوازراوەو نەگـوازراوە. هاوپێـچ نوسـراوێک لـە دادگای شـۆرش ١٤٤٦ /ج/١٩٨٣ تایبـەت بـە کێشـەکە.

سـاڵێک دوای ئـەو غـەدرو تاوانـە گەورەیـەی لێانکـراو مێردەکانیـان گرتـن و بـێ سەروشـوێنیان کـردن، بەبـێ ئـەوەی کـەس هیچیـان لەبـارەوە بزانـێ، ئینجـا کەوتنـە تەنگاوکردنـی ئـەو ژن ومنداڵانـەی لـە ئۆردوگاکانـدا مابوونـەوە، سـەرەتا کارەبـای ئـۆردووگای قوشـتەپەیان بـڕی ونەیاندەهێشـت ئافرەتـەکان لـەو ئۆردووگایـە بچنـە دەرەوە، تەنانـەت بـۆ کاروبـاری بازاڕیـش، لەمبارەیـەوە کەنعـان مەکیـە وێنەیەکـی رونمـان لـە مەینەتـی ئـەو ژنانـە دەخاتـە بەردەسـت و دەنوسـێت (لـە کاتـی سـەردانەکەم لـە تشـرینی دوەم/ ١٩٩١ ئـەو چەنـد کاتژمێـرەی لـە قوشـتەپە بـوم هەسـتێکی ئەوتـۆی لـە ناخمـدا دروسـتکرد کەمەینەتـی ڕاسـتەقینەی روداوەکان کاریگـەری لەسـەر چارەنوسـی زینـدوەکان

هەیە نەک مردووەکان. لەدوای گرتنی نێرینەکان بەماوەیەکی کورت چوار دەوری ئۆردوگاکەیان تەلبەندکرد و ڕۆژانە پیاوانی سوپا سوکایەتیان بەخەڵکەکەی دەکرد، کارەبایان لێ دەبرین و ڕێگەیان نەدەدا پەیوەندی بەدونیای دەرەوە بکەن، ژنان بەتەنەکە ئاویان دەهێنا. بەپێی قسەی یەکێک لەژنەکان، سەربازەکان لەنزیکەوە فیشەکیان بەتەنەکەکانی سەرسەریانەوە دەنا یا بەئەنقەست ئاوەکەیان لە دوای هێنانی دەرشت)

بەڵام لەودۆخە سامناکەدا خەڵکی هەولێرمەردایەتیان نواندبوو هەندێکجار شەوانە بە دزیەوە خواردنیان بۆ دەبردن[٣٨]. ئەوە سەرباری لێسەندنەوەی مافی هاوڵاتی بوونی عێراقی، ئەم زانیاریە لە ڕاپۆرتەکەی میدل ئیست وۆچدا بەم شێوەیە هاتووە (بە وردی و دوورودرێژی لە ئاڵوگۆڕکردنی نامەو نووسراوی ئیستیخباراتدا دەردەکەون لەکانوونی دووەمی ١٩٨٦داو لە سەرحوکم و بڕیاری لیژنەی کاروباری باکووری سەربە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دەدوێت. نووسراوی ژمارە ٦٧٤٠ ی لیژنەی کاروباری باکوور"نهێنی و شەخسی" لە ١٦ ی کانوونی دووەمی ١٩٨٦دا.

٣١ ساڵ بەرلە ئێستا لە ریکەوتی ١٩٨٣/٧/٣٠ و ڕۆژانی دوایی هەڵمەتی گرتن و کۆکردنەوەی پیاوانی بارزانی لەلایەن رژێمی لە ناوچووی بەعس لە ڕێگەی دەزگاکانی هەواڵگری وئەمن بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی (فازل بەراک) و وەتبان ئیبراهیم تکریتی

٣٨. پێشتریش لە کاتی پەلامارەکانی ئەنفالدا کە ساڵی ١٩٨٨ رویدا خەڵکی هەولێر، مەردایەتیان نواندبوو بەوەی ژیانی خۆیان خستبووە مەترسیەوەو سەرباری هەرەشەی پیاوانی رژێم و ئەو مەترسیانەی دەهاتە رێیان بەڵام ئەوان بەردەوام بوون لە هاوکاری کردنی خەڵکی لێقەوماوی کۆمەڵگای بەحرکەو جێژنکا.

بـە هێزێکـی چەکدارەوە کـە بریتـی بـوون لـە چەکدارانـی هێزەکانـی ئاسـایش و گاردی کۆمـاری لــە بەرەبەیانێکـی زوودا بەرێوەچـوو لــە تاریـک و رونــدا هەڵیانکوتایــە ســەر کۆمەڵگاکانی (قــودس وقادسـیە) لــە قوشــتەپەی نزیـک شـاری هەولێـر، دواتریـش کۆمەڵگاکانـی هەریـر لـە قـەزای شـەقڵاوەو دیانـا لـە سۆران بەهەمـووی زیاتـر لـە هەشـت هـەزار پیـاوی بارزانییـان دەسـتگیرکردو رەوانـەی بەغدایانکـردن و دواتریـش لـە داداگای بەنـاو شۆرش بە سـەرۆکایەتی دادوەری نادادپــەروەر (عــەواد بەنــدر) دادگاییەکـی گاڵتەجارییــان کــراوەو بریـاری مەرگـی بەسـەردا سـەپاندون دوایـی رەوانـەی خـوارووی عێراقیـان کــردون، لەکـۆی گشــتی ئــەو ژمــارە زۆرەی پیاوانــی بارزانــی هەتــا ئێسـتا ژمـارەی ئـەو روفاتانـەی لـە بیابـان هێنراونەتـەوە ٦٠٦ تەرمـن کـە لـە بـارزان ئەسـپەردەی خاککرانـەوە. پێدەچێـت هەموئەوانـەی هیشـتا بێسەروشـوێنن هەمـان چارەنوسـیان هەبووبێـت .

لــە دیدارێکــی گۆڤــاری ئەنفالســتاندا حســێن عەلــی کــە لــە ســاڵانی کۆتایــی هەشــتاکاندا ســەربازبووە توانیوێتــی بچێتــە ناوکۆمەڵیــک خانــووی کۆنکرێتیـەوە لـە نزیـک ناحیـی بوسـەیە (ب×ییـە) وهەندێـک کەلوپـەل وجلـی کـوردی بینیـوە لەنـاو ئـەو خانوانـەدا هەرچەنـدە حسـێن ئەوانـەی بەکەلوپەلـو پاشــماوەی ئەنفالکــراوەکان زانیــوە بــەڵام پاشــئەوەی لەرێگــەی پیاوێکــی عەرەبــەوە کۆمەڵیــک گــۆری بەکۆمەڵیشــی دۆزیوەتــەوە لەنــاو قســەکانیدا گومانــی ئــەوەش هەیــە کــە ماوەیەکـی زۆر بارزانییــەکان لــەو کۆمەڵگایــەدا هێڵرابنــەوە، بەتایبەتیـش کـە بـاس لەوێنەیـەک دەکات کـە لەسـەر پشـتەکەی نوســراوە دەرۆم کــە نەیانهێنامــەوە ئــەوا بزانــن کــە کــوژراوم . تەنانــەت بــاس لــە بوونــی هەندێـک کوردیـش دەکات کەســاڵانێکی زوو راگوێــزراون

و هێشـتا نەگەراونەتـەوەو هەرلـەوێ مـاون، مـن لێـرەدا قسـەکانی ئـەو شـایەتحاڵە بەهەمـان زمانـی ناوچەیـی خـۆی بـڵاو دەکەمـەوە کـە لـە ژمـارە پێنجـی ئەنفالسـتاندا بڵاوکراوەتـەوەو لەوەڵامـی گۆڤـاری ئەنفالسـتاندا دەڵێـت: ئـەو خانوانـە زۆر لـە خـوار نوگرەسـەلمانەوەن جادەیەکـی قیـرە بـەرەو (حفرالباطـن) دەروا مسـافەی شـەش حـەوت کیلۆمەترێکـە تـەواو دەبێـت، لـەلای ناسـرییەوە* نوگرەسـەلمان بـە بەرزیەکەوەیـە، لەسـەر تەپێکـە، کـە دێیـت هەندێـک موجەماعتـی ترهەیـە ئەوانـە ماڵـە عەرەبەکانـن، بـەڵام هەندێـک کوردیشـی تێدایـە کەکاتـی خـۆی نەفـی کـراونو نەگەراونەتـەوە بۆکوردسـتانوهەرلەوێ نیشـتەجێبوون، تەنانـەت جارێکێـان کابرایەکـی پیـرم بینـی گسـکی جـادەی دەدا لیمپرسـی ووتـم چیـە جامەدانێکـەت کوردیـەو جلەکانـت عەرەبیـن؟ کابـرا ووتـی مـن کـوردم، ووتـم ئـەی چـی دەکەیـت لێـرە ووتـی کاتـی خـۆی نەفـی کـراومو وام لێـرە، ووتـم خەڵکـی کوێـی؟ ووتـی خەڵکـی گەرمیانـم، ئیتـر چەنـد پرسـیارێکی تـرم لێکـرد وەڵامـی نەدامـەوە، بـەڵام کـە پرسـیاری معاشـەکەیم لێکـرد ئـەوەی ووت: کـە معـاش نـادەن پێـم تەنهـا سـەری مانـگو سـەری مانـگ هەندێـک زەخیـرەم پێـدەدەنو تـەواو. لـەوە دەچـوو هەندێـک زانیـاری هەبێ بـەڵام ترسـاوە نەیدەتوانـی هیـچ بڵێـت) هەڵبـەت ئەمـە لەگـەڵ بارودۆخـی ئـەو خانەوادانـە جـوت دێتـەوە کـەوا ئـەو کوردانـەی لـە پـاش سـاڵی ١٩٧٥ راگوێزرابـوون ئەوپەڕەکـەی حکومـەت مۆڵەتـی کردنێکـی هاکەزایـی یاخـود کاری خزمەتگـوزاری پێـدەدان.

سـەبارەت بـە گـۆڕە بەکۆمەڵەکانیـش حوسـێن بۆگۆڤـاری ئەنفالسـتان دواوەو دەڵێـت: بەحوکمـی ئـەوەی مـن فیتـەر بـووم بۆهەندێـک معسـکەری تـر دەچـووم، زۆر شـوێنم دیـووە ئـەو زەخیـرەو شـتەش هـەر بـەو هۆیـەوە

دیتمانـەوە، هەمـووی لەناوقوتوودابـوو، ئیتـر جـل و جامەدانـێ و پیڵاوی منداڵ هەموویـم بینیـوە.) لەوەڵامـی ئـەو پرسیارەشـدا کـە گۆڤارەکـە لێـی کـردووە ئایـا زیاتـر جلوبەرگـەکان هـی چ ناوچەیەکـی کوردسـتان بـوون؟ سـەربازە کوردەکـە لەوەڵامـدا دەڵێـت : لـە سێگۆشـەکە بـان قاتێک(چۆغـە)ی مـەرەزم دۆزییـەوە بانقاتـی خۆشـمان نامـەرەزی بانقاتـی دووڕەنـگ، هـی مەنتیقـەی بادینـان مـن هەرلەسـەرئەوەش بـوو لەگـەڵ پارتـی قسـەمکرد کەرەسـمەکەم بـرد، بـەڵام ئـەوان ووتیـان بەعەمـەل نایـات منیـش وازم لێهێنـا، فەقیانـەی ئافرەتـم دۆزییـەوە، مەنتیقـەی بادینانیـش فەقیانەی کراسـیان نییـە، جەمادنێم دۆزییـەوە عـادی رەش هـی سـورم نەبینـی، هەتـا ئـەوەی مـن بینیـم رزی بـوو، جلـی خـەت خەتـی ناوچـەی بادینـان هەموویـم بینیـوە لـەوێ بۆیـە ئەوەنـدەش جەخـت (ئیلحـاح)م لـە کابـرای سـەید کـردەوە، ئینجـا کابـرا دوایـی ئـەوەی پێـی گوتـم ئـەوە گـۆڕی کوردەکانـە ووتـی: بـەڵام ئەمانـە باشـتربوون دەڵێـن لەنوگرەسـەلمان زەلامـە کوردەکانیـان رووتدەکـردەوەو لەبەرهەتـا ئەتاوانـەوە، هەرلەبەرخـۆر سـوتاندوویانن مەبەسـتی ئـەوە بـوو رایانگرتـوون لەبەرخۆرەکـە تاگیانیـان دەرچـووە. لـەو دیـدارەدا سـەربازە کوردەکە نهێنی گرنـگ دەدرکێنی و بـۆ حکومەتیـش گرنگـە پرسـیاری لەبـارەوە بکردایـە بەتایبەتـی دەربـارەی ئـەو گـۆرە بەکۆمەڵـەی کـە باسـی دەکات زیاتـر پیدەچێـت بارزانییەکانـی لێهێڵرابنـــەوە پێـــش کوشـــتنیان، لەوبارەیـــەوە ســـەربازەکوردەکە دەڵێـــت : ئـا ئـەو کوردانـەی تێدابـووە کەکـوژراون، هەرلەنزیـک خۆیانـدا لەبـەردەم خانووەکانـدا هـەر کۆمەڵـەو چالێکیـان بۆیـان هەڵکەنـدووەو هەمـووی تیانیـان کـردووە. گـۆرەکان لـە بـەردەم خانووەکاندایـە هەرکۆمەڵـە خانوویـەک گۆریکی لەبەردەمدایـە. خانـووەکان وەکـو ژمـارە شەشـێک دروسـتکراون وەکـو (L)ی

ئینگلیـزی، گۆڕەکان دەکەوێتـە نـاو ئـەو بۆشـاییەی هەردوو سـەری ئێڵەکەوە، عەمـودی ئێڵەکـە ماڵـەکان بـوونو خوارەکەشـی ماڵـی مەسـئولەکان بـووە، لـە هەندێک کۆمەڵیانـدا خانـوەکان دوبـەرن. هەرکۆمەڵـە خانوویـەک (٥) کـم لـەوی تـرەوە دورە ئێمـە بـە کیلۆمەتـری سـەیارە حسـابمانکردووە، یەکـەم ڕۆژ چوومـە نـاو ئـەو ماڵانـەوە بەناویانـدا گـەڕام لـە ماڵێکدا وێنەیەکم دۆزیـەوە، چەنـد شـتێک لـە پشـتەکەیەوە نوسـرابوو، نوسـرابوومن لاوێکـی بادینانـم ئەگـەر بانگیانکردمـە دەرەوەو هاتمـەوە تێبینییەکـەم دەنوسـم، ئەگـەر نەهاتمـەوە واتـا نەمـاوم، دوجـار برابـووە دەرەوەو تێبینییەکـەی نوسـیبوو، بـەڵام جـاری سـێهەم تێبینییەکـەی نەنوسـرابوو، دیـارە نەمـاوە[٣٩].

مایـەی هەلوەسـتەیە لێـرەدا رابوەسـتین و بـەوردی گـویێ لەسـەربازەکە بگریـن کـە چـۆن دەیەوێـت لەبەرەبەیانـی ڕاپەرینـدا نهێنییەکـی زۆر گرنـگ زانیارییەکـی گرنـگ بگەیەنێتـە بەرپرسـانی حـزب پێشـئەوەی حکومـەت پێکبهێنـن بـەڵام وەڵامـی نادەنـەوەو بەهەنـدی ناگـرن سـەربازەکە دەڵێـت: : منیـش ئـەو ڕەسـمەم هێنایـەوە لەگـەڵ خۆمـدا، دوای ڕاپەریـن بـردم بـۆ لقـی چـوار، ئەوکاتـە لـە شـەهید عوسـمان بـوو، یەکێـک لـەویێ مـن ئەوکاتـە کەسیانم لێنەدەناسی، ووتیـان فەرمـوو ووتـم وەاللـە کاک مـن عەسـکەربووم لـە حفرالباتـن ئـەم وێنەیـەم دۆزیوەتـەوە هـی کوڕێکـە خەڵکـی مەنتیقـەی بادینانـە، لـەویێ چـوار گـۆری بەکۆمەڵـی لێیـە، بـەڵام یـەک گۆڕیـان هـی

٣٩. بروانـە ئەنفالیسـتان ژمـارە — (٥) ل ١٣٨–١٣٩. کاتێـک گۆڤـاری ئەنفالسـتان دیـداری لەگـەڵ ئـەم سـەربازەدا ئەنجامـدا وای بۆچوویـن کـە هـەردوای بڵاوبوونـەوەی ئـەو ژمـارە یـەی ئەنفالسـتان خەڵکـی کوردسـتان بەتایبەتـی کەسـوکاری قوربانیـەکان و ڕێکخـراوەکان و لایەنـە پەیوەندیدارەکانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەکەونـە خـۆو کاک حسـێن رادەسـپێرن یاوەریـان بێـت بـۆ شـوێنی گۆرەبەکۆمەڵـەکان بـەڵام ئەفسـوس نـەک وادەرنەچـوو بگـرە دوای ئەوەی سـاڵی ٢٠١٣ لەکەناڵی سـپێدە دیداری تەلەفزیونیشـیان لەگەڵدا کـرد دیسـانەوە کەسـێک نەیپرسـی بلێـت تـۆ ڕاسـت دەکـەی یـان لـە هـۆش خـۆت چویـت؟

بادینانییەکانە، کابرا نە بەرپرسێکی نیشانم دا نە رێگەیەکی پێ ووتم، ووتی رەسمەکە دانێ خۆمان جوابت لێدەگیرینەوە، ووتم واللە من ئەم رەسمە نادەم ڕاستیەکەی لە کارەکەی نارەحت بووم نەمداپێی، ووتم هەرکاتێک پێویستتان بە رەسمەکە بوو ئەوەتا لەتەک خۆما، ئیتر ئەوە بوو راکردنەکەی ئێرانی بەسەردا هات خەڵک ماڵی لە بیرنەبوو، نەوەکو رەسم بەهەرحاڵ فەوتاو رۆیی[٤٠].

بارزانییەکان گیران وکۆمەڵکوژکران، ئەمە ئەو تێگەیشتنە گشتییەیە کە هەموومان دەیزانین، هەروەک ئەو تێگەیشتنە گشتیەی دەوترێت ئەنفال لەهەشت قۆناغی سەربازیدا رویداو کە ٨٢٠٠٠ ئینسان ئەنفال و بێسەرو شوێنکران، بەڵام ئەوە هەروا ئاسان تێناپەڕی بەڵکو بۆخۆی کارەساتێکی تربەدوای خۆیدا دەهێنێتە پێشەوە، کارەساتەکەش ئەوەیە کورد ئامادە نییە لە چیرۆکەکانی پشتی ئەم کۆمەڵکوژیانە رابمێنێ و هەڵوەستەیان لەسەر بکات، تەنانەت ئاوڕ لەو ڕاگواستنە زۆرەملێیەش ناداتەوە کەوا بەدەیان هەزار پیاوی بارزانی رەوانەی بیابانەکان کردو مەینەتییەکی زۆری بۆ ژن ومنداڵانی ناو ئەو کۆمەڵگایانە بەجێهێشت، ڕاگواستنێک کە تارادەیەکی زۆر لە (رێپێوانەکانی مەرگ)ی ئەرمەنییەکان دەچوو، بەپێیی بەندی دووهەمی پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید لە ساڵی ١٩٤٨ دا ڕاگواستنی بارزانییەکان کتومت لەگەڵ بەندی دووهەمی پەیماننامەکەدا هاوجوت دێتەوەو دەچێتە خانەی تاوانی جینۆسایدەوە هەروەک لەبەندی دووەمی ئەو پەیماننامەیەدا دەبینین کە تاوانی جینۆساید هەریەکێک لەو کردەوانە دەگرێتەوە کە بەمەبەستی

---

٤٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو .

وێرانکردنی گشت یان بەشێکی گروپێکی دیاریکراو" نەتەوەیی، ئاینی، ڕەگەزیی، ئەتنی" ئەنجامبدرێت. کەلەم خەسڵەتانەی خوارەوەدا خۆیان دەنوێنن.

١. کۆشتنی ئەندامانی کۆمەڵێکی دیاریکراو (نەتەوەیی ئەتنی، ئاینی، ڕەگەزی)

٢. زیان گەیاندن بە جەستەو شیواندنی بیر یان دەرونی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.

٣. دانانی ئەوکۆمەڵە بە ئەنقەست لەژێر بارودۆخێکی سەخت و دژواردا کەببێتە هۆی فەوتاندنی گشت یان بەشێکی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.

٤. تەگەرەخستنە بەرمنداڵ بوون لەنێو ئەوکۆمەڵەدا.

٥. بە زۆر ڕاگواستنی منداڵ لەوکۆمەڵەوە بۆ کۆمەڵێکی تر.

ئەو ئۆتۆمبیلانەی لە بناری چیاوە دەکەوتنەرێ هەتا قوڵایی بیابانێکی خۆڵاوی ترسناک و ژینگەیەکی پیس وپۆخەڵ، ڕاوەستانیان نەبوو، کاروانی ئەو سەرنشینە چیاییانەی دەیانیان لەبرساو لەتینواندا مردن و تەرمەکانیان لە بیابان بەجێمان، لە ناویاندا بە دەیان منداڵ بەرگەی ئەو بارودۆخەیان نەگرتوو لەوێ گیانیان لەدەستدا بەپێی ئاماری ئەو پیرومنداڵانەی لە قەزای عەفک بەهۆی بارودۆخی خراپی کەشوهەواو ئاوی پیسەوە مردون ژمارەیان (٢٣٧) کەسە[٤١]. ئەوان کوژران تەنها لەبەرئەوەی بارزانی بوون، کوشتنێکی دەستەجەمعی ترسناک بەر لە کۆمەڵکوژی تاوانی ئەنفال، کۆمەڵکوژییەکی مەترسیدار کە هەتا ئەمڕۆ بێجگە لە ڕوفاتی نزیکەی ٥٩٦ کەس هیچ کامیان سۆراخی نییە.

ئەو بارزانیانەی کە نێرینەن دەبێ بکوژرێن (نەک هەمووبارزانییەک) ئەمە خەسڵەتی دەستنیشانکردنی قوربانییە، بەو واتایەی (کێن ئەوانەی

---

٤١. بروانە ڕێکارێ مزوری- سەربۆرا تراژیدیاێن بارزانیان-٢٠١٣-هەولێر — ل ١٥٦-١٦٤

دەبێ بکوژرێـن؟) لێـرەوە زۆر بەروونـی جیاوازییەکـە لەنێـوان ئەنفـال و بارزانییەکانـدا خـۆی دەخاتـەڕو، لـەم دۆسـێیەدا ئـەوەی لەسـەری دەوەسـتین کۆمەڵکـوژی بارزانییەکانـە (ئـەوەی دەبـوو لە سـاڵی ١٩٨٣ بکوژرێـن نێرینەی بارزانـی بـوو) تەنانـەت ئـەو ژنانـە نیـن کـە بارزانیـن ئەومنداڵانـە نیـن کـە تەمەنیـان لەخـوارە، بەڵکوئەومرۆڤانـەن کـە رەگـەزو تەمەنیـان دیاریکـراوە نێرەکانیـان بکـوژن و مێیەکانیـان زەلیـل بکـەن. ئەمـە لۆجیکـی ڕون وئاشـکرای بەعـس بـوو، ڕەنگـە ووتـەی شـایەتحاڵەی بـۆ ئەنفالسـتان قسـەی کـردووە زۆر گونجاوبێـت بـۆ سـەلماندنی ئـەم رایـە فاخیـر ڕەشـید لەدایـک بـووی (١٩٥٣) دانیشـتووی کۆمەڵـگای دیانەیـەو سـێ بـرای لەکۆمەڵکوژیـی بارزانییەکانـدا گیـران ودواترکـوژراون، ئـەو بەگۆڤـاری ئەنفالسـتان ژمـارە (٤) ی راگەیانـدووە کـەوا هێزەکانـی ڕژێـم کۆمەڵگاکەیـان گەمارۆدایـن ئـەوەی لـە ١٠ سـاڵان بۆسـەرەوە بـوو ڕاپێچیـان کـردن، لـە قوشـتەپە خەڵکـی لێبـوو بارزانـی نەبـوون ئەوانیـش گیـران بـەڵام دواترئـازاد کـران)[٤٢] ئـەوە نیشـانەیەکی تـەواو ڕون و ئاشـکرای جینۆسـایدی گروپێکـی دەستنشـانکراوە فاخـر درێـژە بـە قسـەکانی دەداودەڵێـت: (لـە بیرمـە پیاوانـی بەعـس بەچـی شـێوازێکی نـا مرۆڤانـە مامەڵەیـان لەگـەڵ گیراوەکانـدا دەکـرد، عومەرکوڕانـی پیرەمێردێکـی بارزانـی بـوو بەشـێوازێکی زۆر دڕندانـە پـاش لێـدان وئازاردانـی سـواری پاسـەکەیان کـرد، ئێسـتاش کەسـەری تەحسـینی برامـم بیرناچێتـەوە کاتێـک داوای کـرد کـوڕە ٤ مانگەکـەی کـە نـاوی عەلـی بـوو ببینێـت، بـەڵام ڕێگەیـان نـەدا)[٤٣] هەروەهـا هاوڵاتـی عومـەر ئیبراهیـم قسـەی بـۆ گۆڤـاری ئەنفالسـتان کـردووەو لەبـارەی روداوی گرتنـی پیاوانـی بارزانییـەوە دەڵێـت: باوکـم لەگـەڵ

٤٢. بروانە ئەنفالستان ژمارە ٤ ریکەوتی ٢٠٠٧/٤/١٤ لاپەرە ٧١ راپۆرتی ناجی شارەزوری
٤٣. هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەرە

دوو بـراو چـوار مـام و ٨ كـوڕە مامـم گيـراون لـە درەنگانێكـی شـەودا گەمـارۆی كۆمەڵگاكەيـان دابـوو، ئـەوەی لەكۆمەڵگـە دەرچووبـا بـۆدەرەوە لەسـەر جـادە بازگەيـان دانابوودەگيـران دواتـر كـە بەيانـی ڕوويـان كـردە نـاو كۆمەڵگـە ئـەوەی بەردەسـتيان كـەوت كەسـيان قوتارنەكـرد ژن ومندالّـی كۆمەڵگـە ڕوويـان كـردە سەرشـەقام بـۆ ئـەوەی نزيكـی گيـراوەكان ببنـەوە بـەڵام فاشـييەكان دەسـتدرێژييان كـردە سـەر ژن ومندالّـەكان لـە ئەنجامـدا چەنـد كەسـێك برينـدار بـوون برينـدارەكان بـە ئۆتۆمبێلـی ئەمـن گەيەنرانـە نەخۆشـخانە لـە هەولێـر لەبيرمـە پياوێـك بەنـاوی (حەسـەن شـەريف) عەرەبـی دەزانـی لەگـەڵ برينـدارەكان چـوو بـۆ هەولێـر دواتـر ئەويشـيان لەگـەڵ خۆيانـدا ڕاپێچـا. بـەڵام ڕژێمـی بەعسـی خوێـن مژبـەوەش ڕانەوەسـتا دەسـتی كـرد بـە بڕينـی ئـاو و كارە بـا لـە خێزانـەكان و لێنەگـەڕا كـەس لـە كۆمەڵـگا بێتـە دەرەوە[٤٤].

لـە ئـۆردوگای ديانـا چيرۆكـی خانـەوادەی (خۆشـابە يوحەنـا) زۆرمايـەی تێڕامانـە، چيرۆكێكـی ئازاربەخـش وهەتـا ئـەو پـەڕی سـتەمكاری دزێـوو مـرۆڤ هەژێنـە، گليانـا كـوڕی خۆشـابە يوحەنايـە كـوردەو بـە ئايـن مەسـيحيە دەڵێـت: ڕۆژانـی سـەری سـاڵ وجەژنـان بـۆ ئێمـە پرسـەن، باوكـی گليانـا بارزانـی نەبـوو، بەڵكـو خەڵكـی گونـدی بێديـال بـوو تاوانـی ئـەو پيـاوە مەسـيحيە تەنهـا ئـەوە بـوو كـەوا وەك داب ونەريتێـك جامادانێـی سـوری لەسەربەسـتبوو. كاتێـك پياوانـی ئەمـن و گاردی كۆمـاری بەمەبەسـتی گرتنـی پياوانـی بارزانيـان باوكـی گليانـاو چەنـد كەسـێكی دی كـە بەهـۆی دابونەريتـەوە جامەدانێـی سـوريان لەسـەر نـاوە گرتوويانـە بـەڵام كاتێـك ئەفسـەرێك زانيوێتـی ئـەو پياوانـە بارزانـی نيـن و مەسـيحين پێيـان دەڵێـت:

---

٤٤. بروانە سەرچاوەی پێشو.

ئـەو جامادانێیانەتـان لەسـەرتان فرێبدەن..ئەوانیـش دەڵێـن چـۆن فرێـی دەدەیـن ئـەوە دابونەریتـە؟ ئەفسـەرەکەش تورەدەبیٚ و دەڵێت: مـادام وایـە سـەرکەوە سـواری ئـەو پاسـانەیان دەکـەن کـە بـۆ گواسـتنەوەی بارزانییـەکان ئامادەکرابـوون ئیـدی هـەر ئـەو گرتنـە بـوو کـە رۆیشـتن و جارێکـی تـر نەگەرانـەوە، گلیانـا ئامـاژە بـەوەش دەکات و دەلیٚـت لەپاشـئەوە دایکـی مـن هەمیشـە دەگریـاو دەپارایـەوە هەتـا رۆژێـک دەمـاری سـەری تەقـی و خوشکێکیشـم (بەنـاوی نەهرێـن) ئەوەنـدە بـۆ بابـی مـن پەرێشـان بـوو هەتـا توشـی نەخۆشـی دەرونـی بـوو دواجاریـش بەتـەواوی تێکچـوو[٤٥].

لـە دوای ئـەوەی تاوانـی ئەنفـال پـەردەی لەسـەر هەڵماڵـدراو گەورەیـی قـەوارەی تاوانەکـە لەسـەر ئاسـتی عێـراق و تەنانـەت جیهانیـش دەرکـەوت، کاتێـک باسـی ئەنفـال سـنووری کوردسـتانی بەزانـد و بـووە مایـەی گرنگـی پێدانـی خەڵکانـی بیانـی وئەمریکیەکانیـش نـاوی تاوانـی سـەدەیان لێنـا، ئیدی تاوانـی ئەنفـال لەبـری ئـەوەی ببێتـە کردنـەوەی دەرگاداخـراوەکان بەسـەر دۆسـێکانی تـردا بەداخـەوە خەریکـە دەبێتـە ناسـنامەی زۆر تاوانـی تـرو پـەردە یەسـەر هەمـوو ئـەو تاوانانـەی تـردا دەدات کـە لەپێش تاوانـی ئەنفال ئەنجامـدراون!! ئەمـەش هیـچ نییـە جگەلـە جەهلێکـی گـەورەو قسـەکردن لـە بابەتێـک کـە شـارەزاییمان لێـی نییـە. دەنـا ئەوتاوانـەی دەرهـەق بـە بارزانییـەکان کـرا لـەرووی ژمـارەوە نەبـێ هیچـی لەتاوانـی ئەنفـال کەمترنییـە تاوانێـک کـە شـایانی ئەوەیـە هەمـوو عێراقییـەک لەبەرامبەریـدا هەسـت بـە شـەرمەزاری بـکات، هـەروەک کەنعـان مەکیـە کاتێـک چووەتـە ئـۆردوگای قوشـتەپە بـۆ ئـەوەی لێکۆلینـەوە لەتاوانـی کۆمەڵکـوژی بارزانییـەکان و هەلومەرجـی ژیانـی ژنانـی بەجێمـاوی دوای ئـەو پیاوانە بکات کـە لەبیابانەکان

٤٥. بروانە ڕێکارێ مزورێ سەربۆرا تراژیدیاێن بارزانیان-٢٠١٣-هەولێر — ل ٢١٢-٢١٣

بـه کۆمـەڵ کـوژراون، لـە کتیبـە بەناوبانگەکەیـدا دەڵێـت: (کاتێـک لـەدەوری ئۆردوگاکـە دەسـوڕاینەوە هـەواڵ بڵاوبـووە لێکۆڵینـەوە لەسـەر روداوەکانـی ئۆردوگاکـە دەکەیـن، بۆیـە ژنـان و منـاڵان بەخۆیـان و وێنـەی کەسـورکارە بێسـەرو شـوێنەکانیانەوە لەماڵـەوە گوروژمیـان دەهێنـا . لـەو سـاتەی خەڵکـی لـە چـواردەورم ئاپورەیـان بەسـتبو هەسـتم بەشـەرمەزارییەکی زۆر دەکـرد کەشـایانی راڤەکـردن نییـە، چونکـە شـەرمم لـە عراقـی بونـی خۆم دەکـردەوە . بڕوانــە کەنعــان مەکیــە- دڵرەقــی و بێدەنگــی — چاپخانــەی ســەردەم — وەرگێڕانـی کـوردی حەمـە رەشـید- ل ٢٠٠-٢٠١ .

جیگـەی خۆیەتـی ئامـاژە بەوخاڵـەش بکەیـن هەندێـک لـە مزورییـەکان کـە دەرفەتـی خۆشـاردنەوەو خۆپەنادانیـان بـۆ رەخسـابوو، هەندێـک لـە زێبارییـەکان کـە سـەربە حکومـەت بـوون و فەوجـی جاشـیان هەبـوو، بۆیـان تێکەوتـن و لـەلای خۆیـان داڵدەیـان دان، بـەڵام بـەو مەرجـەی ببنـە چەکـدارو بـە فەوجەکانـی جاشـەوە پابەندبـن، زێبارییـەکان لـەلای حکومـەت بۆیـان تێکەوتبوون و بـە پیاوانی بەعسـیان راگەیاندبـوو کـە مزوریـەکان بارزانـی نین . بەهۆیـەوە حکومەتیش کەمێک نەرمـی نوانـد بـەڵام زۆریشـیان بەرلامارەکانـی پێشـوو کەوتـن و بێسەروشـوێنکران . رێکارێ مـزوری کـە ئـەو سـەروەختە تەمەنـی ١٢ سـاڵان بـووە و مامەکانـی لـە کۆمەڵگـەی بەحرکـە دەژیـان بـەر ئـەو کۆمەڵکوژییـە کەوتـن، بـەڵام بابـی توانـی لەبن قەسـەڵ وپـوش و پەڵاشـی گەنـم خـۆی بشـارێتەوە دواتـر بۆخـۆی و براکـەی و بابـی لەبەحرکـە هەڵاتـن وخۆیـان شـاردەوە . بەپێـی زانیاریەکانـی نوسـەری بـواری جینۆسـاید رێکار مـزوری بەدەرلـە گـۆرە بەکۆمەڵـەکان لـە قـەزای عەفـەک گـۆری ئـەو بارزانیانـەی لـە سـاڵی (١٩٧٦) بەهـۆی ڕاگواسـتنی بارزانییـەکان بـۆ باشـوری عێـراق، لـە بارودۆخـی خراپـی کەشـوهەوادا بـۆ دەوروبـەری پارێـزگای دیوانییـە، تەنهـا لەقـەزای عەفـەک تەرمـی (٧٠٠) کەسـی لـێ بەجێمـاوە .

## بەشی دووهەم

- ئایا میدیاکاران و سیاسیەکان ڕاستیان ووتووە؟ بارزانییەکان بەئەنفال ناوبەرین یاخود بەجینۆسایدکراو؟
- هەڵپڕوکاندن و لەکۆڵ خۆکردنەوە
- نکۆڵی کردن!
- بەراورد لەنێوان تاوانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی بارزانییەکان.

## ئایا میدیاکاران و سیاسیەکان ڕاستیان ووتووە، بارزانییەکان بەئەنفال ناوبەرین یاخود بەجینۆسایدکراو؟

زۆرجار لە کوردستان ئەگەر بیانەوێت گوزراشت لە گەورەیی تاوانێک یان هەرغەدرێک بکەن دەڵێن ئەوە ئەنفالە، بەڵام ئەوە هەڵەیەکەو دەشێت ڕێگەی پێبگرین، زۆر جاران ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان هەمان گوزارشت لە پێشیلکاریەکانیان دەکەن و دەڵێن ئەنفالی ژنان راگرن، یان هەر پێشیلکارییەک بیانەوێت تاوانەکە لە قەوارەی خۆی گەورەتر پیشان بدەن بە ئەنفال وێنای دەکەن. بۆنموونە ساڵی ٢٠١١ کاتێک هێزەکانی ئاسایش بە نیازی ئەشکەنجەدان وترساندنیان کۆمەڵێک لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانییان گرت و بە پاس لە شار دوریانخستنەوە، ئەم دەستدرێژیە بۆ سەر خوێندکاران لە ناو ڕاگەیاندنی کوردیدا بەجۆرێک کەوتەوە کە قەوارەی ئەو پێشیلکارییەوهەڵمەتەکەی ئاسایشیان ناونا ئەنفالی قۆناغی نۆهەم . لەڕاستیدا ئەوە غەدرێکی گەورەبوو کە دەرهەق بە قوربانیانی ئەنفالکرا ڕاستە دەستدرێژییەکەی هێزە ئەمنییەکان تارادەیەکی زۆر پێشێلکارییەکی گەورەو دزێوبوو بەڵام هەرگیز ڕەوانییە تاوانی ئەنفال بەو جۆرە پێشێلکاریانە وێنابکرێت .

دۆسێی بارزانییەکان یەکێکە لەو تاوانانەی دەرهەق بەکورد کراوەو لەبەر رۆشنایی پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید، دەچێتە خانەی تاوانی جینۆسایدەوە، چونکە هەموو ئەو پێناسانە لەخۆ دەگرێت لە بەندی سێی ئەو پەیماننامەیەدا هاتووە، کۆمەڵکوژی بارزانییەکان تاوانێک بوو زۆر لە تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال دەچێ بەڵام بە

ئەندازەیەکـی بچوکتـرو لەناوچەیەکـی بەرتەسـکتردا هـەم لـەر ووی ژمـارەی قوربانییەکانییـەوە هـەم لـە رووی نیازەکانـی بەعسـەوە، دەشـێت بلێیـن ئەنفـال لـە تاوانـی بارزانییـەکان دەچێـت بـەڵام بـە شـێوەیەکی فراوانتـرو ژمـارەی قوربانییەکانـی سـەد جـار زیاتـر، دەشێت بڵێین تاوانـی ئەنفـال لـە سۆنگەی بێدەنگی کۆمەڵکوژی بارزانییەکانـەوە بـوو، بـەڵام هەرگیـز ناشێت ئـەم دوو تاوانـەی دەرهـەق بەکـورد ئەنجامـدراون لـە دوو زەمەنـی جیـاوازدا تێکـەڵ بـە یەکیـان بکەیـن. بـەڵام بەداخـەوە تێکـەڵ کردنـی هـەردوو دۆسـێکە نـەک هـەر لەناوەندەکانـی رۆژنامەوانـی بگـرە لەسەرئاسـتی سـەرکردایەتی سیاسـی و میدیـاو تەنانـەت لـەلای ئـەو رێکخراوانـەش کـە تایبەتـن بـە ئەنفـال و جینۆسـاید، نابەرپرسـیارانە هـەردوو دۆسـێکە تێکـەڵ بـە یەکتـری دەکـەن .

بـۆ ئـەوەی لـە گۆتـرەکاری بەدوربیـن و بـە بەڵگـە قسـە بکەیـن واباشـە چەنـد بەڵگەیـەک بخەمـە رچـاو مـن لێـرەدا هەوڵـدەدەم ڕاپۆرتـی زیـاد لـە رۆژنامەیـەک بکەمـە بەڵگـە .

رێکخـراوی ڤەژیـن کـە بەتایبـەت کار بـۆ دۆسـێی بارزانییـەکان دەکات بەشـێوەیەکی تەندروسـت تەماشـای دۆسـێکە نـاکات ئەویـش وەک رێکخراوێـک گرنگـی بـەوە نـادات کـە دۆسـێکە وەک خـۆی بخوێنێتـەوە بـە دوای زمانێکـدا ناگـەرێ کـە تاوانەکـە چەواشـە نـەکات بەڵکـو بـە خەمسـاردییەوە دۆسـێی جینۆسـایدی بارزانییـەکان بـە ئەنفـال ناودەبـات تەنانـەت کاتێـک پرۆفایلـی بۆ قوربانییەکانـی تاوانەکـە کـردووە لـە پێگـەی تایبەتـی رێکخراوەکـەدا ریزبەندی بـۆ کـردون، بەشـێوەیەک تێکەڵـی کـردووە ئەسـتەمە کەسـێک تێبـگات کـە کۆمەڵکـوژی پیاوانـی بەرزانـی لەنـاو پرۆسـەی تاوانـی ئەنفالـدا نەبـووە، بـۆ

نموونـه دەنوسـێت:

ناڤ:

سالآ دایكبونێ:

رۆژا ئەنفالكرن:

بەداخـــەوە بـــەرواری گرتنـــی هەمـــوو قوربانییەكانـــی كۆمەڵكـــوژی بارزانییەكانــی بەهەمــان ئــەو بــەرواره (٣١ی تەمـوزی سـاڵی ١٩٨٣ دانـاوە) بــەڵام ئایــا بەڕاســت ســاڵی ١٩٨٣ بێجگــە لەپیاوانــی ئاینــی كــەس نــاوی ئەنفالــی بیســتبوو؟

هەڵبەتــە ئــەم تێكەڵكردنــە نــە لــە قازانجــی كــوردە نــە لەقازانجــی بارزانییــەكان بــەڵای كەمــەوە لەیـادەوەری نـەوەی داهاتـوودا دۆسـێیەكی تـری جینۆســایدكردنی نەتــەوەی كــورد دەســڕێتەوە. بێجگــە لەرێكخــراوی ڤەژیــن پێویســتە چەنــد نموونەیەكــی تــر بهێنینــەوە .

**كوردستانی نوێ:**

رۆژی ٢٠١٣/٨/١ تەها عەبدوڵڵا ڕاپۆرتێكی دەربارەی سـیهەمین سـاڵیادی تاوانــی جینۆســایدكردنی بارزانییــەكان ئامــادە كــردووە، لەڕاپۆرتەكــەدا ئــەوەی بــەدی دەكرێـت جگـە لــەوەی رۆژنامەكـە جینۆسـایدی بارزانییەكانــی بــە ئەنفــال ناوبــردووە، هەمــوو ئەوانــەش كــە قســەیان بــۆ رۆژنامەنوســەكە كــردووە یــان لەجێگــەی تــر قســەیان كــردووەو پەیامنێرەكــە گواســتویەتیەوە نــاو ڕاپۆرتەكــەی بەهەمــان شــێوە جینۆســایدكرنی بارزانییەكانیــان بــە ئەنفــال ناوبــردووە.

کوردستـــانی نــوێ نوســیوێتی: (ســەرۆکی حکومەتــی هەرێمیــش لــە پەیامێکـدا بەوبۆنەیـەوە دەڵێـت: جارێکـی دیکـە داوا لـە حکومەتـی عێـراق دەکەیــن، بڕیارەکانــی دادگای بــاڵای تاوانــەکان جێبەجــێ بــکات و حەقــی کەسیی کەسوکاری ئەنفالکراوانـی بارزانـی و گەرمیان و هەڵەبجـەو ناوچەکانی دیکـەی کوردسـتان بـدات)[٤٦] بەپێـی ئـەو قسانەی سـەرۆکی حکومـەت بێت کـە کوردسـتانی نـوێ بـڵاوی کردووەتـەوە هەمـوو قوربانییەکانـی ئەوناوچانـە لـە سـۆنگەی تاوانـی ئەنفالـەوە بوونـە قوربانـی . کـە ئـەوەش هەڵەیەکـی زەقـە هـەم لـە ناوهێنـان و ناسـینەوەی تاوانەکانـدا هـەم لـە سـاتەوەختی ئەنجامدانــی تاوانەکانــدا.

دیســانەوە کوردســتانی نــوێ نوســیوێتی : نێچیرڤــان بارزانــی ســەرۆکی حکومەتــی هەرێــم ڕۆژی ٢٠١٣/٧/٣١، لــە پەیامێکـدا بەبۆنــەی ســییەمین ســاڵیادی یەکەمیــن هەڵمەتــی گــەورەی گرتــن و زینــدە بەچاڵکردنــی ٨٠٠٠ بارزانیییـەوە دەڵێت: ئەمـڕۆ ٣٠ سـاڵ تێدەپەڕێت بەسـەر ئەنفالکردنی ٨٠٠٠ پیـاو وگەنجـی بارزانیـدا لـە سـاڵی ١٩٨٣، کـە ڕژێمـی عێـراق لـەو هەڵمەتـەدا بەشـێوەیەکی زۆردڕندانـە وسیسـتەماتیک، ویسـتی بارزانییـەکان لـە نێوببـات، (ئـەوە یەکەمیـن هەڵمەتـی گـەورەی جینۆسـایدکردن بـوو کـە ڕژێمـی عێـراق لەسـەردەمی سـەدام حوسـێندا لـەدژی نەتـەوەی کـورد ئەنجامیـدا، کـە دواتـر لـە پڕۆسـەی گـەورەی ئەنفالـدا بـە هەشـت قۆنـاغ لـە دەڤـەری جافایەتییـەوە تاکـو بادینـان (١٨٢) هەزارمرۆڤـی کـوردی شـوێنبزرو زیندەبەچـاڵ کـرد) .

ســەرۆکی حکومــەت لەپەیامەکەیــدا ئەوەشــی بەبیــر هێناوەتــەوە کــە ( دادگای بــاڵای تاوانەکانــی عێــراق، لــە ســاڵی ٢٠١١دا، بڕیاریــدا کــە تاوانــی

٤٦. ماڵپەری کوردستانی نوێ بەرواری ٢٠١٣/٨/١

ئەنفالکردنـی بارزانییـەکان جینۆسـاید بـووە، بـەڵام ( تـا ئێسـتا حکومەتـی فیدرالیـی عێـراق، ئـەو بڕیـارەی جێبەجـێ نەکـردووە کـە حەقـی کەسـیی کەسوکاری ئەوانـەی جینۆسـاید کـراون بـدات، بۆیـە لێـرەدا جارێکـی دیکـە داوا لـە حکومەتـی عێـراق دەکەیـن، ئـەو بڕیارانـەی دادگای بـاڵای تاوانـەکان جێبەجـێ بـکات و حەقـی کەسـیی کەسـوکاری ئەنفالکراوانـی بارزانـی و گەرمیـان و هەڵەبجـە و ناوچەکانـی دیکـەی کوردسـتان بـدات، وەک کەمتریـن ئەرکـی خـۆی بەرامبـەر کەسـوکاری ئـەو قوربانیانـە).

کوردسـتانی نـوی لەهەمـان ڕاپۆرتـدا نوسـیویێتی (پەیوەسـت بەیـادی ئەنفالکردنـی بارزانییەکانـەوە، ڕۆژی ٧/٣١، لـە قـەزای سـۆران ڕێوڕەسـمێک بـۆ ئـەو یـادە بەڕێوەچـوو).

هەرلـەو ڕێوڕەسـمەدا کـە کوردسـتانی نـوێ لەبارەیـەوە ڕاپۆرتـی نوسـیوە تیایـدا وتـاری سـەرۆکایەتی پەرلەمانیـش لەلایـەن جێگـری سـەرۆکی پەرلەمانـەوە پێشکەشـکراوەو تیایـدا هاتـووە جێگـری سـەرۆکی پەرلەمـان (تیشـکی خستەسـەر ئەنفالـی بارزانییـەکان و وتیشـی: بەشـێک لەڕووفاتـی ئەنفالکـراوان گەڕاونەتـەوە و حکومەتـی هەرێمیـش بەهەماهەنگـی لەگـەڵ حکومەتـی فیـدراڵ لـە هەوڵـدان بـۆ ئـەوەی رووفاتـی سـەرجەم ئەنفالکـراوان بەڕێوڕەسـمی شایسـتە بگەڕێتـەوە باوەشـی خاکـی کوردسـتان) ئـەوەی بـە زەقـی دەیبینیـن ئەوەیـە کـە لەسـەرۆکایەتی حکومـەت و پەرلەمانیشـدا هێچیـان ئەوەنـدە دیقـەت و وردبینیـان نییـە تاوانـی جینۆسـایدی بارزانییـەکان لێـک جیابکەنـەوە!! ئایـا ئـەوە ڕەوایـە سـەرۆکایەتی حکومـەت وپەرلەمـان نەتوانـن ئەوەنـدە ئـەرک بخەنـە ئەسـتۆی خۆیـان دۆسـێکان تێکـەڵ نەکـەن؟

ئـەوەی لـە ڕاپۆرتەکـەی ٢٠١٣/٨/١ کوردسـتانی نوێدا دەیبینین کـە تەها عەبدوڵا ئەنجامیـداوە تـەواو جێگـەی سـەرنجە هەموولایەنـەکان بەسـەرۆکایەتی حکومــەت و ســەرۆکایەتی پەرلەمــان و وەزارەتــی کاروبــاری شــەهیدان وکەناڵەکانــی ڕاگەیاندنــەوە دۆسـێی ئەنفـال و کۆمەڵکـوژی بارزانییەکانیـان تێکـەڵ کـردووە.

ئەفسـوس کارمەندانـی وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان وئەنفالکراوانیـش کـە تایبەتـن بـەو دۆسـێیە بەهەمـان شـێوە باسـیان لـە کۆمەڵکـوژی بارزانییـەکان کـردووە، دیسـانەوە کوردسـتانی نـوێ نوسـیوێتی ( دوای پرۆسـەی ئازادیـی عێـراق وگـەڕان بـەدوای روفاتـی ئەنفالکراوانـدا، تائێسـتا روفاتــی نزیکــەی ٥٠٠ ئەنفالکــراوی بارزانــی هێنراونەتــەوە زێـدی خۆیـان) وتەبێـژی وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئەنفالکـراوان ( فوئـاد عوسـمان ) یـش هەمـان تێکەڵکردنـی کـردووە وەک دەبینیـن ئەویـش بـەم شـێوەیە دواوەو بــە کوردســتانی نوێــی ڕاگەیانــدووە: دوای هێنانــەوەی ژمارەیــەک لــە قوربانییەکانــی ئەنفالــی بارزانییــەکان، وەزارەتــی کاروبــاری شــەهیدان وئەنفالکـراوان لـە هەوڵەکانـی بەردەوامـە بـۆ دۆزینـەوەی روفاتـی سـەرجەم ئەنفالکراوانــی کوردســتان) بڕوانــە ماڵپــەری کوردســتانی نــوێ - هەمــان سـەرچاوە . ژمـارە ٦٣٢٤ی رۆژی ٢٠١٤/٣/٧ ی کوردستانی نـوێ لـە لاپـەرە یەکـدا نوسـیوێتی (روفاتــی ٩٣ ئەنفالکـراوی بارزانـی بەخـاک سـپێردران) لـە درێژەشـدا نوسـیوێتی : دوێنـێ ٣/٦، لەهەولێـر، لەڕێوڕەسـمێکدا روفاتـی ٩٣ ئەنفالکـراوی بارزانـی گەڕێنرانـەوە هەرێمـی کوردسـتان. لەلاپـەرە (٣)ی ئـەو ژمارەیـەدا ڕاپۆرتێـک بڵاوکراوەتـەوە کەتیایـدا سـەرۆکی هەرێـم مەسـعود بارزانـی و وەزیـری کاروبـاری شـەهیدان و ئەنفالکـراوان ئـارام ئەحمەدیـش کۆمەڵکـوژی بارزانیـان بـە ئەنفالکـراوان ناودەبـەن .

**هەڵوەستە:**

هەروەزارەتــی کاروبــاری شــەهیدان و ئەنفالکــراوان لــە شــوێنێکی دی تیروانینــی جیــاواز نیشــان دەدەن بۆیــە مافــی خۆیانــە ئەوەیــان بــۆ لەبەرچاوبگریــن هــەروەک لــە ڕاگەیاندنــی رۆژی ٣١ ی تەممــوزی ســاڵی ٢٠١٣ وەزارەتــی کاروبــاری شــەهیدان وئەنفالکــراوان توانیوێتــی تاوانەکــە لەکــۆی دۆســێکانی تــر جیابکاتــەوەو بیخاتــە بۆتــەی تایبەتــی خۆیــەوە. لەراگەیەنراوەکــەی وەزارەتــی کاروبــاری شــەهیدان و ئەنفالکراوانــدا هاتــووە (بــە گوێــرەی ئــەو کۆنڤێنشــنە بێــت کــە نەتــەوە یەکگرتــووەکان بــە تێکــڕای دەنــگ قبوڵــی کــردو لــە ١٩٥١/١/١٢ ــەوە کاری پێدەکرێــت، قەتڵوعامــی بارزانییــەکان تاوانێکــە دژ بــە مرۆڤایەتــی و دەچێتــە خانــەی جینۆسایدەوە، هــەر ئەمەشــە وایکــرد کــە شانبەشــانی تاوانەکانــی ئەنفــال و ڕاگواســتنی زۆرەملێیانــەی کوردانــی فەیلــی و کیمیابارانــی هەڵەبجــە، تاوانــی کوشــتن و بێسەروشــوێنکردنی بارزانییەکانیــش لەلایــەن دادگای بــاڵای تاوانەکانــی عێراقــەوە بــە تاوانــی جینۆســاید بناسرێنێت). ئــەم پێناســەیە بــۆ کۆمەڵکوژی بارزانییــەکان لەجێــی خۆیدایــەو دورە لەهەرجــۆرە تێکەڵکردنێکــی دۆســێکانی تــر..). بڕوانــە ڕاگەیاندنــی وەزارەتــی کاروبــاری شــەهیدان و ئەنفالکــراوان رێکەوتــی ٢٠١٣/٧/٣١، بــە هەمــان شــێوە رۆژی ١٥ی ئابــی ٢٠١٣ ماڵپــەری پەیامنێـر لەڕاپۆرتەکەیدا بەهیـچ شـێوەیەک نـاوی ئەنفالـی نەخسـتووەتە پـاڵ کۆمەڵکــوژی بارزانییــەکان و بەجینۆســایدی بارزانییــەکان نــاوی بــردووە.

پەرلەمانتارێکــی عێراقیــش بەهەمــان بــێ دیقەتییــەوە دەربــارەی تاوانەکــە دەدوێ (عــادل عەبدوڵــڵا) ئەندامــی لیژنــەی شــەهیدان لــە ئەنجومەنــی

نوێنەرانـی عێـراق بـە کوردسـتانی نوێـی ڕاگەیانـد: دوای ئـەوەی لـە دادگای بـاڵای تاوانەکانـی عێـراق و لـە کاتـی یەکلاکردنـەوەی دۆسـێکان، هەریەکـە لـە تاوانەکانـی ئەنفـال لـە نێویشـیان ئەنفالکردنـی بارزانییـەکان و کیمیابارانـی هەڵەبجـەو ڕاپەڕینـی شـەعبانییە بەجینۆسـاید ناسـێنرا، دواتریـش لـە ئەنجومەنـی نوێنـەران بەزۆرینـەی دەنـگ بەهەمانشـێوە دەنگـی لەسـەردرا.

بـەڵام تائێسـتا هیـچ قەرەبووکرنەوەیـەک لەلایـەن حکومەتـی فیدراڵـەوە پێشـکەش بەکەسـوکاری ئـەو قوربانیانـە نەکـراوە. وتیشـی: هەرچەنـدە بڕیـاری دادگای بـاڵای تاوانـەکان بـۆ بەجینۆسایدناسـاندنی ئـەو تاوانانـە لـەڕووی مەعنەوییـەوە بـۆ کـورد زۆر گرنـگ بـوون، بـەڵام پێویسـتە لـەڕووی مادییـەوە بەهەمانشـێوە بڕیارەکـە جێبەجێبکرێـت، ڕاشـیگەیاند: چەنـد پڕۆژەیاسـاو بڕیـار بـۆ قەرەبووکردنـەوە لەئەنجومەنـی نوێنەرانە، بەڵام تائێسـتا یەکلانەکراونەتـەوە. پرسـیاری گرنـگ لێـرەدا ئەوەیـە باشـە پەرلەمانتـار ئەگـەر بەجینۆسـاید ناسـاندنی ئـەو تاوانانـەی لـە روی مـادی و مەعنەوییـەوە زۆر بەلایـەوە گرنگـە بۆچـی دۆسـێکان تێکـەڵ بەیـەک دەکات؟!

سـەرۆکی لیژنەی دۆسـێکان لەوەزارەتی کاروباری شـەهیدان و ئەنفالکراوان موحوسـێن شـێروانی بـە کوردسـتانی نوێـی ڕاگەیانـدووە: دۆسـێی ئەنفالکردنی بارزانییـەکان یەکێـک بـوو لـەو دۆسـیانەی لـەدادگای بـاڵای تاوانەکانـی عێـراق بڕیـاری لەسـەردراو تاوانبـاران بەسـزای خۆیـان گەیشـتن) هەمان سـەرچاوە .

**ڕۆژنامەی هەولێر:**

ژمـارە (١٣٤١٩) بـەرواری ٢٢ی ئایـاری ٢٠١٢ لـە لاپـەرە (٦) ڕاپۆرتـی ماکـوان عیـززەت

ئـەو ژمارەیـەی هەولێـر ڕاپۆرتێکـی لەسـەر پەلامارەکانـی ئەنفـال کـردووەو تیایـدا جگەلـە هەندێـک هەڵـەی زەق و بەرچـاو کـە کاتـی خـۆی لەهەمـان ڕۆژنامـەدا دەربـارەی هەڵەکانیـان نوسـیومە دەربـارەی جینۆسـایدی بارزانییەکانیـش نوسـیویتی: (هـاوکات هەشـت هـەزار هاوڵاتیـی ناوچـەی بارزانیـش بـەر شـاڵاوی ئەنفـال کەوتـن. و ٥٠٠ ڕوفاتـی ئەنفالکـراوی بارزانییـەکان هێندراونەتـەوە)

سـەبارەت بـەم خاڵـە بەدحاڵـی بونێکـی گـەورە لـە ئارادایـە، سـەرنج بدەنـە ووشـەی (هـاوکات) کـە مەبەسـت لێـی ساتەوەختی تاوانـی ئەنفالـەو بەتێگەیشـتنی ڕۆژنامـەی هەولێـر ٨٠٠٠ هـەزار هاوڵاتـی بارزانـی لەپەلامارەکانی ئەنفالـدا گیـراون، بـەڵام ئـەوە ڕاسـت نییـە چونکـە کۆمەڵکوژی بارزانییـەکان دۆسـێیەکی تـری کۆمەڵـکوژی کوردەو پێنـج سـاڵ پێـش تاوانـی پەلامارەکانی ئەنفـال ئەنجامـدراوە، هەروەکـو ڕوونـە کۆمەلکوژی بارزانییـەکان سـاڵی ١٩٨٣ و کۆمەلکـوژی ئەنفـال سـاڵی ١٩٨٨ بـووە.

دیسـانەوە ڕۆژنامـەی هەولێـر ژمـارە (١٦٩٦) ڕۆژی چوارشـەممە لەلاپەرەیەکـدا نوسـیوێتی (کەسـوکاری ئەنفالکـراوە بارزانییـەکان ٣٠ سـاڵ سـەبرو ئیـرادەی بـەرز بـۆ ئـازادی کوردسـتان) لەلاپـەرە ٦ی هەمـان ژمـارەی هەولێـردا تێکـرای ئـەو کەسـانەی بەسـەرکراونەتەوەو قسـەیانکردووە تاوانەکـە بـە ئەنفالکردنـی بارزانییـەکان و کەسوکاریشـیان بـە ئەنفـال ناودەبـەن. بـەڵام لێـرەدا پرسـیارێک

دێتە پێشێ ئەویش ئەوەیە ئایا پێش ساڵی ١٩٨٨ واتە پێش ئەنفال دەبوو ئەو کۆمەڵکوژیەی بارزانییەکان بەچی ناوبەرین ؟ ئایا بەڕاست کورد تاکە تاوانی کومەڵکوژی کە دەرهەقی کرابێت هەر ئەنفالە یان تاوانی تریشە؟

**ئاوینە:**

ژمارە (٣٤٩) رێکەوتی ٢٠١٢/١٠/٣٠ لاپەرە ٤ بەهەمان شێوە لە راپۆرتێکیدا کە سەبارەت بە تاوانی ئەنفال ئامادەی کردووە، کەوتووەتە هەڵەی زەقەوەو کۆمەڵکوژی بارزانییەکانی بە ئەنفال ناوبردووەو بەتێگەیشتنی رۆژنامەی ئاوێنە کۆمەڵکوژی بارزانییەکان کە بریتی بوون لە (٨٠٠٠) هەشت هەزار پیاوی بارزانی لە قۆناغی هەشتەمی بادیناندا گیراون !! بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کەبارزانییەکان کاتی گرتن ودواتر کۆمەڵکوژکردنیان نیشتەجێی ئۆردوگاکانی نزیک شاری هەولێر بوون نەک ناوچە قەدەغەکراوەکانی ناوچەی بادینان، لەوەش گرنگتر هەر لە بنەرەتەوە خەڵکی عەشیرەتی بارزان نیشتەجێی ناوچەی بادینان نین بەڵکو بەزۆری نیشتەجێی دۆڵی بارزانن و سەربە قەزای مێرگەسورن لە پارێزگای هەولێر نەک پارێزگای دۆهۆک. ئەمەش خۆی لەخۆیدا رێزنەگرتنە لەخوێنەروبێباکی و قسە فرێدانی بێ زانیاریە نەک بڵاوکردنەوەی راستی وبەرچاو رونی بۆخوێنەرانی. هەر لەماڵپەری ئاوێنە بە واژۆی ١٨ رێکخراوی تایبەتمەند لە بواری تاوانی ئەنفال وجینۆسایدا کۆمەڵکوژی وجینۆسایدی بارزانییەکانیان تێکەڵ بە دۆسێی ئەنفالکردووە — بڕوانە ماڵپەری ئاوێنەی ٢٠١١/٧/٣١ .

ئەم هەڵانە کاتێک رودەدەن لەلایەن رۆژنامەنوسانەوە کە بەلای

کەمــەوە دەنگێــک هەیــە بەرپەرچــی ئــەو ناوزەدکردنــە دەداتــەوەو ڕاســتی تاوانەکــە دەخاتــە رو، بێجەگــە لــەوەی بۆخــۆم بــەدوو بــەش لــە رۆژنامــەی هاوڵاتیــدا لیکۆلینەوەیەکم خستووەتە روو، (رێبــوار ڕەمەزان)یــش توێژەرێکی کۆمەڵایەتــی و بۆخــۆی یەکێکە لــە قوربانیانــی جینۆســایدکردنی بارزانییــەکان، هەتــا ئێســتا نزیکــەی دە کتێبــی لــە بــارەی جینۆســایدی بارزانییەکانــەوە نوســیوەوە، ئــەو توێــژەرە تەمەنــی ســێ ســاڵ بــووە کــە کۆمەڵگــەی قوشــتەپە کەوتــە بەرپەلامــارە درندایەتیەکــەی بەعــس و باوکــی گیــراو ئیتــر نەبینرایــەوە . ئەویــش جەخــت لــەوە دەکاتــەوە کــە هەڵــە دەکەیــن کاتێــک دۆســێی کۆمەڵکوژی بارزانییــەکان و تاوانــی ئەنفــال بەیــەک دۆســێ ناوبەریــن، لەوبارەیــەوە لەلاپــەرە (٢٠)ی کتێبەکەیــدا (بارۆڤــی لەناوبردنــی بارزانییــەکان) نوســیوێتی: لــەلای زۆربــەی هــەرە زۆری خەڵکــی کوردســتان کۆمەڵکــوژی بارزانییــەکان بــە ئەنفــال ناســراوە، جگەلەمــەش زۆربــەی هــەرەزۆری یەکەکانــی نموونــەی توێژینــەوە ئــەم تاوانەیــان بەئەنفــال نــاوزەد دەکــرد.

## هەڵپڕوکاندن و لەکۆڵ خۆکردنەوە

ماڵپــەری ئەلیکترۆنــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان ریکەوتــی (WED 31 JUL 2013 15:56) وەک پێدەچێــت دەقــاودەق ڕاپۆرتەکــەی لــە پیوکــەی میدیــاوە گواســتووەتەوە کــە دانــا حامیــد ئامــادەی کــردووە، نوسیوێتی بەبۆنــەی رەمەزانــەوە یــادی ئەنفالــی بارزانییــەکان دوادەخرێــت . ئەمرۆ ٧/٣١ یــادی ئەنفالکردنــی هەشــت هــەزار بارزانییــە کــە لەلایــەن رژێمــی بەعســەوە ئەنفالکران،حکومەتــی هەرێمــی کوردســتانیش بڕیاریــداوە بەهــۆی

مانگـی ڕەمەانـی پیـرۆزەوە لـە٨/١٤ دا یـادی ئـەم ڕۆژە بکاتــەوە.

لەوبارەیـەوە فوئـاد عوسـمان بەڕێوەبـەری ڕاگەیاندنـی وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان وئەنفالکراوانـی حکومەتـی هەرێـم بـە PUKmedia ی ڕاگەیانـد: ئەمـڕۆ یـادی جینۆسـایدێکی تـری گەلـی کـورد دەکەینـەوە، ئەویـش یـادی ئەنفالـی بارزانییەکانـە کـە لەلایـەن ڕژێمـی بەعسـەوە ئەنفالکـران، دوای ئەوەی لـە ئـۆردوگا زۆرەملێکانـی نزیـک هەولێـر گەمارۆیـدان، ئەوەبـوو هەشـت هـەزار نێرینـەی بارزانییەکانـی بێسـەرو شـوێنکردو لەگۆڕەبەکۆمەڵەکانـی باشـوری عێـراق زینـدە بەچاڵــی کـردن. بڕوانـن بەڕێوەبــەری ڕاگەیاندنـی وەزارەتــی کاروبـاری شـەهیدان وئەنفالکـراوان کات وسـالی تاوانەکـەی دیـاری نەکـردووە.

وتیشـی: (بـۆ ئـەوەی یـادی جینۆسـایدی بارزانییـەکان هـاوکات نەبێـت لەگـەڵ مانگـی ڕەمەزانـی پیـرۆزدا، بڕیارمانـداوە دوای جەژنـی ڕەمـەزان و لـە ٨/١٤ دا بەشـێوەیەکی شایسـتە یـادی جینۆسـایدی ئەنفالـی بارزانییـەکان بکەینـەوە.

بەڕێوەبـەری ڕاگەیاندنـی وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئەنفالکراوانـی حکومەتـی هەرێـم ڕوونیشـیکردەوە کـە دادگای بـاڵای تاوانەکانـی عێـراق دۆسـیەی ئەنفالـی بارزانییەکانـی وەک جینۆسـاید ناسـاندووەو سـەرانی ڕژێمـی بەعسـیش کـە دەسـتیان هەبـووە لـەو تاوانـەدا بەسـزا گەیەنـدراون) بـەڵام ئـەوەی جێگـەی هەڵوەسـتەو پێکەنینـە ئـەم ماڵپـەرە کـە زمانحاڵـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانە و بارزانییـەکان سـەرۆکایەتی دەکـەن نـەک هـەر دۆسـێکەیان شـێواندووە بگـرە مێژووەکەشـیان شـێواندووەو بـەوەی کـە بارزانییـەکان سـاڵی ٢٠١٣ ئەنفالکـراون .

بروانــن نوســیوێتی : ڕۆژی ٢٠١٣/٧/٣١ ڕژێمــی بەعــس لەکۆمەڵگەکانــی (قوشــتەپە، ســۆران و بەحرکــە) هەشــت هــەزار بارزانــی ئەنفالکــرد) بڕوانــە ماڵپــەری پارتــی دیموکراتــی کوردســتان WED, 31 JUL 2013 15:56

**(پیوکەی میدیا Pukmedia)**

پیدەچێـت ڕاپۆرتەکـەی ماڵپەرەکـەی پارتـی کـت و مـت هەمـان بابـەت بێـت بەبـێ دەسـتکاری گواسـترابێتەوە بـەڵام سـەیرە! هـەردوو دەزگای ڕاگەیاندنـی دوو حزبـی دەسـەڵاتدار ئەوەنـدە ئەرکیـان نەکێشـاوە هەڵەچنـی تێکسـتەکەیان بکـەن و هەردوکیـان پێکـەوە جینۆسـایدی بارزانییـەکان و ئەنفـال بەیـەک تـاوان وێنادەکـەن و هەردوکیشـیان پێیانوایـە ئـەو تاونـە لـە کۆتایـی تەمـوزی سـالی ٢٠١١ دا ڕویـداوە نـەک لـە ١٩٨٣؟! وەک لەسـەرەوە بینیتـان فەرمـوون لێـرەش هەمـان هەڵـەو تێگەیشـتن بخوێننـەوە کەمـن وەک خـۆی بـڵاوی دەکەمـەوەو هیـچ دەسـتکارییەکی ناکـەم .

**بەبۆنەی ڕەمەزانەوە یادی ئەنفالی بارزانییەکان دوادەخرێت**

٢٠١٣/٧/٣١ ١٠:٥١:٠٠١

ئەمـڕۆ ٧/٣١ یـادی ئەنفالکردنـی هەشـت هـەزار بارزانییـە کـە لەلایـەن ڕژێمـی بەعسـەوە ئەنفالکـران، حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانیش بڕیاریـداوە بەهـۆی مانگـی ڕەمەانـی پیـرۆزەوە لـە ٨/١٤ دا یـادی ئـەم ڕۆژە بکاتـەوە.

لەوبارەیـەوە فوئـاد عوسـمان بەڕێوەبـەری ڕاگەیاندنـی وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئەنفالکراوانـی حکومەتـی هەرێـم بـە PUKmedia ی راگەیانـد: ئەمـڕۆ یـادی جینۆسـایدێکی تـری گەلـی کـورد دەکەینـەوە، ئەویـش یـادی ئەنفالـی بارزانییەکانـە کـە لەلایـەن ڕژێمـی بەعسـەوە ئەنفالکران، دوای ئەوەی

لـه ئـۆردوگا زۆرەملێکانـی نزیـک هەولێـر گەمارۆیـدان، ئەوەبـوو هەشـت هـەزار نێرینـەی بارزانییەکانـی بێسـەرو شـوێنکردو لەگـۆڕە بەکۆمەڵەکانـی باشـوری عێـراق زینـدە بەچاڵـی کـردن.

وتیشـی: بۆئـەوەی یـادی جینۆسـایدی بارزانییـەکان هـاوکات نەبێـت لەگەڵ مانگـی رەمەزانـی پیـرۆزدا، بڕیارمانـداوە دوای جەژنـی رەمـەزان و لـە ٨/١٤ دا بەشـێوەیەکی شایسـتە یـادی جینۆسـایدی ئەنفالـی بارزانییـەکان بکەینەوە.

بەڕێوەبـەری ڕاگەیاندنـی وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئەنفالکراوانـی حکومەتـی هەرێـم رونیشـیکردەوە کـە دادگای بـاڵای تاوانەکانـی عێـراق دۆسـیەی ئەنفالـی بارزانییەکانـی وەک جینۆسـاید ناسـاندووەو سـەرانی رژێمـی بەعسـیش کـە دەسـتیان هەبـووە لـەو تاوانـەدا بەسـزا گەیەنـدراون.

رۆژی ٢٠١٣/٧/٣١ رژێمـی بەعـس لەکۆمەڵگەکانـی (قوشـتەپە، سـۆران و بەحرکـە) هەشـت هـەزار بارزانـی ئەنفالکـرد.

PUKmedia سلێمانی- دانا حامید

(رۆژی ٢٠١٣/٧/٣١) کـە هێلـم بەژێرداهێنـاوە رۆژی ئەنفالکردنـی بارزانییـەکان نییـە، بەڵکـو رۆژی یادکردنـەوەی قوربانیانـی تاوانەکەیـە . ئایـا ئێسـتا هـەردوک سـەرۆکی حکومـەت و سـەرۆکی هەرێـم مافـی خۆیـان نییـە سـکاڵای یاسـایی لەسـەر دەزگای ڕاگەیاندنـی پارتـی و یەکێتـی تۆماربکـەن ؟ بۆنـا چونکـە ئـەوە دەچێتە خانەی تۆمەتـەوەو بەپێـی ئـەو هەواڵانـە بێـت دەبێـت ئـەوان بارزانییەکانـی کۆمەڵگاکانـی نزیـک قوشـتەپەیان گرتبێـت! چونکـە ئـەو رێکەوتـە دەکەوێتـە کاتـی سـەرۆکایەتی کردنـی هـەردووک سـەرۆکایەتی ئێسـتای هەریـم و ئەنجومەنـی وەزیرانـی حکومەتـی هەریمـی کوردسـتان.

**ئاینده پرێس**

ئاینـده پرێس ماڵپـەری فەرمـی حزبی ئایندەی کوردسـتان بەهەمان شـێوە دۆسـێکەی تێکـەڵ کـردووەو نوسـیوێتی : هـاوڕێ قـادر عەزیـز بەشـداریکرد لەڕێورەسـمی پێشـوازی لەڕوفاتـی بارزانییـەکان، کاتژمێـر (٩)ی سـەرلەبەیانی ڕۆژی (٦/٣/٢٠١٤) هـاوڕێ قـادر عەزیـز سـکرتێری گشـتی حزبـی ئاینـدەی کوردسـتان بەشـداری لـەو ڕێورەسـمە کـرد کـە لەفڕۆکەخانـەی هەولێـر بـۆ پێشـوازی لەڕوفاتـی (٩٣) ئەنفالکراوی بارزانـی ڕێکخرابـوو. ماڵپـەری ئاینـدە پرێسـیش وەک ڕۆژنامـەی ئاوێنـە بەهەڵـەدا چـووەو پێیوایـە کۆمەڵکـوژی بارزانییـەکان لـە میانـەی ئەنفالـی بادینانداببـووە لـەوەش کارەسـاتتر ئـەوەی نوسـێتی لەسـاڵی ١٩٨٣ دا بـووە فەرمـوون لەگـەڵ دوا پەرەگرافی ڕاپۆرتەکەی ئاینـدە پرێـس :

(دەبـێ بگوتـرێ کـە ئەنفالـی بارزانییـەکان لەچوارچێـوەی پڕۆسـەی بەدنـاوی ئەنفـالو جینۆسـایدکردنی گەلەکەمـان دێـت کـە لەسـاڵی (١٩٨٣) سـوپای ڕژێمـی گـۆڕ بەگۆڕکـراوی سـەدام بەئامانجـی لەناوبردنـی بارزانییـەکان پەلامـاری ئـۆردوگای زۆرەملێـی قوشـتەپەیدا کـە دوای ڕاگواسـتنیان بارزانییەکانـی لێـی نیشـتەجێکرا بـوو، لـە ئەنجامـی ئـەو پەلامـارە دڕندانەیـەدا (٨) هـەزار گەنـج و پیـری دانیشـتوانی ئـەو کۆمەڵگایانـەی دەسـتگیرکردو دوای ماوەیـەک لـە بێسەروشـوێنکردن نامرۆڤانـە ئەنفالیکـردن، کـە تائێسـتا لـەو ژمارەیـە تەنهـا چەنـد سـەد روفاتێکیـان لەناوچـە بیابانەکانـی خـواروی عێـراق لـە گـۆڕی بەکۆمەڵـدا دۆزراونەتـەوەو روفاتەکانیـان هێنراوەتـەوە کوردسـتان.) بڕوانـە ئاینـدە پرێـس ٧-٣-٢٠١٤ .

## کەناڵی میدیایی روداو

ژمارە (٢٧١)ی رۆژی ٢٠١٣/٧/٢٩ رۆژنامەی روداو لەلاپەرە (٦)دا راپۆرتە هەواڵێکی لەبارەی گۆڕی بەکۆمەڵی بارزانییەکان بڵاوکردووەتەوە لەژێر ناونیشانی ( گۆڕێکی دیکەی بارزانییەکان لەبیابانەکانی باشوری عێراق دەدۆزرێتەوە) لە راپۆرتەکەیدا رۆژنامەی روداو جگەلەوەی کۆمەڵکوژی بارزانییەکانی بە ئەنفال ناوبردووە لە روماڵکردنی ساڵی روداوەکەشدا کەوتووەتە هەڵەوە لە بری ساڵی ١٩٨٣ ساڵی ١٩٨٢ی بە مێژووی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان داناوە ! . نوسیویێتی " بارزانییەکان لەساڵی ١٩٨٢ بەدوو پرۆسەی جیا نزیکەی هەشت هەزار کەسیان ئەنفالکران " هەرئەو ژمارەیە لێدوانێکی دکتۆر محەمەد ئیحسانی بڵاوکردووەتەوە بە داخەوە ئەویش کەوتووەتە هەڵەوەو کۆمەڵکوژی بارزانییەکانی بە ئەنفال ناوبردووە، " لە لێدوانەکەی د.محەمەد ئحساندا هاتووە دوای ٢٩ ساڵ و ١١ مانگ لە ئەنفالکردنی بارزانییەکان گۆڕێکی دیکەی بارزانییەکانم دۆزییەوە"[٤٧] بەڵام هەر د. محەمەد ئیحسان لە شەوی ٦ی ئازاری ٢٠١٤ لە بەشی دووهەمی بەرنامەی روداوی ئەمرۆدا باسی لەجیاکردنەوەی تاوانەکان کردو تیشکی خستە سەر ئەو راستیەی کە کۆمەڵکوژی بارزانییەکان ئەنفال نییەو پرۆسەیەکی جیاوازە، هەرلە لە شەوی ٦ی ئازاری ٢٠١٤ کاتژمێر ١٠لە بەرنامەی روداوی ئەمرۆ لەگەڵ پێشکەشکار "هیواجەمال" کە تایبەت بوو بە پرسی ئەنفال بەناونیشانی (ئەنفال، جێمان هێشتووە، یان تیایدا دەژین؟) دکتۆر یوسف دزەیی هەرچەندە کە نامەی ماستەرەکەشی دەربارەی تاوانی ئەنفال بەدەستهێناوە و سەرۆکی سەنتەری ئەنفالە کە رێکخراوێکی تایبەتە بەئەنفال، کەچی

---

٤٧. بروانە ژمارە (٢٧١)ی رۆژی ٢٠١٣/٧/٢٩ رۆژنامەی روداو لەلاپەرە (٦).

بەداخـەوە ئەویـش وەک زۆربـەی خەڵکـی تـر کۆمەڵکـوژی بارزانییەکانـی بـە ئەنفـال ناوبـردو ئەوەشـی ووت کـە برینـی موچـەی فەرمانبـەران دەچێتـە خانـەی جینۆسـایدەوە، ! کـە ئـەو زانیارییانـە هەردووکیـان هەڵـەن و دوورن لەڕاسـتیەوە، بەداخـەوە نـۆرەی قسـەکردنم نەهاتـەوە بۆئـەوەی لەبەرنامەکـەدا ئـەو هەڵانـە ڕاسـتبکەمەوە کـە هەردووکمـان پێکـەوە تیایـدا بەشـداربووین.

دیسـانەوە هـەر کەناڵـی میدیایـی رودا و کـە لـە ماڵپەرەکەشـیاندا لـە رۆژی ١٤ی ئـازاری ٢٠١٤ هەواڵێکـی دەربـارەی هەوڵێکـی وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئەنفالکـراوان بڵاوکردووەتـەوە نوسـیوێتی و دەڵێـت: (جلوبەرگـی رووفاتـی ٩٣ بارزانییـە ئەنفالکـراوەکان دەکرێتـە پێشـانگا) بەبێ ئـەوەی هیـچ کـەس لـە رێپۆرتاژەکەیانـدا ئامـاژە بـەوە بکـەن کـە بارزانییـەکان ئەنفالـن!

**هاوڵاتی:**

ماڵپـەری هاوڵاتـی وەک زۆربـەی دەزگاکانـی تـری ڕاگەیاندنـی کـورد کەوتووەتـە هەڵـەوەو بەهەمـان شـێوە کۆمەڵکـوژی بارزانییەکانـی بـە ئەنفـال ناوبـردووەو نوسـیوێتی " لەمیانـەی هێنانـەوەی رووفاتـی ٩٣ ئەنفالکـراوی بارزانیـدا، ئەمـڕۆ پێنـج شـەممە ٣/٦ لـە فڕۆکەخانـەی نێودەوڵەتـی هەولێـر .. هەتـد" [٤٨]

**کوردیوو:**

ماڵپـەری کـورد یـوو ئۆرگانـی یەکگرتـووی ئیسـلامی کوردسـتان رۆژی ٦ی ئـازاری ٢٠١٤ نوسـیوێتی : کـە لـە کاتـی مەراسـیمی بەخاکسـپاردنی روفاتـی ٩٣ ئەنفالکـراوی بارزانییـەکان، دایکـی ٧ ئەنفالکـراو هەوڵـی داوە بـە ئۆتۆمبێلەکـەی بچێتـە گۆرسـتانەکەو پێشـوازی لـە روفاتـەکان بـکات، بـەڵام

٤٨. بروانە ماڵپەری هاوڵاتی رۆژی ٦ی ئازاری ٢٠١٤

لەلایەن هێزێکەوە رێگری لێ دەکرێت و بەهۆیەوە لە هۆش خۆی دەچێت . "بە مەبەستی پێشوازی لە رووفاتی ٩٣ خەڵکی دەڤەری بارزان، دایکە شەهیدەکان روویان لە گورستانی ئەنفال کرد لە گوندی بارزان) لەڕاستیدا گوندی بارزان هیچ گۆرستان یان مەزارێکی لێنییە بەناوی ئەنفالکراوانەوە بەڵکو ئەوەی هەیە مەزاری شەهیدانە و بارزانییەکانیش قوربانییەکی تری کۆمەڵکوژین لە ساڵی ١٩٨٣ نەک هی پەلامارەکانی تاوانی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨.

ئەمانە مشتێک بوون لە خەرواری هەڵەی میدیاو رێکخراوەکان و سیاسەتمەدرانی کورد دەنا ڕاگەیاندنی کوردی بەگشتی لەم هەڵەیە بەدەرنییەو بەبێباکیەکی مەترسیدارەوە لەسەر هەڵەی خۆی بەردەوامەو دووبارەی دەکاتەوەو جەخت دەکاتەوەو بەهۆیەوە دەچێتە ناوخەڵک و دەتەنێتەوە. ئەوەش لە ئەنجامدا کارێک دەکات جینۆسایدی بارزانییەکان وەک قۆناغێک بەرلە ئەنفال نەبینرێ و بگرە بەتەواوی تێکەڵ بەیەکتری بکرێن . سەرئەنجام دورنییە نکۆڵی لە تاوانەکەش بکرێت وەک قۆناغێکی مێژووی بەرلەئەنفال نەبینرێت .

لەلایەن حکومەتیشەوە بەهەمان شێوە هەڵەو خراپ تێگەیشتن بەردەوامە نموونەش ئەو پێناسە تایبەتیەیە کە بەمەبەستی دابینکردنی موچە بۆ کەسوکاری جینۆسایدکراوان دروستکراوە بەم شێوەیە نوسراوە (فەرمانبەرە ئەنفالکراوەکانی بارزانی) بۆ پشتراستکردنەوەی زیاتر لە ٢٠٠ دانە لەم پێناسانە لە ئەرشیفی نوسەر رێکارێ مزوریدا پارێزراون.

## نکۆڵی کردن!

سەیرە ئەوەی کە دەبوو نکۆڵی لەتاوانێکی جینۆساید بکات نەیاران و دوژمنانی کورد بن، نەک خودی کورد خۆی ! ئەوەی کە دەبوو هەوڵی ونکردنی دۆسییەکی تاوانەکانی جینۆساید بدات نەیارەکانی کورد بن نەک خودی کورد، کەچی ئەوەی چەواشەکاری دەکات کورد خۆیەتی هەڵبەت بەبێ مەبەست و لە نەزانییەوەبێ .یاخود بە پێچەوانەوە بەمەبەست و بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بێت ئەو شێوە کارکرن و دەربرینە، پاچکارییەکی ترسناکە لەمێژووی ئەم میللەتەدا دەیەکەن و سەرئەنجام زەرەری زۆری لێدەکەین و بەگران لەسەرمان دەکەوێ، کاتێک دەبینین لە زمان و دەربریندا دۆسێی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان لەناو دۆسێی تاوانی ئەنفالدا ون دەکەن !! چ لە ئێستادا چ لەدورمەودادا زیانێکی زۆر لە دۆسێکان و تەنانەت لە رەمزو بەهاکانی قوربانیدانی کورد دەدات و نیازو کردەوە ترسناکەکانی دەوڵەتی عێراقیش ون دەکات و رێگەنادات بەعس و دەوڵەتی عێراق وەکو خۆی بناسین . بەپێچەوانەشەوە دەشێت کۆی دۆسێکان چ کۆمەڵکوژی فەیلیەکان و چ کۆمەڵکوژی بارزانییەکان و چ کیمیابارانکردنی گوندەکان لەساڵی ١٩٨٧ و سالی ١٩٨٨ و چ تاوانی ئەنفال وەک خۆیان باس بکەین و وەک خۆیان بیانبینین و خوێندنەوەیان بۆ بکەین کە دەشێت بۆ بنیاتنانەوەی ئایندە کەڵکی پربەهایان هەبێت.

دەوڵەتی عێراق لە سەرەتای دروستبوونییەوە هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت، هەمیشە نیازی لەگەڵ کورد خراپ بووەو ئەوە مێژووی عێراقەو ئێمەش بەهەموو قوربانیدانێکمانەوە بوینە بەشێک لەمێژووی ئەو دەوڵەتەو کارەکتەرە خوێناویەکانی بەردەستی جەلادەکانی (قوربانی

بەهەموو رەنگ و رەمزەکانیانەوە) عێراق هەمیشە دەوڵەتێک بووە ستەمکارانە هەوڵیداوە دانیشتوانی کورد لە وڵات نەهێڵێت بیانکوژێت و بیانبڕێت و عەگال و دشداشەی عەرەبیان لەبەر بکات، بەلای کەمەوە تەنکیان بکات، جا کورد ئۆپزسیون بوبێت یاخود هەژاری ماڵی خۆی بووبێت ئەوە مەسەلەیەک نەبووە، ئەمەش تەواو لەگەڵ دیدی هیلین فاین بۆ قوربانی جینۆساید یەک دەگرێتەوە چونکە بە تیروانینی هیلن فاین قوربانی چ بەرەنگاری بکات یاخود خۆی بدات بەدەستەوە هەر دەکوژرێت[49].

لەم سۆنگەیەوە بوو کەوا لە دوای ئەوەی کوردانی فەیلی کۆمەڵکوژکران و وڵاتبەدەرو ئاوارەکران لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابوردودا چەوسانەوەو ستەمکاری زیاتر سنووری پێشیلکارییەکانی مافی مرۆڤیان بەزاند تاوانەکان لە دژی گەلی کوردستان گەیشتنە ئاستی جینۆساید. ڕاستە لەناو ئەو تاوانانەدا ئەنفال بەگەورەترین تاوانی سەدەی بیستەم لە دژی گەلی کورد دەژمێردرێت، بەڵام کۆمەڵکوژی ئەنفال لە بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بیدەنگی لە کۆمەڵکوژی کوردانی فەیلی و کۆمەڵکوژیی بارزانییەکانەوە فەراهەم بوو[50] لەو رۆژگارانەوە زەمینەی ئەنجامدانی سازکرا . بەپێی بۆچۆنی نوسەری گەورەی عەرەب کەنعان مەکیە بێت

---

٤٩. بروانە گۆران بابا عەلی- دونیابینیی بەعس و دواهەمین چارەسەر ئەنفال وەک قۆناغێک لە پرۆسەی پێکهێنانی دەوڵەتدا– ماڵپەری ناوەندی چاک www.chak.info.

٥٠. کاتێک باس لە بێدەنگی نێودەوڵەتی دەکەین وەنەبێ هیچ کەس و هی رێکخراوێک هەلوێستیان نەنواندبێ بەڵام هەلوێست و بەدەنگەوە هاتنەکە نەیانتوانیوە کاریگەری لەسەر رای گشتی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی و بریاری وەستاندنی پەلامارەکانی پێدەربکەن، دەنا بۆنموونە یەکێک لەو کەناڵە گرنگانەی کیمیابارانی کوردستانیان مەحکوم کردووە پەرلەمانی ئەوروپا بووە کە لە رۆژی ١٩٨٨/٩/٤ لەدژی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان بۆ مەحکوم کردنی ئەو تاوانانە هاتنە دەنگ و ئەندامانی پارلەمان داوایانکرد کە پشتیوانی لەگەلی کورد بکەن ) بروانە د. مارف عومەر گوڵ – جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای نێودەوڵەتاندا+چاپی چوارەم هەولێر – ٢٠٠٧ ل ٥٥ .

بارزانییەکان نزیکەی ٢٠- ٣٠ هەزارکەسێکیان لەدەستدا بەڵام پێدەچێت بە هەزاران ناویان هێشتا هەر لەناو چەکمەجەکەی نەتەوەیەکگرتووەکاندابێت هەروەک دەلێت : (بارزانییەکان لە (٥٠) هەزار کەس تەنها (٢٠ ٣٠) هەزار کەسیان لێمایەوە. لە ساڵی ١٩٨٣ بەرزان تکریتی، نوێنەری عراق لەنەتەوە یەکگرتوەکان (بەشداری ئەو چاوپێکەوتنانەی کردوە کە لەگەڵ لێژنەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆمافی مرۆڤ بەستراوە) و وەتبانی برای سەدام حوسەین و تیپێکی موخابەرات و یەکەیەکی تایبەت لەسوپا چەند هەزار نێرینەیەکیان لە ئۆردوگاکە کۆکردەوە، ئەوانەی تەمەنیان لەسەروی (١٢) ساڵ بو. تاکو ئێستا و بۆ چەند ساڵێک دەچێت بەهەزاران ناو لەچەکمەجەکانی نەتەوە یەکگرتوەکاندا وەک خۆی دانراون)[٥١] بەڵام دەبێ ئەو ڕاستیەش بلێین کە تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان وەنەبێ جیهان لێی بێئاگا بووبێ، نەخێر ئەم ڕاستیە لە گەلێک بەڵگەنامەی جیهانیدا تۆمارکراوە[٥٢]

بەڵام شێوە ئیشکردنی کادرانی حزب و دەستگرتن بە ڕۆتینات و ئارایشتکردن و قسەی بێبنەماو دورلەکرداریان لەمەر کۆی ئەو دۆسییانە بەتایبەتی لەیادکردنەوەکاندا نەک ئومێد بەخش نەبوون بەڵکو تەواو تاقەت پروکێن و ماندوکەربوون، ئەم دۆخە کارێکی کرد تەنانەت کەسوکاری قوربانییەکانیش بێزارو ماندوبن لە قسەکردن لەسەر گێرانەوەی دەردی حاڵی خۆیان . بۆیە لێرەدا بەتایبەتی رووی دەمم لە پارتی دیموکراتی کوردستانە کە سەرکردایەتیەکەی بەدەست بارزانییەکانەوەیە

٥١. بروانە کەنعان مەکیە — دلرەقی و بێدەنگی ٢٠٠٦ وەرگیرانی کوردی حەمەرەشید- ل ١٩٦
٥٢. بروانە د. مارف عومەر گوڵ — جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای نێودەوڵەتاند+ ل٣٢ چاپی چوارەم هەولێر — ٢٠٠٧

وردتــر لــه دۆســێی تاوانــی ئەنفــال و کۆمەڵکــوژی بارزانییــەکان رابمێنــن، پێویسته بەر لەهەر کەس ئەوان دەستبەرداری ئەو خیتابە حزبیە بن کە لەوەسفکردنی تاوانەکاندا نەیتوانیوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و ٢٣ ساڵە لەهەموو بۆنەو یادەوەرییەکدا دووبارەو چەندبارە دەکرێنەوەو دۆسێکان بەسەریەکدا بڵاودەکاتەوە و ئاستی تێگەیشتن لە ئاستیاندا لەپلەی خواری خوارەوەدایە.

ئاخۆ ڕەوایە ئەنفال لەگەورەیی تاوانەکانی تر دژبە گەلی کورد کەم بکاتەوە؟ یان بەپێچەوانەوە ئەوە تاوانەکانی پێش ئەنفال و بێدەنگە لێکردنیان بووە کە زەمینەی تاوانی گەورەتریان رەخساندووە؟ بێگومان لەبەرئەوەی لەپێش پەلامارەکانی ئەنفالیشەوە گەلێک تاوانی گەورەو کۆمەڵکوژی تر ئەنجامدراون تەنانەت پەلامارەکانی کۆمەڵکوژی بۆ سەر کورد چەند دۆسێیەکی جیاوازن ئەمە بێجگەلە ڕاوەدونان و زیندانی کردن) هەموو ئەو تاوانانە هەر زوو لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە بە سیستماتیک دەستیان پێکردووە. هەروەک پێش ئێمە مێدل ئێست و وۆچ لە ڕاپۆرتەکەیدا نوسیویەتی: (لەگەڵێ ڕووەوە، عەمەلیاتی ساڵی ١٩٨٣ی بارزانییەکان دەسپێکی ئەو تەکنیکە بوو کە دواتر بە ئەندازەیەکی هێجگار گەورەتر لە سەردەمی پەلاماری ئەنفالدا بەکار هات. هەروەها نەبوونی هیچ هاوارو ناڕەزاییەکی نێودەوڵەتیی لەئاست ئەم تاوانی کۆمەڵکوژیە، لەگەڵ ئەو هەوڵ و کۆششەشدا کە کورد خۆی کردی بۆ جاڕدان لە مەسەلەکەو خولقاندنی فشارێک لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و حوکومەتەکانی ڕۆژئاوادا، زاتی وەبەر بەغدا نا کە مرخ لە پرۆسەیەکی گەورەتر خۆش بکات و باوەڕ بەوە بێنێ کە

کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نابێت. لەم تاوتوێ و لێکدانەوەیەدا حیزبی بەعس ڕاست بۆی چوو بوو)[٥٣] هەڵبەت توێژەرانی میدڵ ئیست وۆچ باش بۆی چوون و بەروونی ئەوەمان پێدەڵێن کە ئەوە بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوو لەئاست کۆمەڵکوژی ترسناکی بارزانییەکان کە زەمینەی بۆ تاوانی ئەنفال سازاندو حکومەتی عێراقی خستە سەر ئەو بروایەی کە لەئاستێکی ئیجگار فراوانتر کۆمەڵکوژی کوردەکان بکاتە ئامانج و دواجار لەزەمینەی رەخساوی خۆیدا پراکتیکی بکات و دەست لەهیچ نەپارێزی و کۆمەڵکوژی ترسناکی ئەنفال بەبێ سڵەمینەوە لە کاردانەوەی رای گشتی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەنجامبدات و بەسەدان هەزار مرۆڤی گوندنشین دەستنیشان بکات و کۆیان بکاتەوەو لەبیابانەکانی عێراق کۆمەڵکوژیان بکات، هەروەک هەمان بێدەنگیش بوو کە سڵ لە بەکارهێنانی گازی کیمیاوی نەکاتەوەو بە دەیان هەزار مرۆڤی کورد لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بەکۆمەڵ بکوژێت . لێکۆڵیاری بەناوبانگی هۆڵندی یۆست هلتەرمان دەڵێت: رووداوەکانی حاجی ئۆمەران سێ دەرەنجامی گرنگی لێکەوتەوە، بۆ سزادانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لەبەر ئاسانکاریی کردنی بۆ سەرکەوتنی ئێرانییەکان لە حاجی ئۆمەراندا، ڕژێمی بەعس تەواوی نێرینەی سەر بە عەشیرەتی بارزانی ڕاپێچکرد، کە زۆریان لە پاش هەرەسی ساڵی (١٩٧٥)ی شۆڕشی بارزانییەوە ناچاری نیشتەجێی کۆمەڵگاکانی دەوروپشتی هەولێر کرابوون، لە٣٠تەموزدا لە نێوان (٥٠٠٠ هەتا ٨٠٠٠) پێنج تا هەشت هەزار پیاوی بارزانی، کە ژمارەی ڕاستەقینەیان بە تەواوی نازانرێت- گیران و ڕاپێچکران و جارێکی

٥٣. بروانە میدیل ئیست وۆچ جینۆساید لە عێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد- چاپی سێهەم — دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان ل ٩٧ وەرگێرانی کوردی- محمەد حەمەساڵح تۆفیق

تـر نەبینرانـەوە، دوومانـگ دوایـی سـەدام حوسـێن لـە وتارێکـدا بـێ سـێ و دوو وتـی:" ئەوانـەی خیانەتیـان بـە نیشـتمان وپەیمـان کـرد، ئێمـە ناردمانـن دۆزەخ" . ئـەم تۆڵـە سـەندنەوەیە،بۆ ئاگادارکردنەوەیەکـی هاوشـێوەی میتـۆد وئەنجامـی شـاڵاوی ئەنفالـی سـاڵی١٩٨٨ی تێـدا بـوو، کوشـتاری بارزانییـەکان بـۆ ڕژێـم ڕۆڵـی ڕاهێنـان وخـۆ ئامادەکردنـی بینـی بۆکوردیـش تامکـردن و چەشـنێکی بچـووک بـوو بـۆ ئـەوەی کـە دواتـر روویـدا[٥٤] .

هەڵوسـتەی ئێمـە لێـرەدا لەسـەرجیاکردنەوەی هەمووئەودۆسـێیانە نییـە کـە لـە سـەرەتای هەشـتاکانی سـەدەی رابـوردوودا لـە تاوانـی گـەورە و کۆمەڵکـوژی کـوردە فەیلیەکانـەوە دەسـتپێدەکا، بەڵکـو لەسـەر شـێوازی مامەڵەکردنـی ئـەو دۆسـێیانەو گوزارشـت لێکردنیانـە لـەلای میدیـاکارو سیاسـەتوان و رێکخراوەکانـەوە کـە بەتێگەیشـتنی مـن ختابـی سـۆز ئامێـزو قسـە فرێدانـی نابەرپرسـیارانە زەرەری کوشـندە لـە دۆسـێکە دەدەن ئەمـە جگـە لـەوەی هەندێـک دۆسـێی جینۆسـاید هـەن هێشـتا لەلایـەن کـوردەوە قسـەی جدیـان لەبـارەوە نەکـراوە لەپێـش هەموویانـەوە دۆسـێی کۆمەڵکـوژی فەیلیـەکان. ئەگـەر گـورزی ئەنفـال لـە زاخـۆوە بـۆ خانەقـی کۆمـان بکاتـەوە ئـەی بـۆ زەبـری کۆمەڵکـوژی کوردانـی فەیلـی چـی بکەیـن؟ ئـەی بـۆ کۆمەڵکـوژی کوردانـی بارزانـی چـی بکەیـن؟ ئـەی چۆنـە ئـەوان لەبیردەکەیـن و بۆچـی و بـەچ هۆیەکـەوە ئـەوان کۆمـان ناکەنـەوە؟ هەربەڕاسـت ئـەوان کوردنەبـوون؟ ئەوانیـش لـەدادگای باڵای تاوانەکان بە جینۆساید نەناسـێنران؟ ئەمـە ئـەو پرسـیارە گرنگەیـە کـە هـەم سیاسـیەو هـەم ئەخلاقـی و دەبـێ

---

٥٤. بروانـە (کارێکـی ژەهـراوی ئەمریـکاو عێـراق و گازبارانـی هەلەبجـە – کۆمپانیـای ئاوێنـە- یوسـت هیڵتەرمـان- وەرگیرانـی کـوردی محمـەد حەمـە سـاڵح توفیـق – ٢٠٠٨- ل ٤١-٤٢ ).

کورد بەڵێ کورد بۆخۆی وەڵامی بداتەوە ؟ ئەگەر دۆسیێی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان لەئەنفالدا پێناسەدەکەنەوە ئەی کوردانی فەیلی دەخەنە ناو کام پێناسەیەوەو ناوی چیان بۆ دەدۆزنەوە ؟ لێرەدا قسە تەنها لە ناوهێنانیان نییە بەڵکو قسە لەسەر پێناسەکردنەوەیە، پێناسەکردنەوەیەک بۆ یەکخستنەوەی گروپە جینۆساید کراوەکە بەواتایەکی ڕونتر بۆ ڕێکخستنەوەی کوردە جینۆسایدکراوەکەی باشور لە سەدەی بیستەمدا . بۆئەوەی خوینەر خوێندنەوەی هەلەی بۆنەکات مەبەستم لە جیاکردنەوەی دۆسێکان بۆئەوە نییە لێکجیا ببینەوە بەڵکو ڕێک بەپێچەوانەوە بۆئەوەی باشتر خۆمان ببینین و لەبەر ئاوینەی چوار دۆسێی جینۆسایدا رونتر خۆمان بناسینەوە.

جێنۆسایدکردنی کورد لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە دەچێتە قۆناغی مەترسیدارەوە لە کۆمەڵکوژی وپاکتاوی فەیلیەکانەوە ماشێنی قرکردن و سرینەوەی شوناسی کورد بوون هەڵدەکشێ بۆ ئاستێکی تر بەڵام بە هۆی نەبوونی نارەزایەتی نێودەوڵەتیەوە هەڵدەکشێ بۆ کۆمەڵکوژی بارزانییەکان و بە دوای ئەوانیشدا تاوانی کیمیابارانکردنی دۆڵی بالیسان و خۆشناوەتی و ئینجا هەڵەبجەو دواتریش بە شێوەیەکی فراوانتر کۆمەڵکوژی (ئەنفال) بەدوای خۆیدا دێنێت، ئەمە تەنها لەساڵانی سەرەتای هەشتاکانەوە، دەنا پانۆرامای تاوانی جینۆساید دژ بە نەتەوەی کورد لە سەدەی حەوتەمی زاینییەوە، واتا لەسەروەختی فتوحاتەکانی ئیسلامەوە درێژەی هەیەو لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیشەوە نیازوخەیاڵی سەرانی دەوڵەت سیستماتیکتر دەبێ و ئیتر دەوڵەت و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەتایبەتی رژێمی بەعس بەپشت بەستن بەپاساوی بێبناغە ملهوڕی

دەکـەن، بەتایبەتـی بەپاسـاوی بەکرێگیـراوی ئێرانـی لەسـەروەختی جەنگـی ئێـران عێراقـدا، بەهێـزی سـوپا و پاڵپشـتی ئەمـن و موخابـەرات تاوانـەکان ئەنجـام دەدرێـن.

بەداخـەوە گەلـی کـورد هەتـا ئەمرۆ بەهـەر هۆیەکـەوە بێـت لەپۆلێنکـردن و جیاکردنـەوەی دۆسـێی ئـەم تاوانانـەدا تاڕادەیەکـی زۆر بێبـاک وخەمسـاردەو هێشـتا بەنەشـارەزاییەکی زۆرەوە مامەڵــەی لەتەکـدا دەکات. وەکـو نازانـی چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ ئەمجـۆرە تاوانانـە بکاوچـۆن ڕو بەڕووی دنیـای دەرەوەی بکاتــەوە، هەوڵیــش نــادات فێربــێ. دەســەڵاتدارانی هەرێمــی کوردســتان دۆسـێکەیان پشـتگوێ خسـتووەو هـاوکاری ئـەو ڕێکخـراو کەسـایەتیانەش ناکـەن کـە بەنیـازن لـەو مەیدانـەدا کارێـک بکـەن، بەپێچەوانـەوە دەسـت ئاوالایــە بــۆ هــەر نەشــارەزایەکی تــر کــە بەنــاوی ئــەو دۆســێیەوە بەبــێ دیقەتـی و بێجورئەتیـەوە لەمەیدانـدان وهەرگیـز پرکێشـی ئەوەیـان نەکـردووە کـە سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد لـە هەڵەتێگەیشـتن لـە دۆسـێی جینۆسـایدی کــورد بەئاگابهێننــەوە بگــرە خۆیــان هــۆکاری ئــەو بەدحاڵــی بوونــەن. بەداخـەوە گرنگـی نەدانـی زانکۆکانـی کوردسـتان بـەو دۆسـێیانە لەمـاوەی ٢٣ سـاڵی رابودووداهۆکارێکـی سـەرەکی هاتنـە مەیدانـی کەسـانێکی تەماحـکارو هەلپەرسـتی نـاو ئـەو دۆسـێیەن، کـە دەشـێت بـە پێچەوانەی ئەم تێگیشـتنەوە کاری باشـترو کاریگەرتـر بکرێـت بەزمانێکـی سـادە دەلێیـن مـادام کـورد وەک نەتــەوە ئامانجـی پاکتاوکـردن بـووە، دەشـێت ئامانجـی کـورد خۆشـی یەکخسـتن و ڕێکەوتنـی خـۆی بێـت و لەپێـش هـەر شـتێکی تـرەوە لێبوردەیـی بکاتـە شوناسـی ڕاسـتەقینەی خـۆی . ئـەوەی لەمـەودا لەسـەری دەوەسـتین و قسـەی لـە سـەر دەکەیـن جینۆسـایدی بارزانییەکانـە کەبەداخـەوە ئێسـتا

لەلایەن هەندێک کەسەوە جا لە دڵسۆزییانەوە بێت بۆپارتی دیموکراتی کوردستان یان لە نەشارەزایی و خۆبردنە پێشەوە بێت لەلای ئەو حزبە، کۆمەڵکوژی بارزانییەکان بەئەنفالی بارزانییەکان ناودەبەن. ئەفسوس ئەوەش نکوڵی کردنێکی ئاشکراو بێپەردەی تاوانێکی تری جینۆسایدە، جەختکردنەوە لەسەر ئەو بەهەڵە پێناسەکردنەوەی جینۆسایدکردنی بارزانییەکان سەر ئەنجام دەتەنێتەوەو دەبێتە هۆی لەبیربردنەوەی یاخود گواستنەوەی بۆ واتاو پێناسەیەکی تر کە لە قازانجی کورد نییە، بەڵکو لە قازانجی نەیارانێتی.

پێدەچێت ئەم گوزارشتکردنەش سەرچاوەکەی هەر ئەوەبێ کەخودی بارزانییەکان کە ئەمڕۆ لە سەرۆکایەتی حزب و حکومەتدا رۆڵ و پێگەی باڵایان هەیە، هۆکار بێت چونکە بەداخەوە ئەوانیش هەمان گوزارشت لە تاوانەکە دەکەن و هەمان تیروانینیان هەیە بەلای کەمەوە هەمان گوزارشتیان لە جینۆسایدکردنی پیاوانی بارزانی هەیە، بۆیە خەڵکی تریش بێ بیرکردنەوە لەدەرئەنجامەکەی هەر ئەوە دەڵێنەوە بەڵام لە هەموو حاڵەکاندا کارێکی دروست ناکەن کە دۆسێی تاوانەکان تێکەڵ بکەن، بەتایبەتیش دۆسێی جینۆسایدکردنی بارزاننییەکان تێکەڵ بەدۆسێی تاوانی ئەنفال بکەن. چونکە تێکەڵکردنی ئەو دوو دۆسێیە هەم زەرەر لەخودی ئەنفال دەداو هەم زەرەریش لە دۆسێی بارزانییەکان دەدات. بۆچی ؟ هەڵبەت وەلامی ئەوە بە ووشەیەک یان رستەیەکی حازربەدەست نادرێتەوە بەڵکو پێویستی بە بەراودکاری و شیکارییەکی وردو زانستی هەیە، من هەوڵدەدەم لە خوارەوە بەپێی تواناوتێگەیشتنی خۆم بەراوردەکە بخەمە ڕوو.

## بەراورد لەنێوان

## تاوانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی بارزانییەکان

هەڵبـەت ئـەوە ڕون وئاشـکرایە کـە دەوڵەتـی عێـراق هەمیشـە بەچـاوی نەیـار تەماشـای کـوردی کـردووە، بۆیـە لەهـەر دەرفەتێکـی ڕەخسـاودا کاتـی بەفیرۆنـەداوەو پـرۆژەی لەبەیـن بـردن و تەنـک کردنـی کـوردی خسـتووەتە بـواری جێبەجێکردنـەوە، بۆیـە هەڵەیەکـی گـەورە دەکەیـن دۆسـێکان تێکـەڵ بکەیـن لەکاتێکـدا بۆخۆیـان جیـاوازن دۆسـێی جینۆسـایدکردنی کـوردە فەیلییـەکان قۆناغێـک بـوو پێـش جینۆسـاید کردنـی بارزانیـەکان خرایـە بـواری جێبەجێکردنـەوەو دۆسـێی کۆمەڵکـوژی بارزانیەکانیـش دوای ئـەو تاوانـەو پێـش کیمیابارانکـردن و ئەنفالکردنـی کـورد بـووە. کەتـە ئـەو پرسـیارەی لەسـەرەوە خـۆی سـەپاند، گرنگـە بەدیقەتـەوە وەڵامـی بدەینـەوەو خوێنەریش بەدیقەتـەوە مامەڵـەی لەتەکدا بـکات بۆیـە هەوڵدەدەم بـۆ وەڵامی پرسـیارەکەو ڕونکردنـەوەی مەبەسـتەکەم لـەم بارەیـەوە لەسـەر چەنـد خاڵێـک بووەسـتم و لـە میانیـدا زەرەر و زیانەکانـی ئـەو تێکەڵکردنـە ڕونبکەمـەوە .

١. هیـچ تاوانێـک هێنـدەی جینۆسـاید مەترسـیدار نییـەو هیـچ تاوانێـک هێنـدەی جینۆسـاید ئابـڕوی ئەنجامدەرانـی تاوانەکـەو هاوکارانـی و تەنانـەت ئەنجومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی و ڕێکخراوەکانـی مافـی مـرۆڤ لەکـەدار نـاکات لەلایەکـی تریشـەوە هیـچ تاوانێـک هێنـدەی تاوانـی جینۆسـاید ڕای گشـتی ناوروژێنـێ، هەڵبەتـە ئێمـە شـانازی بـە دۆسـێکانەوە ناکەیـن بـەڵام مافـی خۆمانـە شـانازی بـە قوربانییەکانییـەوە بکەیـن و بـە پێداگرییـەوە هەوڵبدەیـن قەرەبوویـان وەربگرینـەوەو وەکـو کارتێکـی بـە هێزیـش بـۆ

پارێزبەندی (حصانە) بەکاریان بهێنین، مەبەستەکەم کورت دەکەمەوەو دەڵێم لەبەر ئەوەی کورد زیاد لەجارێک جینۆسایدکراوەو هەتا ئێستا بەپێی یاسا (٦) شەش[٥٥] دۆسێی تاوانی جینۆساید لەدژی کورد بە فەرمی یەکلایی کراونەتەوەو دادگا بە جینۆساید تەماشای دۆسێکانی کردووەو بریاری لەسەر داون و بەو تۆمەتەش تۆمەتبارەکانی دادگایی کردووەو سزای داون، یەکێک لەوانە تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکانە .بۆیە پێویستە هەموومان ئەو راستیە بزانین کە تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان بەپێنج ساڵ پێش پەلامارەکانی ئەنفال ئەنجامدراوە، ئەوە ڕوونە کە ئەو کاتەی تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان ئەنجامدراوە، تاوانی ئەنفال لە کوردستاندا روینەدابوو. بۆیە نەنگییەودەتوانم بلێم تارادەیەکیش ئابروبەرە کاتێک میدیاکاری کورد ئەم زانیاریە سەرەتاییانە نەزانێت و بێباکانە ڕاپۆرتیشی لەبارەیەوە بڵاوبکاتەوەو زانیاری هەڵە بە خوینەر بفرۆشێتەوەو دۆسێکەش چەواشە بکات.

٢. هەڵبەت کەس ئەو ڕاستیە نەزانێت هەقوایە ڕێکخراوەکانی تایبەت بەتاوانی ئەنفال و جینۆساید ئەوەندە شارەزاییان هەبێ کە بزانن تاوانی جینۆسایدی بارزانییەکان پێنج ساڵ پێش ئەنفال رویداوە، دەشێت ئێمە کۆمەڵکوژی بارزانییەکان وەک تاقیکردنەوەی دووهەمی حکومەتی عێراق ببینین، مەبەستیش ئەوە بوو هەتا بزانێت سەرنجی دنیاو کاردانەوەی نێودەوڵەتی چی دەبێ؟ بەڵام ناشێت تاوانی دووهەمی جینۆساید بەئەنفال

٥٥. بۆ زانیاری خوێنەران ئەو شەش دۆسێیە بریتین لە ( دۆسێی تاوانی کۆمەڵکوژی وەدەرنانی فەیلییەکان، دۆسێی جینۆسایدو پاکتاوی بارزانیەکان، دۆسێی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، دۆسێی تاوانی ئەنفال، دۆسێی پاکتاوی نەژادی، دۆسێی راپەڕین) ئەمە جگەلەوەی کورد دۆسێی (کانی ئاشقان وبۆمبارانی شاری قەلاتدزێ ) هێشتا کۆتاییان نەهاتووە. بەڵام دۆسێی راگواستنی پشدەر لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا وەک تاوانی دژەمرۆڤایەتی بریاری لەسەردراوەو کۆتایی هاتووە.

ناوبەرین.

٣. لەبەر ئەوەی تاوانی جینۆساید بە ژمارەی قوربانییەکانی ناناسرێتەوە بەڵکو بە نیازو ئەنجامەکەیدا دەناسرێتەوە، هیچ تاوانێکی کۆمەڵکوژی نییە لەبەر ئەوەی ژمارەی قوربانییەکانی کەمترن لەیەکێکی تر لەخانەی جینۆساید بکرێتە دەرەوە، بەپێچەوانەوە ئەگەر وابیر نەکەینەوە ئەوە لە بەدحاڵی بوونێکی زەرەر مەندا دەخولێینەوەو مایە پۆچ دەردەچین، رەنگە هەندێک تاوان هەبن خوێنیان تێدا نەڕژێ بەڵام لە نیازەکەیدا نێتی سرینەوەی شوناسی گروپێک بدۆزینەوە هەر وەکو لە عێراقدا بینیمان بە سیاسەتی (ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی) ئەویش بریتی بوو لە گۆڕینی شوناسی نەتەوەیی لە کوردەوە بۆ عەرەب[٥٦].

٤. لەبەرئەوەی تاوانی ئەنفال تاوانێکی گشتگیر بوو" تاوانی کۆمەڵکوژی، گرتن و بێسەروشوێنکردنی ژن و پیاوی پیرو گەنج و منداڵان، روخاندنی گوندەکان، بەتەڵان بردن، جینۆسایدی ئابوری، رەشبگیر و کوشتنی بەکۆمەڵی نیشتەجێی گوندەکانی گرتەوەو ئەو گوندانەش بە ناوچە قەدەغەکراوەکان ناودەبران، ئەوانەی دەستنیشانکرابوون لەو ناوچانە گیران و کۆکرانەوە، پاش پۆلێنکردنیان بێ دادگایی کردن،کۆمەڵکوژکران و لە ناو گوندەکان و ناوچە قەدەغەکراوەکاند ژیان تیایاندا قەدەغە بوو) . ئەمەش تەواو پێچەوانەی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان بووە.

٥٦. ئەمە سیاسەتێکی مەترسیداری حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق و تورکیایە دەرهەق بەکوردو زۆرن ئەو کوردانەی شوناسی خۆیان ونکردووەو زمانی دایکی خۆیان نازانن . بەتایبەتی لەسەروەختی جەبەروتی دەسەڵاتداریتی عەلی حەسەن مەجیددا بەشیوەیەکی مەترسیدار ئەم سیاسەتە لەدژی کوردی دانیشتوانی کەرکوک و مو×ل پیادە دەکرا .

٥. ئەوە جگەلەوەی لەپەلامارەکانی ئەنفالدا ئەو کەسانەی لەکۆمەڵکوژی دەربازببوون، لە ئۆردوگاکاندا نیشتەجێبوونەوە، هەرچەندە کەوتبوونە ژیانێکی ناخۆش و نامۆوە، بەڵام بەر کۆمەڵکوژی و زیندانەکانی کەمپەکانی ( دوبزو سەلامیە) و نوگرەسەلمان نەکەوتن لەو کۆمەڵگایانەدا مانەوە کە بە زۆرەملێ دروستکرابوون، ئەوانیش زیاتر لە زیندان دەچوون لە وەی ئازادبن. تاوانی ئەنفال تەنها گوندەکانی گرتەوە، واتا تەنها ئەوانەی قایل نەبوون مل بەسیاسەتی ئۆردوگا نشینی بدەن یان ئەو گوند نشینە سادەو ساکارانە بوون، پێیانوابوو لە سایەی هێزی پێشمەرگەدا پارێزراون و حکومەت تاقەتی بەسەر گرتنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا ناشکێ.

٦. هەرچی قوربانیانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکانن بۆخۆیان ئۆردوگانشین بوون، ئەوان دەمێک بوو لە دۆڵی بارزانەوە رەوانەی ناو ئۆردوگاکانی خواروی عێراق کرابوون و لە گوندەکانیان دابرابوون، لێرەدا وێنەکە رونترە واتا ئەو ئۆردوگایانەی خانەوادەی بارزانییەکانی لێنیشتەجێ بوون وەک ئەنفال ناوچەی قەدەغەکراو نەبوون، بەڵکو لە نزیک سەنتەری شار و لە ژێر چاودێری هێزە ئەمنی و موخابەراتیەکانیی حکومەتیشدا بوون. لەوەش سەرنجراکێشتر هەندێکیان سەربازبوون و لەیەکەکانی سوپادا دەرهێنراون و کوژراون.

٧. گرنگە ئەوەش بزانین کە هەندێک لەو بارزانیانەی گیران و لەناو بران نەک لە گوندەکان تەنانەت لەکوردستانیش نەبوون بەڵکو دانیشتووی بەغدا بوون. بۆنموونە نزیکەی ٥٠ کەس لەو پیاوانەی بارزانی بوون دانیشتووی بەغدا بوون نەک کۆمەڵگاکانی نزیکی هەولێر لە ١٩٨٣/٧/٢٩

شێخ عوسمانی کوڕی شێخ ئەحمەدی بارزانی لە گەڵ کوڕەکەی شێخ عیماد لە هەولێرەوە بەڕێکران بۆ بەغدا بە بیانووی کۆبونەوە لەرێکەوتی ١٩٨٣/٧/٣٠، هەندێک لە کەسایەتی و شێخەکانی بارزان وبارزانییەکانی دەوروبەریان لە بەغدا کۆکردەوە و هەرلەوێ دەستبەسەرکران و جاریکی تر نەبینرانەوە)[٥٧].

٨. کەچی بەو حاڵەشەوە هێشتا لە کۆمەڵکوژی بەدەرنەبوون، ئەمەش جگەلەوەی جیاوازیەکی بەرچاوە لەگەڵ ئەنفال رەگەزێکی گرنگی جینۆسایدیشە کەگروپەکەی دەستنیشان کردووە، ئەوەی لێرەدا ئاشکرایە ئەوەیە کە هیچ بەلای دەوڵەتەوە گرنگ نییە داخۆ دەستنیشانکراوەکە دانیشتووی کوێ یە؟ گرنگ ئەوەیە بارزانییەو دەبێت بکوژرێ، بۆیە تێکەڵکردن وناوهێنانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان بە ئەنفال نەک سودی بۆ کورد نییە بەڵکو زەرەرمەندیشە لەبەر ئەوە کاتێک دەڵێین ئەنفالی بارزانییەکان لە یادەوەری تاکی کورددا بەو شێوەیە دەچەسپێ کە بارزانییەکانیش لەساڵی ١٩٨٨ دا لەپرۆسەی ئەنفالدا بێسەروشوێن کراون، کەئەوەش راستنیە هەروەک هەندێک دەزگای میدیایی و میدیاکاران نابەرپرسیارانە نوسیویانە لە میانەی ئەنفالی بادینان‌دا ٨٠٠٠ هەزار پیاوی بەرزانی بێسەرو شوێنکران . ئەفسوس بەهۆی ئەو بێباکیەوەیە کە دەبینین و دەبیستین چەندین هەڵەتێگەیشتن لە رۆژنامەو میدیای کوردیدا رەنگی داوەتەوە و ڕاپۆرتی هەلەی لەبارەوە نوسراوە . ئیدی ئەو هەڵەیە وادەکات لە تێگەیشتنی گشتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا دۆسێی بارزانییەکانیش لەگەڵ ئەنفال تێکەڵ بێت و کورد دۆسێیەکی کۆمەڵکوژی لەدەست بدات.

٥٧. بروانە ڕێکارێ مزوری سەربۆرا تراژیدیا بارزانیان – ٢٠٠٣-هەولیر

٩. رەنگە باشترین ڕونکردنەوەو نموونەی بێ مشتومڕ بۆ جیاکردنەوەی دۆسیێکە بێت لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا. ئایا ئەگەر دۆسێی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی بارزانییەکان ئەنفالە بۆچی لە دادگای باڵای تاوانەکان دانیشتنەکان و دادوەرەکان و تۆمەتبارەکانی جیاوازن؟ هەڵبەت لێرەدا ساتەوەختی روداوە کە زۆر گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت.

١٠. هەروەکو چۆن تاوانی هەڵەبجە لەتاوانی ئەنفال جیا دەکرێتەوە، بۆنموونە دەڵێین (تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە) یان هەلەبجەو ئەنفال بەهەمان باشتروایە بەهەمان شێوە تاوانی بارزانییەکانیش جیابکرێنەوە لە ئەنفال، ووشەی ئەنفالی نەخرێتە پێش چونکە پێشگری ووشەی ئەنفال بەتاوانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکانەوە دۆسێکە دەشێوێنێ، بۆیە گونجاوترو ڕاستتر ئەوەیە جینۆسایدی بارزانییەکان بەکاربهێنین. لە ڕاستیشدا بارزانییەکان جینۆسایدی رەگەزی کراون..واتا ئەو تاوانە بەو شێوەیە ئەنجامدراوە کە گروپێک لە کورد دەستنیشان دەکرێ و دەست دەکرێ بەگرتن و کۆکردنەوەو دواتر پۆلێنکاری و ئینجا قەڵاچۆکردنیان. هەڵبەتە ئەمە بۆ هەموو کۆمەڵکوژییەکی نەخشەبۆکێشراو هەروایە ئەوە بڕیاری پلاندانەرانی تاوانەکەیە دەستنیشانی شێوازی کوشتن دەکات نەک خواستی جەلاد، ئەوەی کۆتایی بە قوربانییەکان دەهێنێ جۆری ئەنجامدانە .

هەروەک چۆن لەتاوانی ئەنفالیشدا گروپێک دەستنیشان دەکرێ و سنووری جوگرافیەکەی دیاری دەکرێت (گوندەکان ئەوانەی نەهاتوونەتەوە ریزی نیشتمانی) کە بە (ناوچە قەدەغەکراوەکان) ناودەبران لە تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکانیشدا هەروا بوو (بارزانییەکان لەناو ئەوانیشدا

تەنها پیـاوەکان) نـەک هەمـوو کوردێـک تەنانـەت نـەک هەمـوو بارزانییەکیـش چونکـە ئەوکۆمەڵکوژیـە لـە دەستنیشـانکردنی یەکەمـدا ژن و منداڵیشـی لێبـەدەر بـووە، بۆیـە ئـەوەی دەستنیشـانکراوە تەنها پیاوەکان یـان نێرینەکان لەسـەروی تەمەنـی (١٠ بـۆ ٩٠) سـاڵ ئەمـە خەسـڵەتی جیاکردنەوەکەیـە نـەک کـورد بـوون، بەهەمان شـێوە کـوردە فەیلیەکان لەکۆتایی سـاڵانی حەفتاکانەوە تـا سـاڵی ١٩٩٠ بەبیانـوی ئـەوەی ناسـنامەی عێراقـی لـە کەسـانی بیانـی وەردەگرنـەوە. هەڵمەتەکـە تەنهـا کوردانـی فەیلـی دەگرتـەوە نـەک هەمـوو کـورد بەڵکـو تەنهـا (فەیلـی) کەواتـە پاکتاوکردنەکـە لێـرەدا پۆلینکـراوە نـەک گشـتگیر ماشـێنی کۆمەڵکوژییەکـە بـۆ هەمـوو کوردێـک نەبـووە بەڵکـو تەنهـا بـۆ کـوردی فەیلییـە. ئـەوە بـۆ هەمـوو لایـەک پێویسـتە گرنگـی بـە مێـژووی خـۆی بـدات بـەڵام لـەوە گرنگتـر ئەوەیـە خـۆی لـە گۆتـرەکاری و تێکەڵکردنـی ئـەو دۆسـێیانە بپارێزێـت . مـن لێـرەدا ئەوپرسـیارە لەوکەسـانە دەکـەم کـە جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکەنـەوە کـە بارزانییـەکان بـە ئەنفـال ناوبـەرن ئایـا کۆمەڵکـوژی فەیلیـەکان بەچـی ناودەبـەن ؟ باشـە باگریمانـەی ئـەوە بکەیـن لەبـەر ئـەوەی تاوانـی ئەنفـال ئیجـگار گەورەیـەو شوناسـی جینۆسـایدی گەلـی کـوردە ئەگـەر وایـەی ئـەی کـوردە فەیلیـەکان بـۆ بەئەنفـال ناونابرێـن ؟

هەروەکـو چـۆن گوندنشـینەکان "خەڵکـی ناوچـە قەدەغەکـراوەکان" بەخیانەتـکارو بەکرێگیراوانـی ئێـران تاوانبـار کرابوون،ئـاواش بارزانییـەکان لـەدوای شـەڕی حاجـی ئۆمەرانـەوە لەدیدو تێڕوانینی بەعسـەوە بە خیانەتکاری ئێرانـی تۆمەتبارکـران و هەمـوو خەڵکـی ناوچەکانـی بـە کرێگرتـەی ئێرانـی و بەخیانەتـی گـەورەی نیشـتمانی تۆمەتباردەکـرد . هەڵبەتـە تۆمەتێکـی تـەواو بێبنەمـاو ناعەقڵانـی بـووە، چونکـە کـێ دەتوانـێ وەڵامـی بەڵـێ بـەو

پرسـیارە بداتـەوە کـە دەلێیـت ئایـا منداڵانیـش خیانەتـکاری ئێرانـی بـوون؟ ئایـا بەڕاسـت منـداڵان دەبـن بـە تێکـدەر؟ منـداڵان بـە بەرائەتـی خۆیانـەوە دەبـن بـە خائیـن؟ هەڵبەتـە سیسـتمی تۆتالیتـاری و دکتاتـۆری هەرگیـز بـێ بەهانـە نەبـووە هیـچ تاوانێکـی بەعـس نەبـووە بەهانەیەکـی بـۆ نەدۆزیبێتـەوە بـەڵام پرسـیار ئەوەیـە بەهانـەکان هەتـا چەنـد عەقڵانـی بـوون؟ بەدیوێکـی تـردا دەبێـت بپرسـین بۆهێنـدە ناعەقڵانـی بـوون بەهانەکانـی بەعـس بـۆ جەنگـی ئێـران، بـۆ جەنگـی کوێـت، بـۆ وێرانکردنـی ئەهـوارەکان بـۆ دوجەیـل، بـۆ شـەڕی کـوردو هێرشـکردنە سەرکوردسـتان، بـۆ کۆمەڵکـوژی فەیلیـەکان بـۆ بارزانیـەکان بـۆ ئەنفـال؟ هەمـوو ئەوانـە ئەگـەر بەهانـەی ڕەواش بووبـن جەنگـەکان ڕەوانەبـوون، لەراسـتیدا هەمـوو ئـەو بیانوانـە تـەواو مەرگدۆسـتانە بـوون، هیچیـان لۆژیکـی و عەقڵانـی نەبـوون بەڵـی هەموویان بەهانەی سیاسـی بـوون بـەڵام راسـت و دروسـت نەبـوون چونکـە نـەک لەقازانجـی عێراقیـەکان تەنانـەت لـە قازانجـی خـودی بەعسـیش نەبـوون . ئـەو توندرەفتارییەی بەعس هێنـدە سـنوری بەزاندبـوو تەنانـەت لەگـەڵ بەعسـیەکان و شـوێنکەوتووەکانی خۆشـیدا تونـدو سـتەمکارانە بـوو.

# بەشی سێهەم

- زەمەنی تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان
- تێڕامان لە بەڵگەنامەکان
- دادگایی کردنی تۆمەتباران
- شوێنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان

# زەمەنی تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان

ئـەو خاڵانـەی لەسـەرەوە باسـکران جیاوازیەکـی زۆر لەگـەڵ شـێوازی پەلامارەکانی ئەنفالـدا دەخاتـە ڕوو، واتـا دەستنیشـانکردن و تەنانـەت گرتـن و کۆکردنـەوەش بەپێچەوانـەی پەلامارەکانـی ئەنفالـەوە بۆ دەزگا ئەمنییەکانی بەعـس بـێ مەسـرەفترو بـێ سـەر ئێشـە تـر بـووە، لـە تاوانـی ئەنفالـدا بێجگەلـە دەزگا ئەمنـی و سـەربازیەکان، دەزگاکانـی تـری دەوڵەتیشـیان بۆخرا بـووە گـەڕ، لەوانـە دەزگاکانـی ڕاگەیاندنیـش کەبـەردەوام هانـی پەلاماردانـی خەڵکیـان دەداو وورەی دەدایـە هێزەکانـی بەعـس و شـەرعیەتی ئاینـی و نیشـتمانی بـۆ ئەنجامدانـی تاوانەکـە دادەتاشـی، بـەڵام تاوانـی کۆمەڵکـوژی بارزانییـەکان لەڕاگەیاندنەکانـدا بـاس نەدەکـران جگەلـە جارێـک کـە سـەدەم ووتـی ئەوانـە خیانییەتیـان لەپەیمـان و لـە نیشـتمان کـردوو ئێمـەش ناردمانـن بـۆ دۆزەخ. ئیـدی بـاس نەدەکـران.

تاوانبارانـی سـەرەکی کۆمەڵکـوژی بارزانییـەکان هـەر بەرپرسـانی حزبـی بەعـس و دەزگائەمنییەکانـن بـەڵام جیـاوازن لـە تاوانبارانـی ئەنفـال ئەگـەر بێـت و تاوانـی بارزانییەکانیـش هەربخرێتـەوە ئەسـتۆی عەلـی حەسـن مجیـد وەک پلاندانـەرو جێبەجێکـەری تاوانەکـە ئـەوا کەسـانی وەکـو (فـازل بـەراک) و (بـەرزان تکریتـی) و ئەفسـەرە سـەربازی و ئیسـتخباراتیەکان لـەو تاوانـە لەزەیـن و بیـری رای گشـتی دوردەخرێنـەوەو بـەلای کەمـەوە لـە زهنـی خەڵکـدا دەسـڕێنەوەو لـەوەش خراپتـر کـۆی تاوانەکانـی تـری بەعـس لـە ملـی چەنـد سـەرکردەیەکدا کـورت دەکرێنـەوە، کـە دیسـانەوە ئەمـەش بەقازانجـی بیـری شـۆڤینی عـەرەب و دەوڵەتـی سـتەماکری عێـراق و سیسـتمی بەعـس

دەشـکێتەوەو زەرەر بـەر کوردیـش دەکەوێـت وەکـو نەتەوەیەکـی چەندجـار جینۆسـایدکراو.

وەک بلێـی حزبـی بەعـس کـە حکومەتـی بەدەسـتەوە بـوو بێخەتـا بـووەو تەنهـا چەنـد سـەرکردەیەکی تونـد رەفتـار تاوانـکار بووبن،دەوڵەتـی عێـراق خاوەنـی هیـچ پـلان و سـتراتیژێک نەبووبـێ بـۆ سـرینەوەی شوناسـی کـوردو کۆمەڵکوژییـەک کـە هەمیشـە لەخەیاڵـی سیاسـەتمەدارانی دەوڵەتـی پێشـووی عێراقـدا بـووە، بەکورتـی ئـەوەی دەرهـەق بەکـورد کـراوە سـەدام و چەنـد کەسێکی توندرەفتـارو بـەدکاری نزیکـی ئـەو بـوون نەک سیسـتمە سیاسـیەکە نەخشـەی لەناوبردنـی هەبووبـێ..؟!

هەڵبـەت زەمەنـی هـەردو تاوانـی ئەنفـال و جینۆسـایدی بارزانییـەکان زۆر لێـک دورنیـن بـەڵام بـۆ ناسـینەوەی رەگـەزی تاوانەکـەو رونکردنـەوەی وێنـەی تراژیدیاکـە زەمەنێکـی لێکـدورن وجیاوازییەکەیـان زۆرە تەنانـەت هەلومەرجەکە جیـاوازەو جۆرێـک گۆرانـکاری و جیـاوازی تێدایـە سـەرباری ئەوانـەش هەندێـک خاڵـی لێکچوویـان هەیـە، هـەردووک تاوانەکـە بـەو بیانـووە ئەنجامـدراون کـە هـاوکاری ئێرانییەکانیـان کـردووەو بەکرێگیـراوی ئێرانـن. بـەڵام کاتێـک تاوانـی کۆمەڵکـوژی بارزانییـەکان رویـدا هێشـتا هێـزی پێشـمەرگە ئەوەنـدە گەشـەی نەکردبـوو، جەنگـی ئێـران عێـراق لـە سـێ سـاڵی سـەرەتادا بـوو، سـنووری ناوچـە ئازادکراوەکانـی بـن دەسـتی پێشـمەرگە بەرتەسـک و تارادەیەکـی زۆر داخراوبـوون.

لەسـەرەتای هەشـتاکانی سـەدەی رابـووردوو حکومەتـی سـەدام حوسـێن چووبـووە مەیدانـی جەنگێکـەوە لەگـەڵ ئێـران، عێـراق هەرگیـز لـەو بروایـەدا

نەبوو ئێران هێندە قیرسچمەبێت جەنگ هەشت ساڵ درێژەبکێشێت، هەرچۆنێک بێت جەنگ درێژەی کێشاو هەردولا زەرەرو زیانی گیانی وماڵی زۆریان بەرکەوت، بەڵام کورد بە ئەندازەیەکی ئێجگار زۆر زەرەری بەرکەوت. بەهەمووی رەنگە چارەکە ملیونێک خەڵکی لەدەستدابێ و هەموو گوندەکانی روخێنران و هەموو خەڵکەکەشی یان کوژران یان بەسەر دە دوازدە کۆمەڵگای زۆرەملێدا دابەشکران[٥٨].

یەکەمین هەڵمەتی بەعس بۆ سەر کورد گرتن و کوشتن و وڵات بەدەرکردنی کوردانی فەیلی بوو، دوهەمین هەڵمەتی گرتن و کۆمەڵکوژی پیاوانی بارزانی بوو، مێژووی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان لە پراکتیکدا تایبەتە بە چیرۆکی جەلادو قوربانی بەدکاری و جەهلی جەلادو تراژیدیای کوشتنی ئەو پیاوانەی سەربەعەشیرەتی بارزان بوون، تەنات تایبەت بوو بەوپیاوانەی جامادانێی سوریان لەسەری خۆیان پێچا بوو، ئەمە لەخانەوادەیەکی مەسیحی رویدا، خاشنا یوحەنای بەئاین مەسیحی تەنها بەتاوانی ئەوەی جامەدانێی سوری لەسەر بوو لە کۆمەڵگای دیانا گرتیان و جارێکی تر کەس چاوی پێی نەکەوتەوە" دواتر بەوردتر چیرۆکی ئەم خانەوادەیە دەخەینە روو". جەلادەکانی بەعس زۆر نامەردانەو بە دڵسۆزییەوە فەرمانەکانی حکومەتیان جێبەجێکرد ئەمە لەئەنفالیشدا هەروابوو، کە دەبوو میللەتیک قڕ بکەن هەر جارەی بە پاساوێک کە هەرگیز نەدەبوو بە عەقڵی مرۆڤدا بچن. ئەو پاساوە بێبنەمایەی بەعس هاوشێوەی پاساوی تورکە عوسمانییەکانە لەکوشتاری

٥٨. لێرەدا تەنها مەبەست لەو کۆمەڵگایانەیە کە بۆ کۆکردنەوەی گوندەکان دروستکران لەساڵی ١٩٨٧ -١٩٨٨ دەنا لەساڵی ١٩٧٥ وە دەوڵەتی عێراق خەریکی دروستکردنی کۆمەڵگای زۆرە ملێیەو لەهەر پارێزگایەک چەندین کۆمەڵگەی زۆرەملی هەبوون کە ئێستا کەمتر وەک کۆمەڵگەی زۆرەملێ باس دەکرین بۆ نموونە لە سلێمانی تاسلوجە، تەکیە، قادسیە، شانەدەری و ناڵپارێز. بەگشتی لەهەموو هەرێمی کوردستان ١٠٦ کۆمەڵگای زۆرەملێ لەلایەن حکومەتی بەعسەوە دروستکراون.

ئەرمەنـدا (سـاڵی (١٩١٥) کاتێـک تورکیـا چـوو بـووە جەنگێکـەوە لـەدژی هاوپەیمانـەکان کەوتنـە قەلاچۆکردنـی ئەرمەنـەکان گوایـە هـاوکاری کریسـتیانە کافرەکانیـان کـردووە)[٥٩]

گرتنـی بارزانییـەکان لـە ١٩٨٣/٧/٢٦ بەهەمـان پاسـاو دەسـتی پێکـرد، ئەوسـا دەزگا ئەمنییەکانـی رژێمـی بەعـس بەهێزێکـی گـەورەو بەشـێوەیەکی زۆر نهێنـی کارەکەیـان ئەنجامـداوە، هێزەکانیـان پێـک هاتبـوون لـە بەڕێوەبەرایەتـی دائیـرەی ئەمنـی پارێـزگای هەولێـر، ئەمنی ناوچـەی ئۆتۆنۆمی و بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی ئەمنـی بەغـدا و بەشـێکیش لـە هێزەکانـی گاردی کۆمـاری (حـرس الجمهـوری) گەمـارۆی ئـەو کۆمەڵـگا زۆرە ملێیانەیانـداوە، کـە بارزانییەکانـی لێنیشـتەجێکرا بـوون، بـۆ گرتـن و کۆکردنەوەشـیان هێـزە ئەمنییـەکان پلانەکەیـان بـە دوو قۆنـاغ جێبەجێکـردووە.

**قۆناغـی یەکـەم:** لـەرۆژی ١٩٨٣/٧/٣١ بارزانییەکانـی دانیشـتووی قوشـتەپە (قـدس و قادسـیە)ی پارێـزگای هەولێـری گرتـەوە. لـە بەرەبەیانـدا خەڵکـی هەژارنشـینی قوشـتەپە هەسـتیان بـە حاڵەتێکـی نامـۆو جموجووڵێکی نـا ئاسـایی هێـزە چەکدارەکانـی حکومـەت کـرد بـوو. زۆری نەبـرد کار لـە هەسـتپێکردن و گومانـدا نەمـاو وا جارێکـی تـر هێزەکانـی حکومـەت کەوتنـەوە گیانـی ئـەو خەڵکـەی کـەوا لـە سـاڵی ١٩٧٥ ەوە نەیانهێشـتووە پشـووبدەن و وەک مەلـی هێلانـە لێتێکچـوو، هەمیشـە بارگـەو بنەیـان پێدەپێچاونـەوەو رایاندەگواسـتن، ئەمجـارە کارەکـە لـەوە ئاڵۆزتـرو نیازەکـە لـەوە مەترسـیدار تـرە کـەوا بەڕاگواسـتن لێیـان خـۆش بـن، هێزێکـی گاردی کۆمـاری بەپـلان

٥٩. بروانـە یەکەمیـن هۆلۆکۆسـت – رۆبـەرت فیسـک وەرگیرانـی نەجمەدیـن فەقـێ عەبـدوڵا- دەزگای خەنـدان بـۆ پەخـش و وەشـاندن- ٢٠١٢ ل١٧

و تەنانەت بە فرۆکەی جەنگییەوە پەلاماری ئۆردوگاکانیاندا. لەسەرەتاوە دەستیانکرد بەگرتنی ئەو پیاوانەی لە سپێدەی بەیانیدا لە ماڵ دەچوونە دەرەوە بۆکرێکاری بە نیازی ئەوەی پارویەک نان بۆ منداڵ و خانەوادەکانیان دابین بکەن، بێئاگا لەوەی چی دەگوزەرێ هەرچی دەچووە دەرەوە بەهەر رێگایەکدا برۆیشتایە دەکەوتە بۆسەیەکی ئەو هێزەوە ئامادە باشەوە ئەوانیش دەیانگرتوو دەیانخستنە ناو ئەو پاسانەوە کە بۆیان ئامادە کرابوو، ئیدی کە دنیابەرەو روناکی تەواو رۆیشت هێرشیان کردە ناو ماڵانی ئۆردوگاکەوەو ئەوەی دەرگاشی نەکردایەتەوە دەیانشکاندو دەچوونە ژورەوەو کەوتنە پشکنینی ماڵەکان بەدوای ئەوانەی لەماڵ نەهاتوونەتە دەرەوە. هەرچی بەردەستیان دەکەوت دەیانگرت و رەوانەی ناو پاسە ئامادەکراوەکانیان دەکردن . ئەو رۆژەو رۆژانی دواتر لەمانگی ئابدا خەڵکێکی زۆربان بەردەست کەوت و گرتنیانن و بەرەو شوێنی نادیار بردیانن.

لە ١٩٨٣/٨/١٠ پەلاماری دانیشتوانی کۆمەڵگاکانی هەریر، بەحرکەیانداوە کەسەر بە قەزای شەقلاوەن، لە هەمان کاتدا کۆمەڵگای دیانای سەربەرەواندوزیش پەلاماردرا، ئەو کۆمەڵگایانە هەموویان سەر بەپارێزگای هەولێرن، ئەوەی بە گشتی باس دەکرێ لەو هەڵمەتانەدا (هەشت هەزار) نێرینەیان دەستگیر کرد کە تەمەنیان لە نێوان دە بۆ دوانزە ساڵ بەرەوسەر بوو[٦٠]. ئەوانەی گیران تەنها پیاوانی بارزانییەکان بوون ئیدی

٦٠. سەبارەت بەتەمەنی منداڵانی بارزانیەکان کە لەو کۆمەڵکوژییەدا گیراون هەتا ئێستا رون نیەو هەرکەسەو بەجۆرێک باسیان لیوەدەکات ڕێکارێمزوری نوسەروچالاکوانی بواری جینۆساید لەدیدارێکدا پێی راگەیاندم کە منداڵانی خوار تەمەن (١١) سالیش گیراون هەروەها لەناو پیاوەکانیشدا پیرەمێردێکی ٩٠ ساڵی هەبووەو گیراوە. بەڵام بەگشتی لەناو بەڵگەنامەکانی بەعسدا باس لە تەمەنی ١٥ ساڵ بۆ ٧٠ ساڵ کراوە .

هـەر ئـەو رۆیشـتنە بـوو جارێکیتـر هەرگیـز نەبینرانـەوە و ئێسـتاش جگـە لـە دۆزینـەوەی تەرمـی ٥٦٩ کەسـیان هەموویـان گـۆڕ غەریبـن و نەبینراونتـەوە. بـەڵام هـەر زوو لـە وتاردانێکـی سـەدام حوسـێندا بەروونـی دەرکـەوت ئـەو پیاوانـەی بارزانییـەکان کـە لـە هەڵمەتەکـەی ساڵی ١٩٨٣دا گیـراون کەسـیان بـە سـەلامەتی دەربازیـان نابـێ یـان هیـچ کامیـان لـە ژیانـدا نەمـاون چونکـە هــەر ئــەو ســاڵە ( ســەدام حوســێن) لــە وتاردانەکەیـدا لــە تەلەفزیونــی کەرکـوک و بەغـدا دانـی پێدانـاو گومانێکـی ئەوتـۆی نەهێشـتەوە لـەوەی کـە بارزانییـەکان لـە ژیانـدا نەمـاوون و چییـان بەسـەر هاتـووە کاتێـک ووتـی: "ئەوانـە خیانەتیـان لـە وڵات و خیانەتیشـیان لـە پەیمـان کـرد، بۆیـە ئێمـەش بـە سـزای توندوسـەختمان گەیانـدن و ناردمانـن بـۆ دۆزەخ"[٦١]. ڕەشـبگیرکردن و بـە گریمانـەش کۆمەڵکوژکردنـی پیـاوە بارزانییـەکان زەنگێکـی ڕاسـتەوخۆی دووبـارە بوونـەوەی مەودایەکـی زۆر لـەوە گەورەتـر بـوو، پێنـج سـاڵ دواتـر، لـە مـاوەی ئـەو پەلامـارەدا کـە بـە ئەنفـال ناسـرا.

کەواتـە ئـەم پەلامـارەی بەعـس سنوورێکی تەسـکی جوگرافـی گرتووەتەوە لەچـاو جوگرافیـای گشـتی کوردسـتان و سـنووری بـەر فراوانـی تاوانـی ئەنفـال ودەستنیشـانکردن تەنهـا گروپێکـی لـە نەتـەوەی کـورد گرتووەتـەوە، نـەک هەمـوو کوردێـک لـە کوردسـتان، پەلامارەکانیـش زیاتـر ئیسـتخباراتی و سـەربازی بـوون، واتـا بەنهێنـی و دور لـە چـاوی خەڵـک و ڕاگەیانـدن ئەنجامـدراون. خاڵێکـی گرنگـی جیاوازیـەکان ئەوەیـە کـە بارزانییـەکان لـە تۆپـزاوا دەستبەسـەر نەبـوون، پیدەچێـت لـە قـەلای نوگـرە سـەلمان یاخـو لەهـەدو ئـۆردوگای (ابوجـدو اللیـە) یـان لـە ئەبوغرێـب بوبـن کـە

٦١. ڕۆژنامەی العراق، ١٣ ی ئەیلولی ١٩٨٣.

پێشتر خەڵکی دوجیلی تیدا دەستبەسەر بوون لەم بارەیەوە خاتوو عەدالەت عومەر دەلێت: دوای گەمارۆدانی ئۆردوگاکانیان ودەستگیرکردن و گواستنەوەیان.

بارزانییەکان پاش گرتنییان گواستراونەتەوە بۆخوارووی عێراق و رەوانەی پارێزگای سەماوە کراون لە ئۆردوگاکانی (ابوالجد) و (اللیە) دا دەستبەسەربوون ئەم شوێنەش بە ٤٥ کم لە سنووری سعودییەوە دوورە و لە ناوچەیەکی بیابانی و لماوی و دوورە خەڵکەونزیکی هەردوو ئۆردوگای عادن و شیحیاتە کە لە ساڵی ١٩٨٢ خەلکی (دجێل) ی تێدا دەستبەسەر کرابوون. لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٨٣دا حوکمی ئیعدامییان لەسەرجێبەجێکراوەو لەناوچە جیاجیاکانی بیابانی بو×یە شاردراونەتەوە، ئەم ناوچەیە لەلای خەڵکی بەدو بە (بادیەی بوسەیە) ناسراوە و رووبەرەکەی ٢٤٥٣٢کم٢ نزیکەی٧ ,٥٪ ی رووبەری عێراقی داگیرکرکردووە (رووبەری پارێزگای سەماوە نزیکەی ٥١٧٤٠ کم٢ یە)[٦٢]. دەبێت ئەوەش بووترێت کە زۆر کوردی تر لە خەڵکی پارێزگاوناوچەکانی تری کوردستان کە بەبارمتە دەگیران لێرە دەستبەسەر دەکران لەوانە خەڵکی سلێمانی و هەولێرو دهۆک، گەرمیان بوون .

٦٢. بروانە عەدالەت عومەر ساڵح — پانۆرامای تاوانەکانی سەدام– ئەنفالستان ژمارە ل ٤- ٥ (٤)

# تێڕامان له به‌ڵگه‌نامه‌كان

بۆسه‌لماندنی هه‌موو ئه‌و ڕاستییانه‌ی كه‌له‌سه‌ره‌وه‌ باسمان لێكردن باشتروایه‌ پشت به‌نووسراوی فه‌رمی به‌ڕێوه‌به‌ری ئاسایشی گشتیی ببه‌ستین كه‌ به‌ ژماره‌ (٨٤) له‌ ڕێكه‌وتی ١٩٨٩/٣/٢٩ هه‌واڵه‌ی سكرتاریه‌تی سه‌رۆكایه‌تی كۆماركراوه‌و تیایدا جه‌خت له‌وه‌ كراوه‌ته‌وه‌ "كه‌ له‌به‌یانی ڕۆژی ١٩٨٣/٨/١ دا له‌سه‌ر داوای به‌ڕێوه‌به‌ری (ئه‌من) ئاسایشی گشتی (د. فازل براك) هێزێكی سه‌ربازی سه‌ربه‌پاسه‌وانی كۆماری په‌لاماری دانیشتوانی ئۆردوگای قوشته‌په‌ ده‌ده‌ن كه‌پێشتر بۆ خێزانه‌ بارزانییه‌كان دروستكرابوو، هه‌موو ئه‌و پیاوه‌ بارزانییانه‌ی ته‌مه‌نییان له‌ ١٥ پازده‌ ساڵ به‌ره‌و ژوور بووه‌، گیراون و به‌ سه‌یاره‌ی گه‌وره‌وه‌ گواستراونه‌ته‌وه‌ بۆ به‌غداد ". ئه‌مه‌ش به‌ڵگه‌یه‌كی ڕوونه‌ له‌سه‌ر دیاریكردنی ته‌مه‌نی بارزانییه‌كان ١٥ بۆ سه‌ره‌وه‌.

خاڵێكی گرنگی ناو ئه‌و به‌ڵگه‌نامه‌یه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌وا له‌و نووسراوه‌كه‌ی ئه‌مندا ژماره‌ی گیراوه‌كانیشی دیاریكردووه‌ هه‌روه‌كو له‌ نوسراوه‌كه‌دا هاتووه‌ " له‌ كۆمه‌ڵگه‌ی هه‌ریر (٤٠٣) چوار سه‌دو سێ كه‌س له‌ عه‌شیره‌تی بارزانییه‌كان كه‌ شێروانی و مزورییین ده‌ستگیراون.

بێجگه‌له‌وه‌ هۆكاری گرتنه‌كانیشیان دیاری كراوه‌. هه‌ڵبه‌ته‌ ئه‌و نوسراوه‌ی ئاسایش دیوێكی زۆر گرنگی به‌عسمان بۆ ئاشكرا ده‌كات كه‌ ئه‌و تاوانه‌یان وه‌ك چالاكی خستووه‌ته‌ به‌رده‌م سه‌روی خۆیان ئه‌وه‌ش ئه‌و قسه‌ناله‌باره‌ پوچه‌ڵ ده‌كاته‌وه‌كه‌ زۆر جارگوێ بیستی ده‌بین و ده‌ڵین ره‌نگه‌ سه‌دام ئاگاداری وردو درشتی تاوانه‌كان نه‌بوبێ . هه‌روه‌ك

لەنوسـراوەکاندا هۆکارەکانـی گرتنیـان دەستنیشـانکراوە کـە لەبـەر ئـەوە ببـووە پەیوەندییـان بەهێزەکانـی پێشـمەرگەوە هەبـووە، هەڵبـەت ئێمـە بـاس لـە ناوەرۆکـی بەڵگـە نامەکـە دەکەیـن کـە تۆمەتـی ئاڕاسـتە کـردوون ئەوخەڵکـە هـەژارەی خەریکـی کریـکاری بـوون و هـەژاری برسـتی لێبرییـوون بێئـەوەی پێشـمەرگە بووبـن تۆمەتیـان بـۆ هەڵبەسـتراوە و بەهۆیـەوە حوکمـی ئیعدامیـان بەسـەردا سـەپێنراوە و دواجـار جێبەجێکـراوە.

بارزانییـەکان لـە کۆمەڵگاکانـی دیانـا و بحرکـەو لادێکانـی مێرگـە سـووریش دەستبەسـەرکراون و ڕ و انـەی زیندانـی ئەبوغرێـب کـراون و تەسـلیم بەهێزێکـی کارمەندانـی بەڕێوەبەرایەتـی ئاسایشـی گشـتی و بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی بەغـداد کـراون، لەسـەرفەرمانی بەڕێوەبـەری ئەمنـی گشـتی (١٦) تۆمەتـی جیاجیایـان بـۆ (٦٦٧) کـەس هەڵبەسـتووەو هەواڵـەی دادگای شـۆرش کـراون، لـەدادگای بەنـاو شۆرشیشـدا بـە شـێوەیەکی نـا دادپەروەرانـە مامەڵەیـان لەتەکـدا کـراوەو سـزای لەسـێدارەدان (حکـم الاعـدام) سـزای مەرگیـان بەسـەردا سـەپاندون و دواتـر سـزاکە جێبەجێکـراوە.

ئەوبەڵگەنامـەی وێنەیەکـی رونترمـان پیشـاندەدات کـە بـە تـەواوی تاوانـی کۆمەڵکـوژی بارزانییـەکان لەتاوانـی ئەنفـال جیـا دەکاتـەوە چونکـە بارزانییـەکان بەڵگەنامەکانیـان رونتـر لەبەرچاوانـن تەنانەت ژمـارەی گیراوەکان لەهەندێک بەڵگەنامـەدا دیـارن و دوای ئـەوەی تۆمەتیـان ئاڕاسـتەکراوە ئینجـا دادگایـی کـراون و سـزای لەسێدارەدانیان بەسـەردا سـەپێنراوە. واتـا لەتاوانـی جینۆسـایدی بارزانییەکانـدا دادگا ئامادەیـە ئەگەرچـی دادوەرو دادگا دەبنـە گاڵتەجـارو کارەکتەرێکـی ناشـرینی دەوڵەتـداری و بەڵگەی ڕژێمێکـی سـتەماکار

و پێکـەوە بەشـێک لەتاوانەکـە پێکدەهێنـن، ئـەو بەڵگانـەی لەبەردەسـتن ئـەو ڕاسـتیە دەسـەلمێنن کـە بەشـێک لـە بارزانییـە دەستبەسـەرکراوەکان دادگایـی کـراون، بـەڵام لـە تاوانـی ئەنفالـدا هیـچ دادگایـەک ئامادەنییـە. ئەگەرچـی دادگاکـە سـیناریۆیەکی درێـوو ناشـرین بـووە هەروەکـو لـە بەڵگەنامەکانـدا بـە وردبوونەوەیەکـی سـەرپێی دەبینیـن نەتوانـراوە هیـچ تۆمەتێکیـان بەسـەردا سـاغ بێتـەوە، کەچـی هـەر دەسـتبەرداریان نەبـوون و سـزای مەرگیـان بەسـەر ئـەو خەڵکـە بێگوناهـەدا سـەپاندووە، ئەوانـەی لـە بەڵگەکـەدا باسـکراون ژمارەیـان (٢٢٢٥) کەسـە، ئەمـەش دیسـانەوە مایـەی لەسـەر وەسـتانەو خاڵێکـی زۆر گرنگـی تێـدا دەدۆزینـەوە چونکـە نەتوانـراوە تاوانیـان بخرێتـە پـاڵ، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی لـە گروپـە دەستنیشـانکراوەکەن (بارزانیـن) دەبـێ بکوژرێـن . ئەمـە خەسـڵەتێکی دیـارو ڕەگەزێکـی رونـی تاوانـی جینۆسـایدە (دەستنیشـانکردن) واتـە کێـن ئەوانـەی دەبـێ بکوژرێـن ؟ هەڵبەتـە ئەوانـەی دەستنیشـان کـراون، پـاش دەستبەسـەردا گرتـن و کۆکردنەوەیـان گواسـتراونەتەوە و ئینجـا پۆلێندەکـراون لـە سـەرەتای مانگـی ئابـدا ڕەوانـەی ناوچـەی (بوصەیـە)ی سـەر بەپارێـزگای سـەماوە کـراون و لەنووسـراوەکەدا هاتـووە کـە (حوکمـی گـەل)[٦٣] یان بەسـەردا سـەپاندون و سـزای مەرگیانداون، تاوانەکـەش بەدەسـتی پیاوانـی ئەمـن ئەنجامـدراوەو فەرمانەکـە جێبەجـێ کـراوە. ئـەوەش لـە بەڵگەنامەکـەدا هاتـووە واتـا لەهەمـان نووسـراودا ئامـاژە بـەوە کـراوە لـەدوای ئیعدامکردنیشـیان بەڵگەنامـەی مردنیـان (وەفاتنامـە) بەخێزانەکانییـان نەدرێـت)[٦٤].

---

٦٣. حوکمی گەل ئاماژەیەکی بەعس بوو بۆ ئەوکەسانەی سزای مردنیان بەسەردا دەسەپاندن
٦٤. ئەنفالستان –ژمارە ٥ عەدالەت عومەر ساڵح – جینۆسایدی بەرزانیەکان

بەنهێنی کوشتنی پیاوانی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣ زۆر جیاوازە لەو کۆمەڵکوژییەی لەساڵی ١٩٨٨ دا ئەنجامدراوە، ئەوبەڵگە گرنگانەی دەربارەی کۆمەڵکوژی پیاوە بارزانییەکان لەبەردەستن زۆر گرنگن لەچاو ئەو بەڵگانەی دەربارەی ئەنفال بەردەست کەوتوون رونترو بەرجەستەترن، بەلای کەمەوە ناوی کەسەکان و شوێنی گرتن و دادگایی کردن کوشتنیان دیارە. تەنانەت بکوژەکانیشیان دیارترن[٦٥]، بۆیە دەبێت بەجیا لە دۆسێی تاوانی ئەنفال تەماشا بکرێن و ناشێت تێکەڵ بەیەک بکرێن و وەک یەک دۆسێی تاوان تەماشابکرێن. بەپێچەوانەوە دەبێ هەریەکەیان بەجیاکاریان بۆ بکرێت بەڵگەنامەکان بایی ئەوەهەن لەهەردووک دۆسێکەدا کاری زۆر گرنگیان لەسەر بکرێت. ڕاستە بەڵگەکان ئەوە روندەکەنەوە کە کۆمەڵکوژی بارزانییەکان تەنها رەگەزی پیاو یان نێرینەی گرتوەتەوە بەڵام ئەوە شێوازێکی تری تاوانی جینۆسایدمان پیشاندەدات . جینۆسایدی بارزانییەکان کوشتنی ژنانی تێدا نەبوو بەڵام مەینەتی گەورەی بۆ ژنان و منداڵان لێکەوتەوە هێزی بەرهەمهێنەری مرۆیی بارزانییەکانی لەبنەوەرا هەڵتەکاند، دەیان هەزار ژن و منداڵی لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا بێ هاوسەر و بێ باوک دەیان ژنی بێ کوڕ و بێ برا هێشتنەوە ئەوەش کتومت لەگەڵ بەندی سیهەمی پەیماننامەی نیودەوڵەتی ویک دیتەوە.

---

٦٥. لەبارەی یەکێک لە بکوژی بارزانیەکان ئەوچیرۆکە هەیە کە پیاوێکی بارزانی بۆ کاری بەقاڵی چووەتە شارێکی خواروی عێراق و لەوێ ناسیاوی لەگەڵ شێخێکی عەرەبدا پەیدا کردووە و پێی راگەیاندووە من ئەفسەرێک بە پلەی مقدم دەناسم ئەو بەشداری لە کۆمەڵکوژی بارزانیەکاندا کردووە، بۆچی برێک پارەی پێنادەن هەتا شوێنی کۆمەڵکوژی بارزانیەکانتان پێبلێت کابرای بەقال هاتووەتەوە ئەم هەواڵەی داوە بە ڕێکارێ مزوری ئەویش رادەستی محمد بارزانی کردووەو محمد بارزانیش کابرای دکتۆر محمد ئیحسان کردووەو بەهۆیەوە شوێنی (٩٣) روفاتی تری کۆمەڵکوژی بارزانیەکان دۆزرانەوە. بەڵام سەیرە هەتا ئێستا ئەو ئەفسەرە کە بەشداری تاوانەکەی کردووە رانەکێشراوەتە بەردەمی دادگا.

گرنگە ئەوە بزانین کە تاوانی جینۆساید بە ژمارەی قوربانییەکانیدا ناناسرێتەوە، کەمن پێموایە پێشگری ووشەی ئەنفال بۆ کۆمەڵکوژی بارزانییەکان زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت. واتا بەتاوانی گەورەی ئەنفالدا بناسرێتەوە وەک بلێی تاوانی کوشتنی هەشت هەزار مرۆڤ تاوانێکی ئاسایی و بچوک بێت؟! بەهەرحاڵ ئەوەی لە دۆسێی بارزانییەکاندا دەبێت بیزانین مەسەلەیەکی گرنگ ئەوەیە کە وەک بەعس پلانی بۆ بێنرخکردنی مرۆڤی کورد دادەنا کوشتنی (٨٠٠٠) هەزار پیاوی بارزانی بەلاوە گرنگترە لەوەی بەتەنگ سومعەی حکومرانی خۆیەوە بێت، ئیدی کورد چۆن دەبێت دۆسێکان تێکەڵ بکات و گرنگیان پێنەدات و وردودرشتی تاوانەکان تەتەڵە نەکات؟

لەشی کردنەوەی چەندین بەڵگەنامەی تردا شێوازی مامەڵەو هۆکاری جینۆسایدی بارزانییەکان لەلایەن رژێمی بەعسەوە روونتر دەردەکەوێت کەوا لەخوارەوە دا باسیان دەکەین:

سەرەتا با لەدیدو بۆچوونی خودی سەرۆکی کۆمارەوە تاوانەکە ببینین چونکە رەنگە هێشتا کەسانێک هەبن بلێن رەنگە سەدام حوسێن ئاگای لە وردو درشتی تاوانەکان نەبێت بەڵام لەنوسینێکی سکرتاریەتی سەرۆک کۆماردا ئەوە بەتەواوی روندەبێتەوە کە سەرۆکایەتی کۆمارو خودی سەرۆک بەشدارە لە پرۆسەی پاکتاوکردنەکاندا نوسراوەکەی سکرتارییەتی سەرۆک کۆمار بەنووسراوی ٢٦٥١/ک لە ١٩٨٧/٨/٢٤ دا فەرمانی بۆ هەموو ئەو دام و دەزگا و بەرپرسانەی تایبەتن بەکێشەی کورد دەرکردووە تێیدا هاتووە: (لەوانەیە لەلایەنی سێهەمەوە سەبارەت بەچارەنووسی

بارزانییـەکان پەیوەندییـان پێـوە بکرێـت و پرسـیارییان لـێ بکرێـت، بۆیـە واپێویسـت ئـەکات کـەوەڵام دانـەوەی هەرپرسـیارێک سـەبارەت بـەم بابەتـە ئـەم وەڵامـە بێـت کـە: "تەنهـا سـەرۆکایەتی دەوڵـەت لـەم کێشـەیە ئـاگادارە چونکـە کێشـەکە سیاسـیە و زۆر گەورەتـرە لەکێشـەی ئـەم خێزانانـە". دیـارە مەبەست لەلایەنـی سـێهەم کەسـانی ناعێراقیـن[٦٦]. جگەلـەو بەڵگەیـەی خرایـە ڕوچەندیـن بەڵگـەی تـر هـەن کـە پـەردە لەسـەر شـێوازی تاوانەکـە هەڵدەماڵن لەبـەر گرنگیـان بـا لەسـەر چەنـد دانەیەکیـان بووەسـتین .

١) بریـاری حوکمـی لـە سـیدارەدان و دەستبەسـەرداگرتنی سـەروەت و سامانی صابر مستەفا محەمەد عبدالسلام بارزانی و (٢٢) کەس لەهەڤاڵانی بـە نووسـراوێک لەسـەروکایەتی (دادگای شـورش) بـە ژمـارە١٤٤٦/ج/١٩٨٣ لـە ١٩٨٣/٨/٣٠دەرچـووە بـۆ سـەرۆکایەتی دیوانـی سـەرۆکایەتی کۆمـار، کەبریـاری گرتنیـان لەلایـەن دادەوەری لێکۆڵینـەوە سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی بەغـدا دراوە.

هـۆکاری گرتنیـان بـە مادەکانـی (١٧٥) و (١٥٩) و (١٦٢) /٢-٤٩ و ٥٠ و ٥٣ لـە ق.ع داوایـەک بـە ژمـارە (٨٣/١ ) لـە ١٩٨٣/٧/٢٦ شـیکراوەتەوە کـە لەلایـەن سـیخورێک پێیـان دراوە.

ئــەم ڕاپۆرتــە بــاس لەشــەری حاجــی ئۆمەران—گردەمەنـد و بەشـداری پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لــەو شــەڕە دەکات ناوەروکــی ڕاپۆرتەکــەی ئەمـن دەڵێـت: "موتەهـەم صابـر مسـتەفا محەمـەد عبدالسـلام بارزانـی لەگـەڵ کۆمەڵێـک لـە تێکـدەران کـە سـەر بـە مەسـعودوئیدریس بارزانیـن، زانیـاری

٦٦. بروانە پاشکۆی بەڵگەکان بەڵگەنامەی ژمارە (١)

ناوخـۆی سـەرکردایەتییان داوەتـە تێکـدەران بەتایبەتـی لەسـەر ئەوجێگایانـەی سـتراتیژی و هەسـتیارن، ئامـادەکاری و هاوکارییـان لەبەغـدا و هەولێـر لەگـەڵ تێکـدەران کـردووە بـۆ هێرشـکردنە سـەرهێزەکان لەکەرتـی باکـوور لەحاجـی ئۆمـەران لـە رێـگای مەسـعودو ئیدریـس" ەوە.

ئەوانـی بەتۆمەتـی چـەک هەڵگرتـن لـە دژی هێزەکانـی عێـراق و هـاوکاری هێزەکانـی ئێـران و بەکرێگـراو بـۆ گرتنـی ناوچـەی حاجـی ئۆمـەران تۆمەتبـار کردووە.

ئــەوەی مایــەی هەڵوەســتەکردنە عەدالەتــی دادگای شۆڕشــە..؟! ئایــا چـۆن بـەو هەمـوو پلـەو پایەیانـەوە بەعەقڵـی دادوەر و ئەندامانیـدا چـووە خەڵکانێـک لــە هەولێــر و بەغــداوە هــاوکاری پارتــی و هێزەکانــی ئێــران بکـەن..؟ بەڕاسـت ئـەوان سـوێندی نەخواردبـوو کـە درۆنەکـەن؟ دیـارە دادگا تەنهـا فەرمانـی سـەرو خـۆی جێبەجێکـردووەو مـاوەی داکۆکـی تۆمەتبارەکانی نــەداوە، بۆیــە دادگای بەنــاو شــۆرش بەنووســراوی ژمــار( ١٤٤٦/ج/١٩٨٣) لــە (١٩٨٣/٨/٣٠) بەســەروکایەتی عــەواد بەنــدرو بەئەندامیەتــی عەقیــدی مافپـەروەر داود سـلمان شـهاب و موقەدەمـی مافپـەرەور تـارق هـادی شـاکر بە پشتبەسـتن بـە فەرمانـی سـەروک کۆمـار ژمـارە ١٢٨٧/٢٣ لـە ١٩٨٣/٨/٢٠ بـەم مادەدانـە ١٧٥و١٥٩و١٦٢و٤٩/٢/و٥٠و٥٣ لـە ق.ع تاوانبارکـراون سـزای لـە سـیدارەدانیان بەسـەردا سـەپاندوون.

٢) بەڵگەنامــەی بڕیــاری حوکمــی لــە ســیدارەدان و دەستبەســەرداگرتنی ســەروەت و ســامانی شــمس اللــە خالــد خــدر بارزانــی وپەنجــا کــەس لــە هەڤالانـی بەنووسـراوێک لـە سـەرۆکایەتی دادگای شـورش بەژمـارە (٣٨٦٤)

لـه ١٩٨٣/١١/١٢ دەرچـووە بـۆ سـەرۆكايەتی دیوانـی سـەرۆكايەتی كۆمـار، كە بريـاری گرتنيـان لـە لايـەن دادەوەری لێكۆڵينـەوە سـەر بـە بەڕێوەبەرايەتـی ئەمنـی بەغـدا/ش٣١ دراوە بەنوسـراوی ژمـارە ( ٨٣/٨ لـە ١٩٨٣/٨/١١).

هـۆكاری گرتنيـان بـە مـادەی ١٧٥و١٥٩و١٦٢/٢-٤٩و ٥٠و ٥٣ لـە ق.ع بـە داوايـەك بـە ژمـارە ١٦١٠/ج/١٩٨٣ لـە سـەر شـمس الله خالـد خـدر بارزانـی و هەڤاڵانـی شـيكراوەتەوە كەپشـتی بەڕاپۆرتـی سـيخوڕێک بەسـتووە، داواكـەش بەنووسـراوی ژمـارە ١٤٣٤/٢٣ لـە ١٩٨٣/٩/٢٧ بـۆ دادگای بـاڵای شـورش هەواڵەكـراوە لـە ڕێكەوتـی ١١/١٠/ ١٩٨٣ سـزای لـە سـيدارەدانيان بەسـەردا سـەپاندووە.

ئـەم ڕاپۆرتـەش هـەر وەک ڕاپۆرتەكانـی پێشـوو بـاس لـە شـەری حاجـی ئۆمـەران -گردەمەنـد و بەشـداری پارتـی لـەم شـەڕە دەكات،بەهەمان شـێوەی ئەوانـی پێشـو (شـمس الله خالـد خـدر بارزانـی) تۆمەتبـار دەكرێـت بـەوەی كەسـەر بەمەسـعود بارزانـی و محەمـەد خاليـد بارزانييـە و ئـەو كەسانەشـی لەخـوارەوە ناويـان هاتـووە هاوكارييـان لەگـەڵ تێكـدەران و هێزەكانـی ئێرانـدا كـردوەو زانيـاری سـەربازی و سـتراتيژيان نـاردوە بـۆ هێزەكانـی پارتـی و ئێرانييـەكان، هەروەهـا ڕێنمايـی كردنـی بەرپرسـانی سـەربازی ئێرانـی لەناوچەكـەدا بـۆ ئەنجامدانـی كاری تێكدەرانـە دژی هێـزە چەكدارەكانـی سوپای عێـراق لـە كەرتـی باكـوور بۆ گرتنـی ناوچـەی حاجـی ئۆمـەران پيـش لەشـكری هێزەكانـی ئێـران كەوتـون، بـەوە تۆمەتباركـراون و بەكرێگرتـەی ئێـران نـاوزەدی كـردوون، ئـەوەی شـايانی باسـە دادگای بەنـاو شـورش لـە (١٩٨٣/١١/١٠) بـە سـەروكايەتی عـەواد بەنـدەر بەسـتراوەو بـەم ماددانـە

(٧٥و١٥٩و١٦٢و٤٩/٢/و٥٠و٥٣ ) لـه ق.ع سـزای لەسـیدارە دانیـان بەسـەردا سـەپاندوون و بەنووسـراوی ژمـار (٣٨٦٤) لـە١٩٨٣/١١/١٢ دواتریـش دیوانـی سـەرۆکایەتی کۆماریـان لـێ ئـاگادار کردۆتـەوە. ئیسـتا روونـە ئەوپیـاوە بەارزانیانـەی کـە ژمارەیـان لـەم دادگاییکردنـەدا (٥٢)کەسـە لـە سـیناریۆیەکی گاڵتەجـاردا سـزای لەسـێدارەدانیان بەسـەردا دەسـەپێنرێ[٦٧].

٣) بەڵگەنامـەی بریـاری سـزای لـە سـیدارەدان و دەستبەسـەرداگرتنی سـەروەت وسـامانی خورشـید رشـید سـلێمان بارزانـی و هەڤاڵانـی هەروەهـا مـەلا سـەعید حەسـەن بارزانـی و هەڤاڵانـی بـە نووسـراوی سـەروکایەتی (دادگای شـورش) ژمـارە (٤٠٦٦) لەریکەوتـی ١٩٨٣/١١/٢٤ دەرچـووەو ئاراسـتەی سـەرۆکایەتی دیوانـی سـەرۆکایەتی کۆمـار کـراوە.

بریـاری گرتنیـان لەلایـەن دادەوەری لێکۆلینـەوەی سـەربەبەرێوەبەرایەتی ئەمنـی بەغـدا/ش٣١ بەنوسـراوی ژمـارە ٨٣/١٥ لـە ١٩٨٣/٨/١ دەرچـووە.

**بەپێـی بەڵگەنامـەکان بارزانییـەکان کـە ناوەکانیـان هاتـووە تۆمەتبارکـراون بـەم مادانـەی خـوارەوە:**

(١٧٥) و (١٥٩) (٢/١٦٢-٤٩) و (٥٠و٥٣ ) لە ق.ع لە دوو داوا

١. خورشـید رشـید سـلمان بارزانـی و هەڤاڵانـی و بـە ژمـارە ١٧٧٥/ج/ ١٩٨٣.

٢. مـەلا سـەعید حەسـەن بارزانـی و هەڤاڵانـی بە ژمـارە ١٦٠٩/ج/١٩٨٣ راپۆرتەکـە بەهەمـان شـێوەی پێشـوو شـیکردنەوەی بۆکـراوە کـە لەلایـەن سـیخورێک پێیانـدراوە. داواکان بـە دوو نووسـراو ئاراسـتەی دادگای بـاڵای

٦٧. بروانە خشتەی ژمارە یەک ناوی قوربانیەکان

شۆرشـكراون یەكەمیـان بـە ژمـارە ١٥٦٣/٢٣ لـە ١٩٨٣/١٠/١٩ دووەمیـان بـە نووسـراوی ژمـارە ١٤٣٣/٢٣ لـە ١٩٨٣/٩/٢٧ هەموویـان لـە ١٩٨٣/١١/٢٢ حوكمـی لـە سـێدارەدانیان بـۆ دەرچـووە .

ئـەم ڕاپۆرتـەش بـاس لەهەمـان شـەڕ (حاجـی ئۆمـەران و گردەمەنـد) دەكات، كەپارتـی دیموكراتـی كوردسـتان بەشـداری لـەو شـەڕەدا كـردووە، لـە ناوەڕۆكـی ڕاپۆرتەكـەدا دەڵێـت:" تۆمەتبـار (حەسـەن محەمـەد شـێرۆ) لەگـەڵ كۆمەڵێكـی تێكدەرەكان كـە ناویـان لـە خـوارەوە هاتـووە سـەر بـە مەسعود بارزانیـن زانیـاری سـەربازی و سـتراتیژیان نـاردوە و هاوكارییـان تێكدەرانیـان كـردوە بـۆ هێزەكانـی ئێران،هەروەهـا ڕێنمایـی كردنـی بەرپرسـانی سـەربازی ئێرانـی لـە ناوچەكـەدا و ئەنجامدانـی كاری تێكدەرانـە دژی هێزەكانی چەكداری سـوپای عێـراق پێـش هێرشـكردنی هێزەكانـی ئێـران لـە كەرتـی باكـوور بـۆ گرتنـی ناوچـەی حاجـی ئۆمـەران تۆمەتبـار كـراون و بەكرێگرتـەی ئێـران نـاوزەدی كـردوون، ئـەوەی شـایانی باسـە دادگای شـورش لـە ١٩٨٣/١١/٢٢ بـە سـەروكایەتی دادوەر عـەواد بەنـدەر بەسـتراوەو بـەم ماددانـەی خـوارەوە سـزای بەسـەردا سـەپاندوون ( ١٧٥) و (١٥٩)و (١٦٢و٤٩/٢/و٥٠و٥٣ لـە ق.ع تۆمەتبـار كـراون و سـزای لـە سـێدارەدانیان بەسـەردا سـەپاندوون. بـە نووسـراوی ژمـار(٤٠٦٦) لـە( ١٩٨٣/١١/٢٤ سـەرۆكایەتی دیوانـی سـەرۆكایەتی كۆماریـان لـێ ئـاگادار كردۆتـەوە. بـەو شـێوەیەی لـە بەشـی بەڵگەكانـدا ناوەكانیـان نوسـراوەو یەكـەم بـە خورشـید ڕەشـید دەستپێدەكات و بەپەنجـاو یـەك هەمیـن بـە عبدالواحـد عومـەر سـەعید كۆتایـی دێـت ."بڕوانە بەشـی بەڵگەنامـەكان".

هەڵبـەت ڕاپۆرتەکـەی میـدڵ ئێسـت وۆچ کـە تـەواو بروپاپێکـراوی سـەردەمی خۆیەتـی لەبـارەی کۆمەڵکـوژی و شـێوازی مامەڵەکردنیانـەوە زانیـاری گرنگـی خسـتووەتە بەردەسـت لەوبارەیـەوە لەپەراوێـزدا نوسـیوێتی (هەنـدێ بەڵگـە هـەن ئـەوە دەردەخـەن کـە پیـاوە بارزانییـەکان لانـی کـەم ساڵێ بـە دەسبەسـەریی ماونەتـەوە پێشئـەوەی بـە یەکجارەکـی بکوژرێـن و لـە ناوببرێـن. هـەر لەڕاپۆرتەکەیـدا باسـی یەکێـک لـە فایلەکانـی موخابـەرات دەکات کـەوا (٣٩) سـی و نـۆ فەرمانـی سـەرۆکایەتیی یـەک لـەدوای یەکـی تێدایـە، کـە لـە سـاڵی ١٩٨٣دا بـە ژمـارەی ٩٨٨ بـۆ ١٠٣٦ دەرچـووەو لیسـتی نـاوی ئـەو کەسانەشـیان تێدایـە کـە سـزای مردنیـان دراوە . بـە هـۆی "کێشـە تایبەتکارەکانـەوە" ئەوجاگەلـێ نووسـینیان کراوەتـە پاشـکۆ و یـەک لـە نووسـینە دەسـخەتەکان لـەوە دەدوێـت کـە: "ئایـا هیچـکام لەوکەسـانەی لـە سـەرەوە ناوبـراون وحوکمـی مـردن دراون لای ئێمـە بەنـدن؟" وەڵامەکـەش دیسـان بـە دەسـخەتێک بـوو کـەوا لـە ڕێکەوتـی ٩ ی نیسـانی ١٩٨٥دا نووسـراوە: "هیچـکام لەوکەسـانەی لەسـەرەوە ناویـان هاتـووەو حوکمـی مـردن دراون بەندیـی لای ئێمـە نیـن، بێجگـە لـە بارزانییـەکان کـە لـە ناوچـەی ئێمـەدا دەژیـان لـە پێـش گرتنیانـدا"، (ئەمەیـان جەختـی لـە سـەرکراوە). بـە گوێـرەی قسـەی پیاوێکـی دەربازبـووی بارزانـی کـەوا میـدڵ ئیسـت ووۆچ لـە ١٨ ی مارتـی ١٩٩٣دا لـە سـەلاحەدین چاوپێکەوتنـی لەگـەڵ کـردووە، هەنـدێ لـە ژن ومنداڵـی بارزانییـەکان جارێکیتـر لـە سـاڵی ١٩٨٦دا لـە لایـەن دەزگاکانـی حوکوومەتـەوە ڕاپێچکـراون و بارکـراون بـۆ سـنووری تورکیـاو فەرمانیـان پێکـراوە وڵات بەجێبهێڵـن.

## دادگایی كردنی تۆمەتباران

دۆسێی جینوساید كردنی بارزانییەكان ماوەیەكی زۆر بەسەر ئەنجامدانی تاوانەكەیدا تێپەڕیبوو كە بۆیەكەم جار پاش ٢٦ ساڵ لە چوارچێوەیەكی یاساییدا خرایەوە بەرباس. لە ڕۆژی ٢٠٠٤/١١/٢٣ یەكەم سكاڵاكاری ئەودۆسێیە لە دادگای باڵای تاوانەكان وتەی لێوەرگیراوە، دواتر دادگای باڵای تاوانەكان لەماوەی شەش ساڵدا لە٢٠١١/٥/٣ بڕیاری كۆتایی لەسەر درا، جگە لەوەی سزای تاوانبارانی ئەو دۆسێیە درا، تاوانەكە وەک جینۆساید ناسێنرا. لە ڕێكەوتی ٢٠٠٩/٣/٢ یەكەم دانیشتنی دادگای بالای تاوانەكانی عێراق لەمەڕ دۆسێی تاوانی كۆمەڵكوژی بارزانییەكان بە مادەی ژمارە ١١ یەكەم برگەكانی (ا،ب،ج،د) و بە بەڵگەی مادەی ژمارە (١٥) ی یاسایی دادگای بالای تاوانەكانی عێراق، ژمارە (١٠) لە ساڵی ٢٠٠٥، هەروەها جێبەجێ كردنی مادەی(٤٠٦) لە یاسای سزادان ژمارە (١١١) ساڵی ١٩٦٩ بۆیەكەمین جار (٧) حەوت تۆمەتباری سەرەكی و (٩) نۆ تۆمەتباری هەڵاتوو بەئامادەبوونی ٨ سكالاكار لە بەغدا بەڕێوەچوو. هەرچەندە كۆی سكاڵاكارانی ئەو دۆسێیە ٣٠٠٠ كەس بوون بەڵام هەموویان نەچونە دادگا و تەنها (١٥) كەسیان لەلایەن دادگاكەوە هەڵبژێردرابوون بەڵام دیارنییە لەوانەش چەند كەسیان بانگهیشتی دادگاكراون.

هەڵبەت دادگای تایبەتمەند بۆناسینەوەی جۆری تاوانەكە و سزادانی ئەنجامدەرانی ئەوە لەبەرچاودەگرێت ئایا قوربانییەكان لەسەر ئەو بنچینەیە هەڵدەبژێردراون كە سەربە كۆمەڵەیەكی دیاریكراون. لەوەش دەڕوانێ ئاخۆ ئەم كەسانەی بوونە قوربانی سیاسەتی جینۆساید وەک تاكەكەس حوكم نەدراون؟ بەواتایەكی دی ئایا دۆسێكانیان ناچێتە چوارچێوەی یاسای

مەددەنـی و تاوانـەوە؟ ئایـا لەسـەر بنچینەیەکـی کارگێڕییـەوە هەڵبژێـردراون کـە شوناسـیان دیاریـدەکات یـان بەپێـی رواڵـەت و زمـان و نیشـانەی تـر کـە دەلالـەت لـە شوناسـیان دەکات؟ ئایـا ئـەم گروپـە گروپێکـی ئێتنـی، ئایینـی، رەگـەزی یـان خێڵەکـی بـوون؟ ئایـا پێـش کوشـتنیان دەسنیشـانکراون؟ هەمـوو ئـەو خەسـڵەتانە لـە دۆسـێی کۆمەڵکوژی بارزانییەکانـدا هـەن، دەبێـت ئـەوەش لەبەرچاوبگریـن کـە بەعـس هەوڵیـداوە لەسـەربنەمایەکی یاسـایی وکارگێـری تۆمەتبـاری بارزانییـەکان بـکات و خسـتویەتیە چوارچێوەیەکـی یاساییەوە بۆنموونـە زۆربەیـان بەڵگەیـان لەبـەر دەسـتە کـە لـەدادگا سـزایان وەک تاکـە کـەس بەسـەردا سـەپاندوون واتـا دادگایەکیـان بـۆ ئامادەکـردوون و هەریەکـەو رێوشـوێنی یاسـایی بـۆ رێکخـراوە . بـەڵام هیچ کام لەو سـیناریۆیانە نەیانتوانیـوە خەسـڵەتی تاوانەکـە لـە جینۆسـایدی گروپێکـی کـورد دابماڵـن.

بەداخـەوە دۆسـێی بارزانییەکانیـش وەک تـەواوی دۆسـێکانی تـری ئەنفـال و کیمیابارانـی هەڵەبجـە لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە پشـتگوێ خـراوەو هەتـا ئێسـتا کەمتریـن پابەنـد بوونـی یاسـایی و ئەخلاقـی لەلایـەن حکومەتـەوە دیارنییـە، لـە پـاش دەرچوونـی بریـاری دادگای بـالای تاوانەکانـەوە ئـەوەی کـە دەبێـت حکومەتـی عێـراق بیگرێتـە ئەسـتۆی بەرامبـەر کەسـوکاری قوربانیـان بەسـزا گەیاندنـی تاوانبـارن و دابینکـردن و ژیانـی کەسـوکاریان و قەرەبووکردنەوەیانـە کەماوەیەکـی زۆرە لەمەینەتیـدا دەژیـن و بـە دەسـت کێشـەو گیروگرفتەئابـووری و کۆمەڵایەتـی و دەروونییـە کانیانـەوە دەناڵێنـن هیـچ بەرپرسـیارێتێکی یاسـایی و ئەخلاقـی لـە ئەسـتۆ نەنـاوە پشـتگوێ خسـتنیان هـەروەک لەدۆسـێی ئەنفـال و کیمیابارانکردنـی هەڵەبجەشـدا بینیمـان، نیشـانەیەکی گەورەیـە لەسـەر پابەندیەکانـی بەپرسـانی حکومەتـی عێراق.

بەپێــی بەڵگەنامــەو ســەرچاوە مێژووییــەکان ناوچــەی بــارزان و بارزانییــەکان لــە دێــر زەمانــەوە لەلایــەن حکومەتــە یــەک لــەدوای یەکەکانــی دەوڵەتــی عێراقــەوە تووشــی ڕاوەدوونــان، لەناوبــردن و کۆمەڵکــوژی بونەتــەوە هــەر لەســەر وەختــی شۆڕشــی شــێخ ئەحمــەدی بارزانییــەوە لەســاڵی ١٩٣١ و شۆڕشــی مەلامســتەفای بارزانــی لەســاڵەکانی ١٩٣٥ تـــا ١٩٤٧ هەروەهــا شۆڕشــی بارزانییــەکان لەســاڵی ١٩٧٥ دوای ڕێکەوتننامــە شــوومەکەی جەزائیر لەنێــوان عێــراق و ئێرانــدا، بۆیــە ئەگەربمانەوێــت بــە مێــژووی پــڕ نەهامەتــی و تراژیدیــای ئــەم گەلــەدا بچینــەوە پێویســتە لاپەڕەکانــی ئــەم بەســەرهاتانە وەکــو خــۆی هەڵدەینــەوە، بۆئــەوەی جــۆرو قەبــارەی تاوانــەکان وەکــو خۆیــان دەستنیشــانبکەین و لەهــەر کاتێکــی پێویســتدا هــاوکار و یاریــدەدەری کەســوکاریان و دادگاکان بیــن.

بــۆ بەرەوپێشــچونی ڕەوتــی دادگا لــەم جــۆرە تاوانانەدا،لــە ژمــارەی (٥) ی ســاڵنامەی ئەنفالســتاندا لــە میانــەی باســێکدا بەتێــرو تەســەلی و بەپێــی ئەودۆکۆمینــت و بەڵگەنامانــەی لەبەردەســتم بــوون، باســم لــە چۆنێتــی جینوســایدکردنی بارزانییــەکان کردبــوو، کەخۆشــبختانە ئەمــڕۆ ئــەو بەڵگــەو دۆکۆمینتانــە لەبەردەســتی زۆرکەســدان بەشــێکیش بــوون لــە و بەڵگانــەی لــە دادگایــی کردنــی تۆمەتبارانــی تاوانــی کۆمەڵکــوژی بارزانییەکانــدا ڕۆڵــی گرنگیــان بینیــووە لــە یەکلایــی کردنــەوەی دۆســێکەیاندا، ئــەم جــارەش ئاماژەیەکــی خێــرا بــەو زوڵــم و ســتەمانە دەدەیــن کــە لەپــاش نســکۆی شۆڕشــی ئەیلــول بەســەر ناوچەکــەو دانیشــتوانیدا هاتــووە.

کۆچی زۆرەملێ و بەکۆمەڵی بارزانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتننامەی جەزائیر لەساڵی ١٩٧٥ کە ئەویش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و کۆچی سەدان خێزانی کوردی بۆ ناوچە سنووریەکانی وڵاتی ئێران بەدوای خۆیدا هێنا، هەرچەندە پێشمەرگە خۆیان رادەستی حکومەت کردەوەو چەکەکانیان دانا بەڵام رژیمی بەعس بێ پاساو نەبوو بۆئەوەی سیاسەتەکانی بگەیەنێتە ئەنجام، بەبیانووی دروست کردنی پشتینەی ئەمنی لەناوچە سنوورییەکانی ئێران وتورکیا بە درێژایی ١٥ کم سنوورەکانی لە بوونی هەر جۆرە ژیانێک خاڵی کردەوەو گوندنشینەکانی راگواستە قولایی و بەتەنیشت شارە گەورەکانەوە چەندین ئوردوگای بۆکردنەوەو بە بۆرە قەرەبوویەک هەموو خانووبەرە و رز و باغی جوتیارانی روخاندو سوتاند تەنانەت سەرچاوەکانی ئاویشیان وشک دەکردو کانیاوەکانیان بە کۆنکرێت دەگرت یان پڕیان دەکردنەوە بۆئەوەی نەبنە مایەی حەوانەوەو شکاندنی تینوێتی هەر دەستەو تاقمێک لەدوای ئەم نسکۆیەوە سەرهەلدەدنەوە .
هەرچەندە ئەم ڕاگواستنە بەدرێژایی سنوورەکانی ئێران و عێراق بوو هەموو گوندنشینەکانی سەر سنووری گرتەوە بەڵام ئەو خێزانانەی کەلە ناوچەی بارزان مابوونەوە زیاتر بوونە ئامانجی ڕاگواستن ئەوانەی سەرسنووری پێنجوێن و قەڵادزێ و بەمۆ بەدەگمەن رەوانەی خواروی عێراق کران بەزۆری لە کۆمەڵگاکانی شانەدەری و سەید سادق و تاسلوجەو تەکیەو لە سنووری خانەقیش لە قۆرەتوو، لەناوچەی بیتوێنیش لە چوارقورنە نیشتەجێکرانەوە بەڵام ئەمە بۆبارزانییەکان گرانتر لەسەریان کەوت و لە ١٩٧٥/١١/١٩ روبەرووی ڕاگواستنێکی ترسسناک بوونەوە کە بەلۆری و ئیڤای سەربازی کەخەڵکی نزیکەی١٥٠گوندی ناوچەی بارزان بوون،

بەسـەدان ئافـرەت و منـداڵ و پیروپەککەوتـە بـۆ ناوەڕاسـت و خـواروی عێـراق ڕاگوێـزران و سـەرئەنجام لەشـاری دیوانییـە نیشـتەجێ کـران، دواتریـش بەسـەر گونـد و ناحیـەو ئۆردوگاکانـی خـواروی عێراقـدا، دابـەش کـران وەک ناحیـەی شـافعیە گونـدی جحێـش، مەرجوجـە و ئـۆردوگای خەیریـی و چەنـد ئۆردوگایەکـی تـر کـە بەهـۆی بـاری نالەبـاری ژیانیـان وەنەگونجانیـان لەگـەڵ سروشـتی ئـەو ناوچانـە ڕۆژانـە ٦ تـا ٨ کەسـیان لـێ دەمـرد[٦٨].

لـە بەڵگەنامەکانـی حکومەتـی عێراقـدا دیـارە کـە بـەچ شـێوازێک مامەڵـە لەگـەڵ بارزانییـەکان کـراوەو چـۆن دابەشـیانکردونەتەوە سـەر کۆمەڵـگاکان لـە قوشـتەپەو دیانـاو هەریـرو بەحرکـە. نوسـراوی ژمـاە ٥ه. ش٣:ق٤:٥٨٦ ی ڕۆژی ٢٤ی تشـرینی دووەمـی ١٩٨٠. لەوەزارەتـی بەرگـری بەڕێوەبەرایەتـی هەوالگـری گشـتی سـوپا دەرچـووە و بابـەت/ خێزانـە بارزانییـەکان تیایـدا هاتـووە لەگـەڵ نوسـراوی زۆر نهێنیمـان ٥٣٢٦٧ لـی ٢ی تشـرینی دووەمـی ١٩٨٠ هاوپێـچ نـاو ژمـارەی خیزانـە بارزانییـەکان ئەوانـەی لـە ئێـران و عێراقـن بـەم شـێوەیەیە نوسـراوەکە ژمـارەی خێزانەکانـی لەهەمـوو کۆمەلـگاکان نوسـیوە و بـۆ هەریەکەیـان پاشکۆشـی هەیـە بۆنموونـە لـە ئێـران (٥٣) خێـزان — پاشـکۆی (ا) لەکۆمەڵـگای حەریـر (٥٦٧) خێـزان — پاشـکۆی (ب) . لـە قوشـتەپە (١٥٨٩) خێـزان و لـە گۆرەتـوو ١٤٠ خێـزان و لـە کۆمەڵـگای دیانـا ٥٤٦ خێـزان پاشـکۆی — ه- کـۆی خێزانـە بارزانییـەکان بریتیـن لـە (٢٩٢٥) خێـزان.

لەکۆتایـی ئـەم باسـەدا پێویسـتە ئـەوە بلێیـن یەکێـک لـە خـەوش و کەمـو کوریەکانـی دادگای بـاڵای تاوانـەکان ئـەوە بـوو کـە ڕژێمەکـەی

٦٨. بڕوانە عەدالەت عومەر ئەنفالستان ژمارە ٤ — ل ٤

دادگایـی نەکـرد، بەڵکـو تاکـە کەسـی دادگایـی کـردووە، ئـەوەش لـە زۆر ڕووەوە زەرەری گـەورە لـە گروپـە جینۆسـایدکراوەکەو قوربانییەکانـی دەدات . چونکـە بـەلای کەمـەوە دەوڵەتـی میراتگـری دوای ئەنجامـدەر خـۆی لـە قەرەبـوو دەدزێتـەوە و قەرەبـوو دەخاتـەوە ئەسـتۆی ئەوکەسـانەی دادگایـی کـراون و سـزایان بەسـەردا سـەپێنراون لەکاتێکـدا ئـەوە ڕوونـە کـە حکومەتـی عێـراق جێبەجێـکاری تاوانەکانـە دژ بەخەڵکـی کوردسـتان نـەک تەنهـا چەنـد بەرپرسـێکی بریـار بەدەسـت و پـلان دانـەر چونکـە ئەوانـەی شـارەزای تاوانـی جینۆسـایدن دەزانـن کـە پرۆسـەو کـردەی جێنۆسـاید هەرگیـز لەلایـەن تاکەکەسـێکەوە جێبەجێناکرێـت. بەڵکـو ئەنجامـدەر یـان تاوانبـاری سـەرەکی هێزێکـی گـەورەی سـەربازی و ئەمنـی و ئامارازەکانـی دەوڵەتـی لەبـن دەسـت بـووە جگەلـەوە میلیشـیاو هێـزی چەکـداری نافەرمـی. ئامادەبـوون هەمـوو ئـەم هێزانـەش بـەردەوام لەلایـەن دەوڵەتـەوە سـەرکردایەتی کـراون و بـە شـیوازی جیاجیـا ڕێکخـراون.

# شوێنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان

سەبارەت بە شوێنی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی پیاوانی بارزانی هەتا ئێستا پێدەچێت ئەوان زیاتر لە ناوچەی بصیە کوژرابن و هەرلەوێش شاردرابنەوە، هەروەک پێشتر حسێن عەلی سەربازە کوردەکەی کەلاریش باسی کردبوو، لەم بارەیەوە عەدالەت عومەر صالح لە بارەی چارەنوسی پیاوە بارزانییەکانەوە دەنوسێت پاش گرتنیان حوکمی ئیعدامییان لەسەر جێبەجێ کراوەو لە ناوچە جیاجیاکانی بیابانی بوصەیە شاردراونەتەوە، ئەم ناوچەیە لەلای خەڵکی بەدوبە (بادیەی بوسەیە) ناسراوە و رووبەرەکەی ٢٤٥٣٢کم٢ نزیکەی٧ ,٥٪ ی رووبەری عێراقی داگیرکرکردووە (رووبەری پارێزگای سەماوە نزیکەی ٥١٧٤٠ کم٢ یە).

تەنانەت عەدالەت زیاتری ئاشکرا کردووەو ناوی ئەفسەری سەرپەرشتیاریشی نوسیوە ( پرۆسەی کوشتنی بارزانییەکانیش لە ژێر چاودێری رائیدێکدا بووە ناوی (عاصی ابراهیم عاصی ئەلدوری) بووە کە لە ئەمنی بەغدادەوە هاتووە بۆ بوصەیە و ماوەی ٢ دوو هەفتە لەوێ ماوەتەوە تا تەواوی ناوچەکانی (بوسەیە، هباویە، بسوە، ابو الغار) گەمارۆداوە و تیمی تەواوی کوشتنی لەگەڵدا بووە)[٦٩]. هەڵبەتە کوژرانی بەکۆمەڵی پیاوە بارزانییەکانش هەر لە ناوچە جیاجیاکانی بیابانەکانی خواروی عێراقدا بووە، زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە شوێنی کۆمەڵکوژیی وشاردنەوەی بارزانییەکان لە ناوچەی (بصییە) دایە کە سێگۆشەی سنووری نێوان عێراق-کوێت و عێراق-سعودییە

٦٩. بروانە عەدالەت عومەر سالّح — ئەنفالستان ژمارە — ٤ لاپەرە ٤

پێکدەهێنێت، بیابانێکی ترسناکەو لە ناسریەوە دەست پێدەکات بۆ سنووری عەرەبستانی سعودییە، گۆڕی بەکۆمەڵی بارزانییەکان لەساڵی ١٩٨٣ و هەندێکی ئەنفالکراوەکانی ساڵی ١٩٨٨ لەم بیابانەدان، کە ناسراوە (بەسوە) (هەریاریی)یش ناوچەیەکی ترە لە قوڵایی بیابانیشدا سێ ناوچەی تر هەن کە بارزانییەکانی تێدا کۆمەڵکوژراون. ساڵی ٢٠٠٥ لە موسەنا لەناوچەی بصیە: لەناو یەک گۆڕدا تەرمی (٥٠٣) کەس کە بریتی بوون لە پیاوانی بارزانی دۆزرانەوە، کارەکە بە هاوکاری وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق بەریوەچوو پاش هەڵدانەوەو کاری پزیشکی دادوەری لەرۆژی (١٧ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٥) گەرێنرانەوە دەڤەری بارزان و بەرێورەسمێکی شایستەو بەپێی دابونەریتی کۆمەڵایەتی دووبارە لە ملانی بارزان ئەسپەردەی خاککرانەوە. ساڵی ٢٠١٤ بۆجاری دووهەم لەهەمان ناوچەی بصەیە پارێزگای سەماوە تەرمی (٩٣)کەسی تری پیاوانی بارزانی بەهاوکاری تیمی بەرێوەبەرایەتی گۆرەبەکۆمەڵەکەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان دەرهێنراونەوەو رۆژی ٦ی ئازاری ساڵی ٢٠١٤ لە ناوچەی بارزان ئەسپەردەی خاک کرانەوە.

# گۆڕی بەکۆمەڵی بارزانییەکان لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان و عێراق و دەرەوەی وڵات

جگـە لەشـوێنی گۆڕەبەکۆمەڵـەکان ئـەم شـوێنانەی تریـش هـەن کـە بەهـۆی بارودۆخـی کوردسـتان و ئەوتاوانانـەی بەرامبەربەخەڵکـی کوردسـتان و گروپـە جیاجیاکانـی ئـەم نەتەوەیـە کـراوە لەناویشـیاندا بارزانییـەکان، چ بەهـۆی روبەرووبونەوەیانـەوە بووبـێ لەسـەنگەری بەرگریـدا یـان بەهـۆی ئاوارەیـی ودەربەدەرییانـەوە بووبێ شـەهید بـوون یان جینۆسایدکراون، بۆیـە نامۆنایەتـە پێشـچاوان کـە روفاتەکانیشـیان لـە شـوێنی جیاجیـاداو بەشـێوەی جیاجیـا نێـژراون، چ ئەوانـەی لـە غەریبایەتیـدا بەدابونەریتـی کۆمەڵایەتـی ئەسـپەردەکراون چ ئەوانـەی بەبـێ کفـن و بەبـێ مەراسـیمی کۆمەڵایەتـی لەگـۆڕی بەکۆمەڵـدا شـاردراونەتەوە بۆیـە چ لـە کوردسـتانی گـەورەو چ لـە وڵاتانـی دەوروبـەر گـۆری بارزانیەکانیـش هەیـە، لەناوبیابانەکانـی عێراقیشـدا چەندیـن گـۆڕی بەکۆمەلـی بارزانیـەکان هـەن. کـە سـاڵی ١٩٨٣ دوای گرتـن و کۆکردنەوەیـان لـە بیابانەکانـی خـوارووی عێراقـدا بەکۆمـەڵ کـوژراون.

بەپێـی زانیارییەکانـی نوسـەری بـواری جینۆسـاید رێـکاریێ مـزوری کەلـە دوتوێـی بابەتێکـدا بـۆی ڕەوانـە کـردووم دەربـارەی شـوێنی جیاجیـای گـۆڕی بەکۆمەڵـی بارزانییـەکان ئـەم شـوێنانەی خـوارەوە ریزبەندکـراون بـە ژمـارەی قوربانیەکانیشـەوە:

١. ١٩٤٦ گۆڕسـتانی کومـاری کوردسـتان لـە مهابـاد، نزیکـەی (١٠٠٠) روفاتـی بارزانیـەکان لـە مهابـادو ورمـێ وسـەقز نێـژراون.

٢. ١٩٥٥ گۆڕستانی کۆماری ئۆزبەگستان سوڤیەتی جاران، شاوشکا (٢٥) روفاتی بارزانییەکانی لێ ئەسپەردەی خاک کراون کە ئەوانە لە یاوەرانی مەلامستەفای بارزنی بوون.

٣. ١٩٦٩ گۆڕستانی گوندی دەکان (٧٢) روفات بوون کە لە کۆمەڵکوژییەکدا بوونە قوربانی و لەناویاندا بەشێکیان بارزانیبوون.

٤. ١٩٧٥ گۆڕستانی بارزان ئاباد لە شنۆ، زیاتر لە (١٥٠٠) روفاتی بارزانییەکان هەن.

٥. ١٩٧٦گۆرستانی باشوری عێراق، لە پارێزگای دیوانییە، عەفەک (٤٠٠) کەس بەهۆی خراپی کەشوهەواو پیسی ئاوی خواردنەوەوە گیانیان لەدەستداوەو ئێستاش روفاتەکانیان لەوێ ماون .

٦. ١٩٨٠ گۆڕستانی قوشتە گرد مەلا، (٢٠) کەس گیانیان لەدەستداوەو ئێستا روفاتەکانیان هەر لەو گۆرستانەن.

٧. ١٩٨٣ گۆرستانی زێوە، شەهیدانی مێرگە کاروان، (١٦) کەس گیانیان لەدەست داوەو هەرلەوێ ئەسپەردەی خاک کراون.

٨. ١٩٨٥ گۆڕستانی زێوە لە مەلاباسەک (٣٠٠) کەس گیانیان لەدەستداوەو هەرلەوێ ئەسپەردەی خاک کراون لەناویاندا زۆربەیان بارزانیبوون.

٩- ٢٠١٢ کۆرستانی گەروی بێدارون، (١٦) کەس گیانیان لەدەستداوەو هەماوویان بارزنی بوون، روفاتەکانیانیان لەوێ ئەسپەردە کراون .

١٠. ٢٠٠٥ لە بیابانەکانی باشوری عێراق بەتایبەتی لە بوصییەی

پارێزگای موسـەنا، لەنـاو یـەک گـۆڕی بەکۆمەڵـدا، (٥٠٣) کـەس دۆزرانـەوەو پـاش هەڵدانەوەیـان بـە هـاوکاری وەزارەتـی مافـی مـرۆڤ، لـە پارێـزگای موسـەناوە (٢٠٠٥/٥/١٧) هێنرانـەوە بـۆ کوردسـتان لـە دەڤـەری بـارزان، بەرێورەسـمێکی شایسـتەو بـەداب ونەریتـی دووبـارە لـە شـوێنێک بەنـاوی ملانـی بـارزان بەخـاک سـپێردرانەوە.

١١. ٢٠١٤ گۆڕسـتانی باشـوری عێـراق موسـەنا ناحیـا بوصییـە (٩٣) کـەس لەگۆڕێکـی بەکۆمەڵـدا دۆزرانـەوەو پـاش هەڵدانەوەیـان لەلایـەن وەزارەتـی مافـی مرۆڤـی عێـراق و وەزارەتـی کاروباری شـەهیدان و ئەنفالکراوان بـە فرۆکـە هیێنرانـەوە بۆکوردسـتان و لـە دەڤـەری بـارزان بـە رێورەسـمی شایسـتەو بـەداب ونەریتـی کۆمەڵایەتـی ئەسـپەردەی خـاک کرانـەوە.

# بەشی چوارەم

- دەرئەنجام
- ئێمەو پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید
- گلەیی نامەیەک

## دەرئەنجام

لەئەنجامی ئەم لێکۆلینەوەدا دەردەکەوێت کە نیازو مەبەستی رژێمی عێراق پەیرەوکردنی سیاسەتی سرینەوەو پاکتاوکردنی کورد بووە لە کوردستانی باشور، مەبەستی رژێم هەنگاو نان بووە بۆ جینۆساید کردنی میللەتێکی دەستنیشانکراو، سەرەتا هەنگاوەکانی گشتگیرنەبوون بەڵکو لەسەربنەمای گروپ کاری کردووەو جینۆسایدی ئەنجامداوە هەروەک سەرەتا لە جینۆسایدی کوردانی فەیلیەوە دەستی پێکردووەو چاوەروانی کاردانەوەی نیودەوڵەتی کردووەو دواتر هەنگاوی ناوە بۆ گروپێکی تر (بارزانییەکان). تاوانی جینۆساید مەرج نییە دژ بەهەموو پێکهاتەکانی نەتەوەیەکی دیاریکراوبێت زۆرجار تەنها تایەفە یان عەشیرەتێک دەکرێتە ئامانجی لەناوبردن ئەم شێوە پاکتاوکردنە کت ومت لە کوردستان و عێراق پیادەکراوە. وەک دەبینین دەستنیشانکردنی فەیلیەکان و پاکتاوکردنیان کە تەنها لەماوەی ٩ ساڵدا واتە لە ساڵی ١٩٧١ هەتا ساڵی ١٩٨٠ جگەلە کوشتن و برینیان تەنها ئەوانەی لە وڵات دەرکراون ژمارەی ئەوکوردانەی رەوانەی ئێران کراون ٢١٥٠٠٠ دوسەدوپانزە هەزار کەس بوون)[٧٠] دوای ئەو هەڵمەتە لە کۆتای مانگی تەموزی ساڵی ١٩٨٣ تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان دەستپێدەکات کە ژمارەی قوربانییەکانی نزیکەی پەنجا هەزار کەس و ژمارەی ئەوانەی کوژران زۆربەی ئامارە نافەرمیەکان باس لە ٨٠٠٠ هەشت هەزار پیاوی بارزانی دەکەن .قۆناغی دوای ئەویش کیمیاباران و ئینجا ئەنفالی کوردستان . کەچی بەداخەوە

---

٧٠. بروانە مارف عومەر گوڵ جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای نێودەوڵەتاندا چاپی چوارەم دەزگای ئاراس – هەولێر ٢٠٠٧ ل ٣٤

سەرباری ئەو ڕاستیانەش هێشتا نەک هەر لەلایەن خەلکی نەخویندەوارو ئاسابییەوە بەڵکو لەلایەن ڕێکخراوەکانی تایبەت بەئەنفال و جینۆسایدو نوسەران و ڕۆژنامەنوسان و سیاسەتمەدارانی کوردو تەنانەت لەلایەن خاوەن ماستەرو دکتۆراکانیشەوە کۆمەڵکوژی بارزانییەکان و ئەنفال تێکەڵ دەکەن و هەمان هەڵە دووبارە دەکرێتەوەو زانیاری هەڵە دەبەخشنەوە کەمن لەم لێکۆلینەوەیەدا گەیشتوومەتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە :

١. پێنج ساڵ پێش تاوانی ئەنفال رویداوە بەڵام زۆربەی خەڵکی کوردستان و تەنانەت توێژەران و ڕۆژنامەنوسان و نوسەرانیش تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان و ئەنفال تێکەڵ دەکەن و بەیەک تاوان ناوزەدی دەکەن.

٢. بەپێی ئەم لێکۆلینەوەیە دەردەکەوێت کەوا دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە ٣٩ هەمین دانیشتی خۆیدا بۆ دادگایی کردنی دۆسێی یارزانییەکان ڕۆژی ٢٠١١/٥/٣ بریاری کۆتایی لەمەر دۆسێی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان یەکلایی کردەوەو تیایدا هەریەک لە سەعدون شاکرو حامد حمادی و تارق عەزیزو سفیان حامد سزایان بەسەردا سەپێنراو وەتبان ئیبراهیمیش بەبێ تاوان دەرچوو. بێگومان سزای تاوانبارانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان هەرچەندێک بێت بەقەد ئەوەنییە کە دۆسێی تاوانەکە بە جینۆساید بریاری لەبارەیەوە درا . بێگومان ئەمەش دەستکەوتێکی ترە بۆگەلی کورد لەدوای روخانی رژێمی سەدام حسێنەوە. جێگەی بیرهێنانەوەیە کە بارزانییەکان ساڵی ١٩٨٣ لە کۆمەڵگاکانی خۆیان پەلاماردران و ٨٠٠٠ پیاویان لەتەمەنی ١٠ ساڵیەوە بۆ ٧٠ ساڵی گرت و دواتر کۆکرانەوە و

پـاش پۆلێنکردنیـان بێسەروشـوێنکران.

٣. ئێسـتا ئـەوە رون بووەتـەوە کـە بارزانییـەکان کەمتریـن کەسـیان بـەر پەلامارەکانـی ئەنفـال کەوتـوون، ئـەوەش لەبـەر ئـەوە بـوو کـەوا زۆرپیـاوی بارزانـی پێنـج سـاڵ پێشـتر جینۆسـایدکرابوون و ژن و منداڵەکانیشـیان گوندنشـین نەبـوون . ئـەو هەنـدە پیـاوەش کـە دەرفەتـی رزگاربونیـان بـۆ رەخسـابوو ناچاربـوون کوردسـتانی باشـور بەجێبهێڵـن و ئـاوارەی وڵاتانـی تورکیـاو ئێـران بـن یاخـود ببـن بـە پێشـمەرگە .لەبـەر ئـەو هـۆکارە بەرئەنفالنەکەوتــن.

٤. لـە سـاڵی ١٩٨٣ لـەدوای کۆمەڵکوژی پیاوانـی بارزانیـدا نزیکـەی ٣١٥ ژن ومنـداڵ گیـراون و بێسەروشـوێنکراون، ئەویـش لـە هەڵمەتەکانـی دواتـر دابـووە.

٥. رەشـبگیرو کۆکردنـەوەی پیاوانـی بارزانـی لـە جوگرافیایەکـی تەسـکی کوردسـتاندا بـووە لـە چەنـد کۆمەڵگایەکـی دیاریکـراوی دەوروبـەری شـاری هەولێـر بـوون نـەک لەناوچـەی قەدەغەکـراودا واتـا هیچیـان لەگونـد نەبـوون.

٦. پاشـئەوەی بارزانییـەکان وەک گروپێـک دەسـتنیشـان کـراون کۆکراونەتــەوەو رەوانــەی بەغداکـراون و لــە دوای دادگایـی کردنیــان کۆمەڵکوژکــراون.

٧. تاوانـی ئەنفـال لـە هەمـوو گوندەکانـی کوردسـتان رویـداوەو هیـچ کۆمەڵگایەکـی نەگرتووەتــەوە. شـوێنی سـەرەکی بـۆ کۆکردنـەوەو پۆلینکردنیـان کەمپـی تۆپـزاواو قـەڵای نزارکـێ بـووەو کەسـیان بەمەبەسـتی دادگایـی کردنیـان رەوانـەی بەغـدا نەکـراون.

٨. ئەنفالكـراوان هيـچ كەسـێكيان دادگايـی نەكـراون و هەموويـان بەبـێ لێپرسـينەوە كۆمەڵكوژكـراون .

٩. قۆناغەكانـی ئەنفـال بريتـی بـوون لـە هەشـت قۆناغـی سـەربازی و سـوپاو جـاش تيايـدا بەشـداربوون .

١٠. كۆمەڵكـوژی بارزانييـەكان بـە سـێ قۆناغ بووەو لەلايـە بەڕێوەبەرايەتی ئاسايشـی گشـتی و ئاسايشـی هەولێـرو گاردی كۆمارييـەوە ئەنجامـدراوەو جـاش تيايـدا بەشـدار نەبـوون .

١١. بكـەری كۆمەڵكـوژی بارزانييـەكان و لايەنـی جێبەجێـكار سيسـتماتيك (منظـم)ە. كـە دەوڵەتـی عێـراق پلاندانەرێتـی جگەلـە عەشـيرەتی بـارزان هيـچ عەشـيرەتيكی تـری كوردسـتانی نەگرتـەوە. جگەلـە لەچەنـد كەسـێكی دەگمەنـی بـە ئايـن مەسـيحی لەبەرئـەوەی جامادانـەی سـوريان لەسـەرپێچا بـوو هيـچ كوردێكـی تـری نەگرتـەوە.

١٢. لەتاوانـی ئەنفالـدا هيـچ عەشـيرەتێكی نەبـواردو هەموويانـی گرتـەوە جگەلـە عەشـيرەتی بارزانـی كـە لەناوچـە قەدەغەكراوەكانـدا نەمابـوون .

١٣. خالێـك گرنگـە كـە ئامـاژەی پێبكەيـن ئەويـش ئاماركـردن و چاودێری كردنـی ئيسـتخبارات (هەواڵگريـە) لـەم لێكۆلينەوەيـەدا بەرونـی دەردەكـەوێ هەلە دوای شكسـتی شۆرشـەكەی مەلامسـتەفای بارزانەوە حكومەت نيازەكانی خـۆی نەشـاردووەتەوە، ئـەو سـەرژمێريی كـردن مەبەسـتێكی رون وئاشـكرای لەپشـتەوەيە واتـا پێشـئەوەی پارتـی ئـەو بيانـوە بداتـە دەسـت بەعـس ئـەو ئامـادەكاری خـۆی كـردووە. بێگومـان لەئەنفالـدا هيـچ سـەرژمێرييەكی لـەو شـێوەيەمان چنـگ ناكـەوێ .

بێجگە لەو خاڵانەی سەرەوە مێتۆدێکی تر بۆ ناسینەوە ودەسنیشانکردنی جێنۆسایدی بارزانییەکان وجیاکردنەوەی لەتاوانی ئەنفالدا هەیە. کە ئەم هەلومەرجانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت کە ئامادەبوون، لەهەمانکاتدا ئەو مەرجانە کۆمەڵێک ئامرازی گرنگن بۆ ناسینەوەی تاوانەکە یان کۆمەڵێک ئامرازی مەنهەجین بۆ لێکۆڵەرەوان کە دەتوانن سودی گرنگیان لیوەربگرن: لە ئەنجامی لێکۆلینەوەکەماندا دەردەکەوێ کە لایەنی تاوانکار پلانی داناوە بۆ ئەوەی بە زنجیرەیەک هێرشی یەک لە دوای یەک هەستاوە بە جێبەجێکردنی پلانەکەی بۆ لە ناوبردنی ئەندامانی گروپێکی دیاریکراو کە بریتین لە پیاوانی عەشیرەتێکی ناسراوی کورد. هەلبەتە لە تاوانی بارزانییەکاندا گروپێکی دەستنیشانکراون لەناو چوارچێوەیەکی گشتیدا کوردی بارزانی و لەناو ئەوانیشدا پیاوەکانیان نەک ژنەکان . ئەمەش رەهەندێکی تەواو جیاوازە لە تاوانی ئەنفال.

لەم حاڵەتەدا میدیاکارو نوسەرو لێکۆڵەر ئەرکی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی دەکەوێتە ئەستۆ: ئایا هێرش و پەلامارێک یان زنجیرەیەک هێرش لەلایەن ئەنجامدەرانی تاوانەکەوە کراوەتە سەر ئەندامانی گروپەکە کە بووبێتە هۆی کوشتنیان؟ ئایا ئەو تاکتیکێکانە چی بوون کە گیرابوونە بەر بۆ سەرخستنی پرۆسەی کۆمەڵکوژییەکە؟ (بۆ نموونە پۆلینکردن و لێک جیاکردنەوەی کەسەکان و دەسبەسەرداگرتنیان لە بارودۆخی ناهەمواردا وەک ئەوەی لەدژی بارزانییەکان و دواتریش لەدژی ئەنفالکراوان بەکارهات لە سەربازگەکان یان لە کەمپەکانی کۆکردنەوە) بەشێوەیەک مردن و ژیان یەکسان بکات بەیەک وەک کورد دەلێت : قوربانی مەرگی خۆی بە ئاوات خواستووەو بە هۆی ئەو بارودۆخە ناهەموارەوە ژمارەی کوژراوان

بـەرەو سەرهەڵکشـێ، یەکێـک لـەو فاکتەرانـەی وەک هـۆکار لەلایـەن هیلیـن فایـن باسـدەکرێ و رەگەزەکانـی جینۆسـایدی پێدەناسـێتەوە ئـەو پرسـیارەیە (ئایا لەپـاڵ کوشـتندا مێتـۆدی تـر بەکارهاتـووە بـۆ رێگاگرتـن لـە زیادبوونـی بایۆلـۆژی و کۆمەڵایەتـی گروپەکـە، بـۆ نموونـە لەڕێـگای ژەهراویکردنـی هـەواو سـەرچاوەی ئـاوی پیسـەوە یـان برسـیکردن و نەخۆشخسـتنیان)[٧١]؟ هەلبەتـە جینۆسـایدی بارزانییـەکان جگەلـەو ناهەمواریانـە حاڵەتـی تریشـیان روبەرووکراوەتـەوە ژنەکانیـان بێپیـاو هێشـتوونەتەوە، کـە بووەتـە هـۆی رێگەگرتـن لـەزاوزێ.

جیاوازیـەک لـە نێـوان ئەنفـال و کۆمەڵکـوژی بارزانییەکانـدا ئەوەیـە کـە کەمـو زۆر لـە هێرشـەکانی ئەنفالـدا هێـزی پەلامـاردەر روبـەروی شـەر بووەتـەوە، بـەڵام لـە دۆسـێی بارزانییەکانـدا ئـەم حاڵەتـە نەبـووە بەڵکـو گروپەکـە چەکدارنـە بـوون بەهیـچ شـێوەیەک رێکخراونەبـوون، هەتـا بتوانـن بەرامبـەر ئەنجامدەرانـی تاوانەکـە بەرەنـگاری بکـەن، بۆ پارێـزگاری لەخۆکردن شـەڕیان نەکردووە و هەتا لەشـەردا یاخود دوای بەرەنگاری خۆتەسـلیمکردنیان کوژرابـن، نەخێـر هەموویـان دانیشـتووی شاروشـارۆچکەکان بـوون و بێچـەک بـوون دوای کۆکردنەوەیـان بەشـێوەیەکی سیسـتەماتیک کـوژراون.

کوشـتنی ئەندامانـی عەشـیرەتی بارزانـی وەک گروپێکـی دەستنیشـانکراو دەرەنجامـی کردەیەکـی سـەربازی حزبێکـی چەکداری و سیاسـی بـوو کـە لـە دەرەوەی ئیـرادەی ئـەو خەڵکـە هـەژارە بـووەو هیـچ پەیوەندیەکیـان پێـوەی نەبـووە؟ ئایـا بەڵگـە هەیـە بیسـەلمێنێت کـردەی کوشـتنەکان دووپاتبۆتـەوە و هەڕەمەکـی نەبـووە بەڵکـو نەخشەبۆکێشـراو بەشـێوەیەی زۆرەملێیانـە

٧١. بروانە گۆران بابا عەلی هەمان سەرچاوەی پێشوو . لەماڵپەری چاک ئینفۆ

بووه؟ ئایا بەڵگەی ئەوە هەیە کە بە فەرمانێکی باڵا ئەنجامدراوە وئەو فەرمانانە لە چ ئاستێکی بەرپرسیارێتیدا بوون؟ ئایا هیچ بەڵگەیەک هەیە پیشانیبدات ئەنجامدەرانی ئەم کردانە سزادراون؟

لە کۆمەڵکوژی بارزانییەکاندا جگەلە ئیدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی بەعس هیچ بەهانەیەکی تر ئامادەیی،نە بووە وەک ئەوەی لە ئەنفالدا تێکەڵ بە ئایینکراو زۆرجار ئەفسەروسەربازەکانیان هاندەدا بەوەی کوردەکان ئیسلام نین و کافرن ئەوەش بۆ ئەوەبوو کە شەرعیەت ببەخشنە کردەی جێنۆسایدەکە. لەپشت زۆربەی حاڵەتەکانی جێنۆسایدەوە ئایدیۆلۆژیایەک یان بیروباوەڕی ئاینی ئامادەیە بۆ شەرعیەتبەخشین بە جێبەجێکردنی هێرشەکان و کوشتنی قوربانییەکان. لەوەها حاڵێکدا لێکۆلەرو دادوەرەکانی دادگاکان دەبێ لەو ئایدیا و بیرباوەڕانە بکۆڵنەوە و لە میکانیزمی کارکردنیان لە پرۆسەی ئەنجامدانی ئەو حاڵەتەی جێنۆسایدا کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەیە.

# ئێمەو پەیماننامەی نێودەوڵەتی دژی جینۆساید

پەیماننامــەی ســاڵی ١٩٤٨ی نەتــەوە یەکگرتــووەکان بەیەکەمیــن بەڵگەنامــەی نێودەوڵەتــی تایبــەت بــە تاوانــی جینۆســاید دەژمێردرێــت، ئەگەرچــی ئــەم پەیامانانامەیــە هەتــا ئێســتا وەکــو پێویســت نەکەووتووەتــەکار، بەشــێوەیەکی تــر بلێیــن خێــری بــۆ ئێمــەی کــورد نەداوەتــەوەو لــە کاتــی جینۆســایدکردنماندا بەهانامانــەوە نەهــات، بــەڵام هێشــتا هێــزی نێودەوڵەتــی هەیــە و ناشــێت بــە هەنــد تەماشــا نەکــرێ. ئــەو ســەروەختە کۆمەڵــەی گشــتی گــەلان ڕێکخــراوی نەتــەوە یەکگرتووەکانــی ئێســتا" بەبڕیــاری ژمــارە ٩٦ لــە ١٩٤٦/١٢/١١ ئــەم پەیماننامەیــەی دەرکــرد، لــەدوای ئــەو بڕیــارەی "کۆمەڵــەی گشــتی نەتــەوە یەکگرتووەکانــەوە ئەنجومەنــی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی کۆمەڵــەی گــەلان، کــە ئێســتا ڕێکخــراوی نەتــەوە یەکگرتووەکانــی لێپێکهاتــووە، پرۆژەیەکیــان پێشکەشــی کۆمەڵــەی گشــتی کــرد، پــاش گفتوگــۆ و تاوتوێکردنــی پرۆژەکــە پەیماننامــەی نێودەوڵەتــی ٩ /١٩٤٨/١٢ ی بــۆ قەدەغەکردنــی تاوانــی جینۆســاید بەرهەمهێنــا. ئەمــەش بــووە بەڵگەنامەیەکــی فەرمــی تایبــەت بەتاوانــی جینۆســاید لــە یاســای نێودەوڵەتیــدا، کەناوەڕۆکەکــەی بریتیــە لــەوەی جینۆســاید تاوانێکــە لــەدژی ئامانجەکانــی ڕێکخــراوی نەتــەوە یەکگرتــووەکان و گەورەتریــن پێشــیلکاری مافــی مرۆڤــە. بۆیــە کــورد پێویســتە چ بــۆ ئــەم تاوانــەی دژ بــە بارزانیــەکان کــراو چ بــۆ تاوانەکانــی تــری پێــش و دوای ئــەم تاوانــە ئــەو پرســیارە ئاراســتە بــکات، ئایــا پاراســتنی کــوردان لــە کۆمەڵکــوژی و جینۆســایدکردن ئامانجــی نەتەوەیەکگرتــووەکان نەبــوو؟

پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید، تەنها بۆ ئەوە نەبوە سزای تاوانکارانــی بــدات، بەڵکــو ئامانجیشــی ئــەوە بــوو، ڕێگــە لەدووبارەبوونــەوەی تاوانەکــە بگرێــت و ســومعەی کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتی،لەپێــش هەموویانــەوە

ڕێکخـراوی نەتــەوە یەکگرتــووەکان پارێزراوبێــت و چیــدی لەکەدارنەبێــت بەئەنجامدانــی ئەوجۆرەتاوانانــە. ئەگەرچــی ئــەم پەیماننامەیــەو پەیماننامــەی جـاری گەردوونــی مافەکانــی مرۆڤیــش کــە لــە (١٩٤٨/١٢/١٠)دا دەرچــووە. واتــا ڕۆژێــک لــەدوای پەیماننامــەی تاوانــی جینۆســاید ئامانجیــان پاراســتنی مـرۆڤ و ڕێزگرتنــە لەبەهــاو مافەکانــی، هــەر بــۆ ئــەوەش دەرچــوون، بــەڵام لــەدوای دەرچوونیانــەوە پێشــیلکاری گــەورەو کۆمەڵکــوژی گــەورە و تاوانــی نێونەتەوەیــی بەرچــاو ئەنجامــدراون، کەتاوانــی جینۆســایدکردنی گەلــی کــورد بەتایبەتــی لەســەرەتای تــا کۆتایــی ســاڵانی هەشــتاکان لەجینۆســایدکردنی فەیلیــەکان و کۆمەڵکــوژی بارزانییــەکان و دواتریــش تاوانــی ئەنفــال و هەڵەبجــەدا خۆیانبینییــەوەو بەهۆیانــەوە کۆمەڵگــەی عێراقــی و کۆمەڵگــەی مرۆڤایەتــی لەکەداربــوون، بەوحاڵەشــەوە ناشــێت فەرامۆشــبکرێن، چونکــە ئێســتاش بایەخــی خــۆی لەدەســت نــەداوە و لەدونیــادا پشــتی پێدەبەســترێت و دەکرێتــە بنەمــا بــۆ هەمــوو ئــەو دادگایانــەی کەدەربــارەی تاوانــی نێوەوڵەتــی، بەتایبەتــی جینۆســاید ئەنجامدەدرێــن، چ لەئاســتی نێودەوڵەتیــدا یــان لەناوخــۆی دەوڵەتــدا.

پرســی ئــەم نوســینە گرێــی ئەوەمــان بۆناکاتــەوە کەتاچەنــد ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتــووەکان و کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی گرنگــی بەتاوانــی جینۆســاید دەدەن، بــەڵام ئەوپەنجەرەیەمــان بەســەردا دەکاتــەوە، کــە ئێمــە وەکــو کورد چ لەئاستی سیاسـی و چ لەسـەر ئاستی هوشیاری تاک تاچەند بەخەمساردییەوە، بێئــەوەی بەدواداچــوون بکەیــن بڕیاردەدەیــن و قســە فرێدەدەیــن، کــورد کــە ئەمــڕۆ لەعێـراق پۆسـتی سـەرکردایەتی هەیـە چـۆن لەوتاوانانـە دەڕوانـێ کـە لـە دژی ئەنجامـدراون؟ تاچەنـد پشـتی بـەم پەیماننامانـە ئەسـتورە و قسـەیان لەســەر دەکات. تاچەنــد ئــەم هێــزە قانونییــە فەرامــۆش دەکاو موجامەلــەی هێـزە تاریـک و تۆتالیتـاری و خێـڵ و عەشـیرەتە عەرەبیـەکان دەکات.

بەندی یەکەمی پەیماننامەکە جەختێکی زۆر لەو دەوڵەتانە دەکاتەوە کەبەشداربوون لەواژۆکردنی پەیماننامەکەدا، جینۆساید وەکو تاوان لەیاسای نێودەوڵەتیدا بناسن جاچ لەسەردەمی شەڕ دابێت یان لەئاشتیدا، جینۆساید تاوانێکی گەورەیە دژ بەبەهای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەمە جگە لەوەی دەوڵەتە واژۆکارەکانیش پەیمانی ئەوە دەدەن بەنەتەوە یەکگرتووەکان، کەکاری پێویست بکەن بۆ قەدەغەکردن و سزادانی تاوانکارانی ئەو تاوانە. کەچی ئەوەی لە واقعیشدا دەیبینین بەردەوام بوونی ئەو تاوانانەیە لەدوای دەرچوونی ئەو پەیماننامانەوە.

ئەگەرچی تێکرای بەندەکانی ئەم پەیماننامەیە گرنگن، بەڵام لەمرۆدا کە رژێمی سەدام حسین روخاوەو لە دوای ئەو دادگایەکی ناوخۆ بۆمحاکمە کردنی تاوانباران دامەزراو هەتا ئێستاش بەکراوەیی ماوەتەوە، رەنگە گرنگترینیان بەندی پێنجەمی بێت. کە بایەخێکی باشی هەیە، لەبەر ئەوەی پەیمانی دەوڵەتە ئەندامەکان ڕووندەکاتەوە کەبەپێی دەستووری ناوخۆیی وڵاتەکانیان کاری یاسایی بکەن بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیماننامەی نێودەوڵەتی دژ بەتاوانی جینۆساید و سزادانی تاوانبارانی بەپێی برگەکانی ئەم پەیماننامەیە، بەتایبەتی لەیاسای " جینائی ناوخۆ" دا بایەخ بەتاوانی جینۆساید بدەن و بەدەقی یاسایی بارودۆخی تایبەت بە بەربەندکردن و سزادانی تاوانکارانی جینۆساید بچەسپێنن.

ئەگەرچی دەوڵەتی عێراق لەساڵی ١٩٥١ ەوە پابەندی خۆی بەپەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدەوە راگەیاندووە، بەڵام بەکردەوە تاوانەی جینۆسایدی لەدژی خەلکی عێراق بەگشتی و خەلکی کوردستان بەتایبەتی پیادەکردووە، لەبەرئەوەی یاسای سزادانی عێراق هیچ دەقێکی تێدا نییە لەسەر تاوانی جینۆساید، بۆیە لەیاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥دا جێگەی بەندەکانی ١١ و ١٢ و ١٣ و ١٤ی دادگای عەدلی نێودەوڵەتی کراوەتەوە بۆ

محاکمەکدنی تاوانبارانی جینۆساید، ئەمەش لەوێوە شەرعیەت وەردەگرێت کەوا دەوڵەتی عێراق پەیماننامەکەی ساڵی (١٩٤٨)ی بەفەرمی پەسەند کردووە. بەڵام نە دەسکارییەکی یاسای سزادانی عێراقی کراوە و نە یاسایەکی تایبەتیش هەیە لەسەر جینۆساید، بۆیە عێراق وەکو دەوڵەتێک لەگەڵ دامەزراندنەوەیدا ئەرکی بوو ئەو گۆڕانکارییەش بکات کە بایەخی تایبەتی بەتاوانی جینۆسایدبدایەو بەدەقی یاسایی خۆی بۆ محاکەمەکردنی تاوانبارانی تاوانەگەورەکان ئامادەبکردایە. کەچی بۆ چارەسەری ئەو کەلێنەیاسایەکی کاتی تایبەتی دەرکردووە، کەبە یاسای ژمارە (١٠)ی (دادگای باڵای تاوانەکان) ناوزەد دەکرێت، کە بە پێی بەندەکانی سەرەوە (١١و١٢و١٣و١٤) تاوانی جینۆساید مەسەلەیەکی بەرچاوە لە دادگاکە.

سەرانی ڕژێمی پێشوو دادگاییکردووە لەسەر ئەنجامدانی تاوانی نێودەوڵەتی کە جینۆسایدیش یەکێکە لەوتاوانانە. خاڵێکی گرنگتریش ئەوەیە کە لەبەندی شەشەمی پەیماننامەی ساڵی ١٩٤٨ هاتووە، دەوڵەتە بەشداربووەکان پەیمانی ئەوە دەدەن، کە گومان لێکراوان و تۆمەتبارانی تاوانی جینۆساید ڕەوانەی دادگایەکی تایبەتمەند بکەن بەو دەوڵەتەی کە تاواناکانی لێ ئەنجامدراوە یان ڕەوانەی دادگای نێودەوڵەتی بکەن. کەچی ئێستا تۆمەتباران و گومانلێکراوانی تاوانی کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکان و کۆمەڵکوژی پیاوانی بارزانی و ئەنفال و هەلەبجە کەمینەیەکیان نەبێ، سزا دراون هەندێکیشیان عێراقیان بەجێهێشتووەو بەوڵاتاندا بڵاوبوونەتەوە. ئەوانەی تر هەموویان بەئازادی دەسورێنەوەو هەندێکیشان پلەو پۆستی باڵایان هەیە ئەمەش نەنگیەکی گەورەیە بە ناوچاوانی دەسەڵاتدارانی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە .

# گلەیی نامەیەک

هەڵوەستەکردن لە دۆسێی تاوانەکان تەنها مەسەلەیەکی ویژدانی و ئەخلاقی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی سیاسی و مێژوویشە، لێکۆڵینەوەو لێتوێژینەوەو دۆکۆمێنتکردنی تاوانەکان و یادکردنەوەی قوربانییەکانیان تەنها هاوسۆزی بۆ مردووەکان نییە، ئەوانەی نەک هەر لەژیاندا سوکایەتییان پێکرا بەڵکو لە مردنیشیاندا بێرێزییان پێکراوەو ئێستا لەگۆڕی بەکۆمەڵدا بەبێ کفن و تەڵقین نێژراون ئەو پەڕی دواتر هەڵدراونەتەوەو لە گۆڕی بەکۆمەڵ دەرهێنراونەتەوەو جارێکی تر لە کوردستان بە پێی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ئەسپەردە کراونەتەوە، یادەورەیە تاڵەکان تراژیدیاکانی کۆمەڵکوژی ڕاگواستن و دەربەدەری ئەو تاوانانە تەنها بۆ بیرکەوتنەوەو لە بیرنەچوونەوە نین، بەڵکو دەبێت بۆ خۆبنیاتنانەوەو هەستانەوە سەرپێی نەتەوەی کوردیش بن. بۆیە لێکۆڵینەوەو تێروانین بۆ کۆمەڵکوژییەکانی کورد هەتا ئەم ساتەوەختەش لەلایەن هەردو حزبی دەسەڵاتدارەوە، جگەلە مەسەلەیەکی ڕۆتین هیچی ترنییە. ئەوەی دەبینرێت لەباشترین حاڵەتدا تەنها ئەو یادەوەریانەیە کە ساڵانە دەکرێنەوە ئەویش بووەتە وەرقەیەکی بەهادار بۆ بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی، دەتوانین بەڕاشکاوی بڵێین کەئەو یادەوەریانە ئەوەندەی بۆنی لەکۆڵ خۆکردنەوەی لێدێت هێندە یادکردنەوەیەیەکی ڕاستەقینە نییە.

ئەوەی کە گرنگی پێنادرێت توێژینەوەو دامەزراوەی زانستی لێکۆڵێنەوەو لێتوێژینەوەی تاوانە نێودەوڵەتیەکانە دژ بەگروپە جیاوازەکانی نەتەوەی کورد،هەر لە جینۆسایدی فەیلیەکانەوە هەتا بە تاوانی ئەنفال

دەگات، واتــە فەیلیــەکان ئینجــا بارزانییــەکان و دواتریــش بــەکار هێنانــی گازی کیمیــاوی لــە گونــدو شــارەکانی کوردســتان، و ئینجــا پەلامارەکانــی ئەنفــال و ئــەو کۆمەڵکوژییــەی لێــی کەوتــەوە .

یادکردنــەوەی کۆمەڵکوژیــی بــە ئامادەبوونــی هــەزارن کۆنەبەعســی و ســەدان جاسوســی کۆنــی رژێمــەوە، مەســەلەیەکی رێکــەوت نییــە هێنــدەی خەمســاردی و بێباکیــە لەبەرامبــەر مــاف و ئازادیەکانــی کەســوکاریان یــادی قوربانیانــی جینۆســاید هەرگیــز شــایانی ئــەو بێباکــی و بێڕێزییــە نییــە، یادێــک بەبــێ تێگەیشــتنێکی قــوڵ لــە تاوانــەکان و ناســینی رەگەزەکانــی جینۆســایدو جیاکردنــەوەی دۆســێکان و مافــی قوربانییەکانــی لەوانــەش خراپتــر ئامادەبوونــی تۆمەتبارانــی ئەنفــال و کۆنەبەعســیەکان لــەو یادانــەدا کاریگەرییەکــی ســایکۆلۆژی ترســناکی هەیــە کــە زۆریان ئێســتا لەبــری دادگایی کردنیــان ئیمتیازیــان هەیــەو بەرپرســی پایــە بڵنــدی حــزب و حکومەتــن لــە کوردســتان و بــەو هۆیــەوە دێــن و لەســەرمەزاری قوربانییــەکان و بەتەنیشــت کەسوکارییانەوە دادەنیشــن..! چــۆن بــەو ڕاســتیە تاڵــە قایــل بیــن کەئەوانــەی لەســەروەختی بەعســدا بەشــداری تاوانەکەیان کردووەو بەســەر خوێن و کێشەی سیاســی کــوردەوە ڕابوردویــان بــۆ خۆیــان تۆمارکــردووە، ئێســتاش وەکــو نــە کۆمەڵکــوژی کوردانــی فەیلــی و بارزانــی و نــە ئەنفــال و نەکیمیابارانیــان دیبــێ، بێمنەتانــە بێــن و لەبۆنــەو یادەوەرییەکانــدا بەتەنیشــتمانەوە ئامادەبــن و لەگــەڵ ئەوانــەدا یــادی کۆمەڵکــوژی بکرێتــەوە کەتەنهــا بەهــۆی کــورد بوونیانــەوە کۆمەڵکوژکــران..؟

جینۆسـایـد تاوانێـک نییـه قوربانییەکانـی ئـاوا بێرێزییـان پێبکرێـت و تۆمەتبارەکانـی ئـاوا بێباکانـه بێـن و بچـن !! ئـەوەی ئێسـتا لەکوردسـتان دەیبینیـن پێچەوانـەی هەمـوو تێگەیشـتنێکی یاسـاییه بـۆ تاوانـی جینۆسـاید .

چـۆن لەئێسـتاو رابـوردووی خۆمـان بڕوانیـن کـه ئەمـڕۆ بەبەرچـاوی ئـەو هەمـوو کۆنـه بەعسـیانەوە، کەسـوکاری قوربانیـان لـه حاڵـی خراپـدا بژیـن، کەچـی تاوانبـارو تۆمەتباروگومانلێکراوانیـش لـه سـایەی حـزب و حکومەتـەوە ئیمتیـازی باشـیان هەبـێ و بەرپرسـانی حـزب و حکومەتیـش هـەر ئەوەنـدە بـه قوربانیـان رەواببینـن کـه بەڵیـن بەکەسـوکاری قوربانییـەکان بـدەن و هیچیشـیان بـۆ جێبەجێنەکـەن..؟! لێخـۆش بـون و داڵدەدانـی تۆمەتبـاران و گومـان لێکراوانـی جینۆسـاید پێشـێلکارییەکە تاوئەوپـەری سـوکایەتیه بـه مافـی مـرۆڤ و هەیبەتـی دادگاکان و سـوکایەتیه بـه یاسـای نێودەوڵەتـی چونکـه تۆمەتبارانـی جینۆسـاید هیـچ حە×انەیەکـی ناوخـۆی و نێودەوڵەتـی هیـچ حـ×انەیەکـی ئاینـی و ئایدۆلـۆژی نایانگرێتـەوە .

دەبوایـه تاکـی کـورد لـه یادکردنـەوەی ئـەو کۆمەڵکوژیانـەدا ؟! بەوپـەری سـەربەرزییەوە ئامـادە بوایـەو ئامێـزی بـۆ مافەکانـی مـرۆڤ بکردایەتـەوە.. نـەک کۆمەڵگەیـەک بوایـه هێشـتا بەهەمـان نەغمـەو ڕەفتاری پێـش راپەرینەوە بـژی ؟ دەبوایـه کـوردی دوای ڕاپەریـن ئەوەنـدە رێـزی لـه دەنگـه جیـاوازەکان بگرتایـە، تـا ئەوپـەڕی پابەندبووایـە بـە مافـی مرۆڤـەوەو بەرەنـگاری هەرپێشـیلکاریەک بوایەتـەوە، کەسـوکایەتی بەمـرۆڤ دەکات.

ئەوانـەی لایـان وایـه شـتی بـاش بـۆ کەسـوکاری قوربانیـان کـراوە بەهەڵەداچوون..لەڕاسـتیدا ئـەوە رێزگرتـن نییـە، کـەوا کەسـوکاریان جـا

کـەم یـان زۆر موچەیەکیـان لەلایـەن حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە بـۆ براوەتـەوە، نەخێر..ئـەوە هیـچ منەتێکی تێدانییـە بەڵکو ئەرکێکی ئەخلاقـی حکومەتـەو پێویسـتە جێبەجێـی بـکات، گەورەتریـن رێزگرتـن لەقوربانیانـی کۆمەڵکـوژی بارزانییـەکان، فەیلیەکان،ئەنفـال و هەڵەبجەییـەکان، ئەوەیـە ئەخلاقیاتـی بەعـس ببێتـە شـەرمێکی کۆمەڵایەتـی لەناوانـدا و یاسـایەکیش هەبێـت بـۆ لێپێچنـەوە لـەو کەسـانەی کەڕێـز لـە شـعوری خەڵـک ناگـرن و بـە ڕەفتـاری بەعسیانەوە هەڵسوکەوت دەکەن، (تۆمـەت دروسـتکردن،ڕاپۆرت نوسـین و جاسوسـی کـردن، دڵشـکاندن و کەرامەتشـکاندنی مـرۆڤ) دزیوتریـن رەفتـارن و پیادەکردنەوەیـان سـوکایەتیە بەخوێنـی قوربانییـەکان، چ جـای ئـەوەی خەونـی دیکتاتۆریانـەی بەرپرسـەکان ببێتـە وێنەیەکـی هەمیشـە ئامـادەی ئـەو رژێمە..ئاخـر مـرۆڤ ئەگـەر نەخـۆش نەبـێ و تەندرسـت بێـت و لەبنەڕەتـەوە لەگـەڵ ڕەفتـاری بەعـس ناتەبابێـت، بینینـی تەرمێکـی نـاو گـۆڕە بەکۆمەڵـەکان و بینینـی ژنـە بەجێماوێکـی نـاو ئـۆردوگاکان بەسـە بۆئـەوەی هەرگیـز ڕەفتارەکانـی بەعس لەبیرنـەکات چ جـای ئـەوەی پیادەیـان بکاتـەوە. وەلـێ هـەی هـوو. حکومەتـی هەرێـم و حیزبەکانـی کوردسـتان نـەک هـەر هەوڵـی ریشەکێشـکردنی ڕەفتـاری ئـەو رژێمەیـان نـەدا کەجینۆسـایدی کردیـن، بەڵکـو هێشـتا کەیفێکـی زۆریـان بەوجـل و بەرگانەدێـت..!؟؟ کـە ئەفسەروسـەربازەکانی سـوپای عێـراق دەیانپۆشـی ..نوسـەرو رۆژنامەنوسـان نـەک رەفتارەکانی بەعسـیان شـەرمەزارنەکرد بەڵکو ڕووی جـاش قەڵەمەکانیان سـپیی کـردەوە، ئەوپیاوانـەی لەسـەروەختی کۆمەڵکـوژی بارزانییـەکان و پەلامارەکانـی ئەنفالـدا، خوێنـی یەکتریـان دەخـواردەوە، ئەمـڕۆ لەهۆڵـی ئەفسـەران و سـەندیکای رۆژنامەنوسـان و هونەرمەنـدان و ..هتـد پێکـەوە

دەخۆن و وەکو یەک موچە وەردەگرن و وەکو یەک جل و بەرگی سەربازی دەپ و شن و شانازی بەنجەمە و داڵەکانی سەرشانیانەوە دەکەن..! ئەمە چ دڵڕەقیەکە لەیادی بەکۆمەڵکوشتنی بارزانییەکان، یان لەیادی کیمیابارانی هەڵەبجەو سێوسێنان و بالیسان، لەهی گۆپتەپەو عەسکەر. لەڕۆژی کولاندنەوەی برینەکاندا بەسەدان جل بەڵەک و پۆستاڵ ڕەش و پۆستاڵ سور چواردەوری ئەو یادانەیان گرتووە..؟! دڵنیام کەسوکاری قوربانییەکان ئەو ڕۆژە لەهەموو ڕۆژانێکی تر لەوسەربازو ئەفسەرانەپەست و توڕەن کەهەمان جل و بەرگی سوپای عێراقیان پۆشیوە. ئەگەر ئەم مەسەلەیەش بخەینە لاوە چۆن ویژدانی ئەو هەموو قوربانییە ئاسودە دەبێت، کاتێک رێز لەمەرگیان ناگیرێ..

بێگومان وەکو چۆن دروشمبازی و بەڵێنی بەرپرسان و قسەی بێکردەوەی رێکخراوەکان جگە لە ئازاردانی کەسوکاری قوربانیان هیچی تری لێشین نابێت، هەڵای ئەو ڕۆژنامەنوسانەش جگەلە زەرەر سودێکی لێناکەوێتەوە و فەزڵفرۆشییش بەسەر کەسوکاری قوربانییەکانەوە دەکەن، وەکو رۆژی ڕوناک دیارە هەندێک لەو ڕۆژ نامەنوسانە خواستیانە ژیانی قوربانیان لەوە خراپتر بێت بۆ ئەوەی لەپەنای خراپی ژیانی ئەوەوانەوە، سنگ دەرپەڕێنن و بەیاننامە ببەخشنەوە و لەوەهمی خۆیدا سەرمەستبن..؟!

هەتاکەی کەسوکاری قوربانیان ڕەنجاو دڵشکاوبن ؟ پێموانییە نەموچەو نە ووتاری سیاسیەکان و نە ڕاپۆرتی ئەوجۆرە ڕۆژنامەنوسانەو نەبەڵێنی زۆرو زەوەندی بێکردەوەی بەرپرسان دڵخۆش و ئاسودەیان بکات. ئەمە ئەگەر هەر لەبنەڕەتەوە دڵیان مابی؟

ئـەوان تەنیـا هەسـتەکانیان لەکاردایـە، چونکـە هەمیشـە لەسـەر هەسـتن، گـوێ قولاغـی ئـەو هەواڵـەن تاوانبارانـی ئـەو تاوانانـە بدرێنـە دادگاو سـزای تاوانەکانیـان وەرگرن..ئـەوان لـە دوای بینینـی ئـەو هەمـوو گـۆڕە بەکۆمەڵـە تەنهـا هەسـتیان بـۆ هێنانـەوەی تەرمـی ئازیزانیـان و ئـەو هەواڵـە لەنـاکاوە ڕاگرتـووە، بەڵکـو ئەمـە خوایـە بەرپرسـان دڵیـان نـەرم بـێ و ویژدانیـان بجوڵـی تـا بەخویانـدا ڕاپەڕمـون و تەرمەکانیـان بۆبهێننـەوەو بـەو تۆمەتبـارو گومانلێکراوانــە بڵێــن: (فەرمــوون لەســەر کورســیەکانتان وەرنەخــوارەوە، چیـدی پلـەو پایـە و کورسـی و مەقـام شـایانی ئێـوە نییـە. مـرۆڤ گەلێکـی دڵشـکاو هـەن " قوربانیانـی جینۆسـاید" پێویسـتە ئـەو مرۆڤانـە گرێکوێرەکانی دڵیـان بـۆ بکرێتەوە،ئـەوان چاوەکانیـان لەچاوەڕوانیـدا لـە دەسـتدا، ئەرکـی سەرشـانمانە ڕێزیـان بگریـن، فەرمـوون ئێـوەی تۆمەتبـارو تاوانبـار، لـە بەرچـاوان وونبـن .بـا ئـەوان ڕۆشـنایی بـۆ چاوانیـان بگەڕێتـەوە.

بـەڵام هـەی هوو..ئەمــە هــەر خــەون و خەیاڵــی هــەزاران پیــرەژن و سـەدان هـەزار منداڵـی شـەهید و ژنـی ڕەشپۆشـی ئـەم وڵاتەیە..دەنـا واقـع زۆر لـەوە تاڵتـرە کـە ئێمـە پـڕ بـە چاوانمـان لـە خیابـان و لەسـەر شاشـەی تەلەفزیونەکانـەوە دەیبینیـن، کـە بەرپرسـان و خۆفرۆشـان، جـەلادو قوربانـی پێکـەوە دانیشـتوون و بـەدەم یەکـەوە پڕبەدەمیـان دەخەننـەوە.

# بەشی پێنجەم

- پاشکۆی بەڵگەو وێنەکان
- سەرچاوەو پەراوێزەکان

پەراوێزەکان

١. بڕوانە جینۆسایدی بارزانییەکان لە سەدەی بیستەمەدا — ڕێبوار رەمەزان عەبدولاّ- ٢٠١١ — ل ٢٥١

٢. بڕوانە گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە-٤- چاپخانەی رەنج ل٧١

٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤. بڕوانە ڕێبوار رەمەزان بارزانی — بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانییەکان ل ١٥. چاپی یەکەم ٢٠١٠.

٥. لەبارەی بێسەرو شوێنکردنی پیاوانی بارزانی هەندێک بۆچونی جیاواز هەیە، ڕێبوار رەمەزان لە کتێبەکەیدا جینۆسایدی بارزانییەکان لەسەدەی بیستەمدا بڕوای وایە پیاوانی بارزانی چەکی کیمیاویان لەسەر تاقی کراوەتەوەو بەو شێوەیە کوژراون، بەلاّم هەموویان نا. هەرچی ڕێکخراوی مێدل ئێست وۆچیشە نوسیوێتی (هەندێ بەڵگە هەن ئەوە دەردەخەن کە پیاوە بارزانییەکان لانی کەم ساڵێ بە دەسبەسەریی ماونەتەوە پێشئەوەی بە یەکجارەکی لە ناوببرێن. یەکێک لە فایلەکانی موخابەرات (٣٩) فەرمانی سەرۆکایەتیی یەک لە دوای یەکی تێدایە کە لە ساڵی ١٩٨٣دا بە ژمارەی ٩٨٨ بۆ ١٠٣٦ دەرچووەو لیستی ناوی ئەوکەسانەیان تێدایە کە حوکمی مردن دراون بە هۆی "کێشە تایبەتکارەکانەوە" ئینجا گەلێ نووسینیان کراوەتە پاشکۆ و یەک لە نووسینە دەسخەتەکان لەوە دەدوێت کە: "ئایا هیچکام لەوکەسانەی لە سەرەوە ناوبراون و حوکمی مردن دراون لای ئێمە بەندن؟" وەلاّمەکەش دیسان بە دەسخەتێک بوو کەوا لە ڕێکەوتی ٩ ی نیسانی ١٩٨٥دا نووسراوە: "هیچکام لەوکەسانەی

لـە سـەرەوە ناویـان هاتـووەو حوکمـی مـردن دراون بەندیـی لای ئێمـە نیـن، بێجگـە لـە بارزانییـەکان کـە لـە ناوچـەی ئێمـەدا دەژیـان لـە پێش گرتنیاندا"، (ئەمەیـان جەختـی لـە سـەرکراوە). بەپێـی قسـەی پیاوێکـی دەربازبـووی بارزانـی کـەوا میـدڵ ئیسـت وۆچ لـە ١٨ ی مارتـی ١٩٩٣دا لـە سـەڵاحەدین چاوپێکەوتنـی لەگـەڵ کـردووە، هەنـدێ لـە ژن و منداڵـی بارزانییـەکان جارێکیتـر لـە ساڵی ١٩٨٦دا لەلایـەن دەزگاکانـی حوکوومەتـەوە ڕاپێچکـراون و بارکـراون بـۆ سـنووری تورکیاوفەرمانیـان پێکـراوە وڵات بەجێبهێڵـن. بـەڵام لەپـاش بەینێـک گەڕاونەتـەوە بـۆ قوشـتەپەو دواتـر بـە ئاشـکرا کاری دیکەیـان لـە دژ نەکـراوە. بـەڵام هەنـدێ ئیجرائـات دژبـە دەربازبـووە بارزانییەکانکـرا، لەوانـە لێسـەندنەوەی ئەومافەیـان کـە هاوڵاتـی عێراقـی بـن، کـەوا بـە وردیـو دوورودرێـژی لـە ئاڵوگۆڕکردنـی نامـەو نووسـراوی ئیسـتیخباراتدا دەردەکـەون لـە کانوونـی دووەمـی ١٩٦٨داو لـە سـەر حوکـم و بڕیـاری لیژنـەی کاروبـاری باکـووری سـەر بـە ئەنجومەنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕش دەدوێـت. نووسـراوی ژمـارە ٦٧٤٠ ی لیژنـەی کاروبـاری باکوور"نهێنیـو شەخسـی" لـە ١٦ی کانوونی دووەمـی ١٩٨٦دا.

٦. ڕۆژنامەی العراق، ١٣ ی ئەیلولی ١٩٨٣.

٧. بڕوانە د.محەمەد حسان كردستان و دوامە الحرب دار الحكمە-لندن- ص٧٥

٨. بڕوانە پاشکۆی بەڵگەکان بەڵگەنامەی ژمارە (٢)

٩. لەبەنـدی دووەمـی ئەوپەیماننامەیـەدا تاوانـی جینۆسـاید هەریەکێـک لـەو کردەوانـە دەگرێتـەوە کـە بەمەبەسـتی وێرانکردنـی گشـت یـان بەشـێکی گروپێکـی دیاریکـراو" نەتەوەیـی، ئاینـی، ڕەگەزیـی، ئەتنـی" ئەنجامبدرێـت.

کەلـەم خەسـڵەتانەی خـوارەوەدا خۆیـان دەنوێنـن.

١/ کۆشـتنی ئەندامانــی کۆمەڵێکـی دیاریکـراو ( نەتەوەیـی ئەتنــی، ئاینــی، رەگــەزی)

٢/ زیـان گەیانـدن بـە جەسـتەو شـیواندنی بیـر یـان دەرونـی ئەندامانـی ئـەو کۆمەڵـە.

٣/ دانانـی ئەوکۆمەڵـە بـە ئەنقەسـت لەژێـر بارودۆخێکـی سـەخت و دژواردا کەببێتـە هـۆی فەوتاندنـی گشـت یـان بەشـێکی ئەندامانـی ئـەو کۆمەڵە.

٤/ تەگەرەخستنە بەرمنداڵ بوون لەنێو ئەوکۆمەڵەدا.

٥/ بە زۆر ڕاگواستنی منداڵ لەوکۆمەڵەوە بۆ کۆمەڵێکی تر.

١٠ بڕوانـە ئەنفالسـتان ژمـارە ٤ ریکەوتـی ٢٠٠٧/٤/١٤ لاپـەرە ٧١ ڕاپۆرتـی ناجی شـارەزوری

١١ هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەرە

١٢ بڕوانە سەرچاوەی پێشو.

١٣ سـەربۆرا تراژیدیایـن بارزانیـان — رێـکار مـزوری-٢٠١٣- ل ٢١٢-٢١١٤ ماڵپـەری کوردسـتانی نـوێ بـەرواری ٢٠١٣/٨/١

١٥ بڕوانـە میدیـل ئێسـت وۆچ جینۆسـاید لـە عێـراق و پەلامـاری ئەنفـال بۆسـەر کـورد- چاپـی سـێهەم — دەزگای رۆشـنبیری جەمـال عیرفـان ل ٩٧ وەرگێڕانـی کـوردی- محەمـەد حەمەسـاڵح تۆفیـق

١٦ بڕوانـە یەکەمیـن هۆلۆکۆسـت — رۆبـەرت فیسـک وەرگێڕانـی نەجمەدیـن فەقـێ عەبـدوڵا- دەزگای خەنـدان بـۆ پەخـش و وەشـاندن- ٢٠١٢ ل١٧

** بە پێی ئەو هەواڵ و دەنگوباسەی لەکوردستانی عێراقدا باوە ئەو ژمارەیە لە هەشت هەزار مێرمندال و پیاوی بارزانی زیاترە .

(٣٦) ڕۆژنامەی العراق، ١٣ ی ئەیلولی ١٩٨٣.

حوکمی گەل ئاماژەیەکی بەعس بوو بۆ ئەوکەسانەی سزای مردنیان بەسەردا دەسەپاندن

ئەنفالستان –ژمارە - ٥ عەدالەت عومەر صالح – جینۆسایدی بارزانییەکان

بڕوانە پاشکۆی بەڵگەکان بەڵگەنامەی ژمارە (١)

بڕوانە خشتەی ژمارە یەک ناوی قوربانییەکان

بڕوانە قبل ان یغادرنا التاریخ – فریق رکن رعد مجید الحمدانی قائد فیلق الحرس الجمهوری العراقی الپانی (الفتح المبین) الگبعە الاولی- ٢٠٠٧ – بیروت . ص٨٤

فەریق رکن رعد مجید حمدانی لەبارەی هێرشەکەی ئێران بۆسەر کەرتی پێنجوین نوسیویێتی لە ریکەوتی ١٠/٣٠ ساڵی ١٩٨٣ ئیرانییەکان هەولیاندا هێرش بکەن بەرەو سەیدسادق بەڵام هێزەکانمان لەهەندێک شوێنی گرنگ وتەنگی ناڵپارێزەوە بەخێر ایی هاوکاری لیوای پاسەوانی کۆمارییان کردو لەچەند هێرش وپەرچەکردارێکی توانابەخشدا توانیان چەندین خاڵی گرنگ بگرنەوە، بەڵام لیواکەمان لە ١٩٨٣/١١/٢٠ داگەرایەوە بۆ بەغداو هێرشی بەرامبەرمان راگرت ودەستبەرداری گەراندنەوەی پێنجوین بووین و هێشتمانەوە بۆکاتێکی تر، سەبارەت بە رۆڵی پێشمەرگەکانی

یەکێتـی نوسـیوێتی ( بـەڵام چەکدارانـی سـەربە پارتـی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان بـە پێشـەوایەتی جـەلال تاڵەبانـی رۆڵێکـی گرنگیـان بینـی لەسـەر کەوتنـــی هێرشـــەکانی دوژمنـــدا) . شـــایانی باســـە بەهـــۆی ئـــەو پەلامـــارەوە پێنجوێـن بەتـەواوی وێرانکـراو خانوەکانـی تەختـی زەوی کـران و خەلکەکەشـی ئـاوارەی شـارەکانی هەلەبجـەو سـلیمانی و سـەید سـادق بـوون .

# پاشکۆی بەڵگەو وێنەکان

## بەڵگەی ژمارە (١)

بەناوی خوای گەورەو بەخشندە

کۆماری عێراق

سەرۆکایەتی کۆمار

سکرتێر

ژمارە ٢٦٥١ /ک

ڕێکەوتی ١٩٨٧/٨/٢٤

زۆر نهێنی و تایبەت

بەڕێز هەڤاڵ عەلی حەسەن مەجید

ب/ خێزانی بارزانییەکان

لەبەر ئەگەری جەختکردنەوەی بەردەوام لەلایەن تاوانبار مەسعود بارزانی لەبارەی خێزانە بارزانییەکان ئەوانەی نیشتەجێی پارێزگای هەولێر- کۆمەڵگەی قوشتەپەن لەکاتی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ لایەنگرەکانیان ئەنجامیانداوە لە ساڵی ١٩٨٣ وە هەتا ئێستا چونکە ئەو ( مەسعود بارزانی — س. ع) چارەنوسی خێزانە بارزانییەکان بەمەرجێک یان پێشنیارێکی سەرەکی دادەنێت بۆ دەستپێکردنی دانوستان لەگەڵ سەرکردایەتی حزب و شۆڕش .

فەرمانی بەڕێز سەرۆکی فەرمانده کە هەموو بەرپرس ودەزگا

پەیوەندیدارەکانی ئاسایش بەکێشەی کوردەوە ئاگادار بکرێنەوە کە یەک وەڵامی دیاری کراو هەبێت ئەویش ( جگەلە سەرکردایەتی دەوڵەت هیچ کەسێک بەچارەنوسی خێزانە بارزانییەکان نازانێ و هیچ شتێک لەبارەیانەوە نازانرێت و مەسەلەی سەرەکیش لەکێشەی ئەو خێزانانە گەورەترە ) پێویستە ئەمە وەڵامی هەرکەسێک بێت کە لەبارەی چارەنوسی ئەو خێزانانەوە پرسیار دەکات . تکایە بۆ کاری پێویست

واژۆ

سکرتێری سەرۆک کۆمار

- وێنەیەک : بەرێز بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری نوسراوتان ژمارە ٤٤٣٩/ لە ١٩٨٧/٨/٢٣ بۆکاری پێویست. لەگەڵ رێزدا.
- بەرێز بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بۆکاری پێویست. لەگەڵ رێزدا .

3837 ٣٨٣٧ ٢

# اخبار المعلومات الاولى

العدد / ١ / ١٩٨٣ — المحافظه /

تاريخ وساعة الاخبار / ٢٦ / ٧ / ١٩٨٣ — مركز شرطة مديرية أمن بغداد / ٣١

| تاريخ وساعة الحادثه | محل الحادثه | وصف الجريمه والاموال المسروقه | المدعي او المخبر اسم ومحل سكن المشتكي |
| --- | --- | --- | --- |
| ١٩ / ٧ / ١٩٨٣ | بغداد / اربيل حاج عمران | جريمه موصوفه وفق المواد ١٥٩ / ١٦٢ / ١٧٥ من ق٠ع | الحق العام |

افادة المخبر او المدعي ( المشتكي ) والاجراءات المتخذه من قبل الشرطه ٠٠ توفرت لدينا معلومات من مصادرنا السريه تفيد بوجود مجموعات كرديه مخربه من جماعة البارزانيين ( مسعود البارزاني وادريس البارزاني ) يقودها المتهم صابر مصطفى محمد عبدالسلام البارزاني ويقومون بتزويد المخربين من جماعة مسعود وادريس بمعلومات عن الوضع في داخل القطر وخاصة من القضايا العسكريه والاقتصاديه والمنشاآت الحيويه المهمه والاماكن الحساسه موضحين ذلك بمرتسمات اضافه الى تهيئة مجاميعهم الموجوده في بغداد ومحافظة اربيل للالتحاق الى جانب المخربين وذلك لدعم الهجوم الايراني الذى حصل على القاطع الشمالي في منطقة حاج عمران حيث زودوهم بواسطة مسعود وادريس بمعلومات مهمه ودقيقه وكان جماعتهم هم الادلاء والمرشدين العدو الايراني عندما هجم على المنطقه المذكوره وسبق لهم ان استصحبوا معهم قبل الهجوم احد القاده الايرانيين من الضباط العسكريين وبرتبه كبيره والذى كان يرتدى الزى الكردى حيث قام باستطلاع المنطقه بواسطتهم وتحديد النقاط والمراكز والربايا والرواقم التـــي تكون ضعيفه الحراسه او قليلة القوه لكي يتمكن الجيش الايراني الهجوم عليها والسيطره عليها واحتلالها وقد وضعوا كافة طاقاتهم وامكانياتهم الماديه والبشريه في خدمة الجانب الايراني وبواسطة ادريس ومسعود اولاد البارزاني المقبور وابن عمهم الشيخ محمد خالد احمد والذين يقودون مايسمى بالحزب الديمقراطي الكردستاني العراقي العميل٠ وقاموا ببث الاشاعات والتمجيد بالجانب الايراني والايعاز الى كافة اتباعهم والذين تم القبض عليهم من قبلنـــا والمدرجه اسمائهم في ادناه بحمل السلاح ضد القوات المسلحه العراقيه لغرض مساعدة الجيش الايراني لاحتلال منطقة حاج عمران ٠٠

يتبع لطفاً

IST.A4217.009.014

## بەڵكەی ژمارە (٢)

٣٨٣٧

هەواڵ و زانیاری سەرەتایی          پارێزگا/

پۆلیسی ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی بەغداد / ٣١

ژمارە / ١/ ١٩٨٣

ڕێكەوت و كاتژمێری هەواڵ /١٩٨٣/٧/٢٦

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

ڕێكـەوت و كاتژمێـری ڕوداو     شـوێنی ڕوداو   وەسـفی تـاوان و بردنـی پـارەی دزراو   سـكاڵاكارو شـكاتكار و هەواڵنێـر لەگـەڵ شـوێنی شـكاتكەر

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

١٩٨٣/٧/١٦   بەغـداد/ اربیـل/ حاجـی ئۆمـەران تاوانـە باسـكراوەكە بەپێـی مـادەكان/ ١٧٥/١٦٢/١٥٩ (مـن ق. ع.) مافـی گشـتی

بەپێـی قسـەی هەواڵگـر و داواكار (مشـتكی) لـە سـەریان لەلایـەن پۆلیسـەوە ریوشـوێنی پێویسـت وەرگیـراوە لـە سـەرچاوەكانمانەوە زانیـاری و نهێنیمـان كەوتـە بەردەسـت كـە جەماعەتـی تێكدەرانـی كـوردی لـە كۆمەڵـی بارزانییـەكان (مەسـعودو ئیدریـس) بەسەرپەرشـتی تۆمەتبـار سـابر مسـتەفا محەمـەد عەبدوالسـلام بارزانـی هەسـتاون بـە پشـتیوانی كردنـی تێكـدەران لەجەماعەتـی مەسـعودو ئیدریـس زانیاریـان داوەتـە ئێرانییـەكان لەناوخـۆی عێـراق .

رئاسة محكمة الثورة
(بغداد)

عدد الدعوى/١٤٤٦/ج/١٩٨٣
التاريخ ١٩٨٣/٨/٢٠

## قرار الحكم


تشكلت محكمة الثورة بتاريخ ١٩٨٣/٨/٢٠ برئاسة السيد عواد حمد البندر وعضوية العميد الحقوقي داود سلطان شباب والعقيد الحقوقي طارق هادي شكر وأصدرت باسم الشعب القرار الآتي :-

الحكم على كل من جابر صالح محمد عبد السلام البارزاني وإسماعيل علي مولا البارزاني ويونس عبد الله سليم البارزاني وحسن قطان حميد البارزاني وخير الدين محمد صديق البارزاني وفؤاد قطان صالح البارزاني وإياد قطان صالح البارزاني وصلاح قطان صالح البارزاني وجهاد قطان صالح البارزاني ورجب إسماعيل حسن البارزاني وقادر سلطان جبور البارزاني ووحيد عبد الله سليم البارزاني وحكيم محمد حسن البارزاني وسلطان إسماعيل عبد السلام البارزاني وعزيز عبد الله سليم البارزاني وحسين ذياب بدر البارزاني وبلدار علي محمد حاجي البارزاني وإسماعيل صالح محمود البارزاني وعلي عمر أحمد البارزاني وقطان أحمد محمد عبد السلام البارزاني وعبد الباري سلطان عبد السلام البارزاني وخالد قطان أحمد محمد البارزاني وخدر أحمد محمد عبد السلام البارزاني بالإعدام شنقاً حتى الموت وفق المواد ١٥٦ و١٦٢ و٢٢٥/٢/٤٩ و٥٠ و٥٢ من ق ع ومصادرة أموالهم المنقولة وغير المنقولة

قراراً صدر بالاتفاق وأفهم علناً في ١٩٨٣/٨/٢٠

| | | |
|---|---|---|
| عواد حمد البندر | العميد الحقوقي | العقيد الحقوقي |
| رئيس محكمة الثورة | داود سلطان شباب | طارق هادي شكر |
| | عضو | عضو |

# بەلگە نامەی ژمارە (٣)


بسم الله الرحمن الرحيم

**بەلگە نامەی ژمارە (٤)**

بەناوی خوای گەورەو بەخشندە

کۆماری عێراق

سەرۆکایەتی کۆمار

سکرتێر

ژمارە ٢٦٥١ /ک

رێکەوتی ١٩٨٧/٨/٢٤

زۆر نهێنی و تایبەت

بەرێز هەڤاڵ عەلی حەسەن مەجید

ب/ خێزانی بارزانییەکان

لەبەر ئەگەری جەختکردنەوەی بەردەوام لەلایەن تاوانبار مەسعود بارزانی لەبارەی خێزانە بارزانییەکان ئەوانەی نیشتەجێی پارێزگای هەولێر- کۆمەڵگەی قوشتەپەن لەکاتی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ لایەنگرەکانیان ئەنجامیانداوە لە ساڵی ١٩٨٣ وە هەتا ئێستا چونکە ئەو ( مەسعود بارزانی – س. ع) چارەنوسی خێزانە بارزانییەکان بەمەرجێک یان پێشنیارێکی سەرەکی دادەنێت بۆ دەستپێکردنی دانوستان لەگەڵ سەرکردایەتی حزب و شۆڕش .

فەرمانی بەرێز سەرۆکی فەرماندە کە هەموو بەرپرس ودەزگا پەیوەندیدارەکانی ئاسایش بەکێشەی کوردەوە ئاگادار بکرێنەوە کە یەک وەڵامی دیاری کراو هەبێت ئەویش ( جگەلە سەرکردایەتی دەوڵەت هیچ کەسێک بەچارەنوسی خێزانە بارزانییەکان نازانێ و هیچ شتێک لەبارەیانەوە نازانرێت و مەسەلەی سەرەکیش لەکێشەی ئەو خێزانانە گەورەترە )

پێویستــه ئەمــه وەڵامــی هەرکەســێک بێــت کــه لەبــارەی چارەنوســی ئــەو خێزانانــەوە پرســیار دەکات . تکایــه بــۆ کاری پێویســت

واژۆ

سکرتێری سەرۆک کۆمار

• وێنەیــەک : بەرێــز بەڕێوەبــەری دەزگای هەواڵگــری نوســراوتان ژمــارە ٤٤٣٩/ لــە ١٩٨٧/٨/٢٣ بــۆکاری پێویســت . لەگــەڵ رێــزدا.

بەرێز بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بۆکاری پێویست . لەگەڵ رێزدا

.

رئاسة الجمهورية
السكرتير

١٠١٢٥٦
٩١١٥

سري للغاية وشخصي

العدد : ٢٦٥١/ك
التاريخ : ١٩٨٧/٨/٢٤

٥٧٨٢
٨/٢٤ ١٩٨٧

الرفيق علي حسن المجيد المحترم

م/ العوائل البارزانية

نظراً لاستمرار تأكيد المجرم مسعود البارزاني على موضوع العوائل البارزانية التي كانت تسكن محافظة اربيل - مجمع قوشتبة وذلك من خلال الاتصالات غير المباشرة التي تحققت مع زمرته منذ عام ١٩٨٢ وحتى الان ، حيث انه يعتبر ذلك كشرط أو مقترح رئيسي للبدء بحوار جدي مع قيادة الحزب والثورة ..

أمر السيد الرئيس القائد بتوجيه المسؤولين والاجهزة الامنية المعنية بالقضية الكردية - الذين من المحتمل الاتصال بهم من خلال طرف ثالث - بان يكون الرد محدد وموحد بأن (لا أحد يعرف عنهم شيئاً سوى قيادة الدولة وأن لمسألة الاساسية اكبر من قضية هذه العوائل) وأن يعتمد هذا الجواب في الرد على أي استفسار منهم قد يحصل عن مصير هذه العوائل .

نرجو اتخاذ ما يقتضي .. مع التقدير

[توقيع]
سكرتير رئيس الجمهورية

مدير م ...
الى ... والمعنيين ...
للامر والنظر

ق/

(١-٢)

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
العدد
التاريخ / / ١٩٨

كما تم ترحيل الاسرى [illegible] من البارزانيين في [illegible] ضمن قاطع [illegible] والبالغ عددهم « ٤٠٣ » شخص من أفراد « البارزانيين » [illegible] « [illegible] » شخص من [illegible] البارزانيين . وكذلك في [illegible] « [illegible] » ضمن قاطع [illegible] [illegible] أربيل أيضاً .

- من ناحية اخرى ، تم وبإيعاز من السيد مدير الأمن العام الأسبق ، تشكيل قوة من منتسبي مديرية الأمن العامة ومديرية أمن [illegible] تولت [illegible] المقبوض عليهم في الحملات أعلاه [illegible] في سجن أبو غريب ، حيث بلغ مجموع [illegible] هذه الفترة « [illegible] » ثم [illegible] الى [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] حكم الشعب بحق المذكورين .

- تم حسب توجيه من السيد مدير الأمن العام الأسبق [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] « ٦٦ » [illegible] « [illegible] » [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] حكم الشعب بالإعدام [illegible] [illegible] [illegible] .

## ئەم بەڵگەیەو چیرۆکی ژنێکی بارزانی.

پاریــزەر ئەیــاد کاکەیــی چیرۆکــی ژنێکــی بارزانــی بــۆ گێرامــەوەو لــە نزیکبونــەوەی ســالیادی کۆمەڵکــوژی بارزانیەکانیشــدا لــە پێگــەی خــۆی لــە تــۆری کۆمەڵایەتــی فەیســبوک هــەم بەڵگەنامــەی مردنەکــەی بڵاوکردوەتــەوە هــەم لەبارەیــەوە نوســیویێتی: (دیکۆمینتیکــی دۆســیەی بارزانییــان عەلــی کیمیــاوی توشــی شــۆک کــرد ) ئەیــاد کاکەیــی چیرۆکــی ئــەو ژنــە ( عالیــە ئەحمــەد) دەگێڕێتــەوە کــە هاوســەرەکەی وکــوڕە تاقانەکــەی لەســالی ١٩٨٣ لە هەریــر لەگــەڵ (٨٠٠٠) نێرینــەی تــری بارزانــی گیــران، بــەڵام کــە ســالی ١٩٨٩ ســەدام حوســێن ســەردانی هەریــری کــرد، خاتــوو (عالیــە ئەحمــەد) دەربــارەی چارەنوســی مێردەکــەی ومنداڵەکانــی لــە ســەدام دەپرســێ و ئەوەشــی پێدەلێت کــە بۆخــۆی بەتەنیاماوەتــەوە، ســەدامیش نــاوی دەنوســێ بەمەبەســتی بینینــی لەدیوانــی ســەرۆکایەتی. پاشــان عالیــە دەچێــت بۆســەردانی کۆشــکی کۆمــاری دەکات. بــەڵام لــەوێ بەڵگــەی مــردن (بیــان وفــات)ی مێردەکــەی دەدەنــەوە دەســتی کــە لــە ٢٩/٧/١٩٨٣ لــە شــەری عێراقــدا کــوژراوە. بــەڵام ئــەوە ســاختەکارییەکی حکومەتــی عێــراق و داروەدەســتەکەی ســەدام بــوون، چونکــە راســتیەکەی ئەوەیــە کــە هاوســەرەکەی عالیــە ١٠/٨/١٩٨٣ هەرلەبــەر ئــەوەی بارزانــی بــوو لــە هەریردەســگیرکراوبوو.

ئەیــاد کاکەیــی پارێزەرێکــی دۆســێی بارزانیــەکان بــوو، دەڵێــت ئــەو بەلگەنامەیــە لــەدادگا عەلــی کیمیــاوی توشــی شــۆک کــرد، کــە هاتیشــە دەنــگ دادوەر کــە (رەوف رەشــید بــوو) پێــی گــووت بێدەنگبــە ئێــوە عێراقتــان بــەم ســاختەکارییە بەرێوەبــردووە .

الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الاحصاء الحياتي والصحي

رقم الشهادة ٣٢ المجلد ط/٢ ٥١٨٥

شهادة وفاة

تاريخ التنظيم ٢٩/٧/١٩٨٧

١ ـ اسم المتوفي ولقبه : قرطاس صالح حسين | ٢ ـ الجنس : ذكر

٣ ـ الجنسية : عراقي | ٤ ـ الدين او المعتقد : مسلم | ٥ ـ المهنة : فلاح

٦ ـ الحالة الزوجية : اعزب ( ) متزوج ( X ) ارمل ( ) مطلق ( )

٧ ـ تاريخ الولادة : ١٩٦٩ | ٨ ـ محل الولادة : قضاء شقلاوة محافظة ( )

٩ ـ الأمانة الدائمة : محله رقم الدار قرية ناحية قضاء محافظة اربيل

١٠ ـ تاريخ الوفاة (كتابة) : الساعة اليوم ٢٩ الشهر ٧ السنة ١٩٨٧

١١ ـ محل الوفاة : المحلة او القرية الناحية القضاء المحافظة

١٢ ـ اسم والد المتوفي : صالح حسين | ١٣ ـ اسم والدة المتوفي : أمنة محمد شكر

١٤ ـ اسم المبلغ عن الوفاة : م/سعيد عسكري | ١٥ ـ صلته بالمتوفي :

١٦ ـ عنوان المبلغ الكامل :

١٧ ـ شهادة الوفاة الطبية

| الفترة التقريبية بين ظهور الامراض والوفاة | سبب الوفاة | |
|---|---|---|
| / | ( أ ) طلق ناري أثناء الحرب | ( ١ ) المرض او الحالة التي ادت الوفاة مباشرة |
| | بسبب من ( او نتيجة لما يليه ) ( ب ) | الحالات المرضية ( ان وجدت ) والتي ادت السبب اعلاه مع ذكر السبب الاصلي في النهاية |
| | بسبب من او ( نتيجة لمايليه ) ( جـ ) | |
| | | ( ٢ ) حالات مهمة اخرى ساعدت على الوفاة ولاصلة لها بالمرض او الحالة التي سببت الوفاة |

١٨ ـ حدثت الوفاة في البيت ( ) المستشفى ( ) مكان اخر ( X )

١٩ ـ اشهد ان الوفاة قد حدثت من الاسباب المبينة اعلاه .

اسم الطبيب :

عنوان اشتغال الطبيب : مستشفى الشهيد ... توقيعه :

ختم المؤسسة الصحية :

٢٠ ـ شهادة طبية عدلية (تملا وتوقع من قبل الطبيب العدلي)

اني الموقع ادناه الدكتور ........ الطبيب في ........ تمت بتشريح جثة المتوفي
والمرسله من قبل ........ حسب الاستمارة المرقمة ........ والمؤرخه في / / ١٩٨
في الساعه ........ بتاريخ / / ١٩ فوجدت سبب الوفاة ........

توقيع الطبيب العدلي | ختم الطبابة العدلية

٢١ ـ معلومات خاصة بمديرية الاحوال المدنية تؤخذ من هوية الاحوال المدنية او دفتر النفوس )
صحيفة الاسرة في السجل المدني : رقم السجل ........ رقم الصحيفة ........ المحافظة
رقم هوية الاحوال المدنية او دفتر النفوس ( وترفق بالشهادة )

٢ ـ نسخة اولى الملاذة

# ناوی قوربانییەکان

| زنجیره | ناوی قوربانی |
|---|---|
| ١. | خورشید رشید سلمان |
| ٢. | ئەحمەد حدو محەمەد |
| ٣. | یاور علي محەمەد |
| ٤. | یوسف فرخو محەمەد |
| ٥. | حوسێن عومەر حوسێن |
| ٦. | مەحمود فقي محەمەد حوسێن |
| ٧. | حوسێن مەلا حەبیب عبدالرحمن |
| ٨. | عیسا محەمەد حەسەن |
| ٩. | جهور یونس ابراهیم |
| ١٠. | جزیری برایم محەمەد |
| ١١. | محەمەد ابراهیم محەمەد |
| ١٢. | نوعمان شەریف شمیرن |
| ١٣. | عزیز فەقي سەعید |
| ١٤. | خلیل تاهیر عبدالله. |
| ١٥. | نیاز عزیز عبدالله |
| ١٦. | حاجي عومەر عبدالله |
| ١٧. | عوسمان حەسەن عوسمان |
| ١٨. | عزیز ملا عبدالله فقي |
| ١٩. | ابراهیم عوسمان حاجي |
| ٢٠. | علي قاسم علي |

| زنجیره | ناوی قوربانی |
|---|---|
| ٢١. | نزمی محەمەد محەمەدامین |
| ٢٢. | محەمەد تاهیر حاجی ابراهیم |
| ٢٣. | عومەر ئەحمەد عومەر |
| ٢٤. | حەسەن خالد ملا |
| ٢٥. | عیسی حەسەن شریف |
| ٢٦. | حوسێن عبدالحمن حوسێن |
| ٢٧. | تەها محەمەد یوسف |
| ٢٨. | حوسێن محەمەد یوسف |
| ٢٩. | ئەیوب محەمەد عیسا |
| ٣٠. | مولود جوج مولود |
| ٣١. | محەمەد قرتاس سالح |
| ٣٢. | شیخ عومەر باپیر |
| ٣٣. | خوشوی داود محەمەد |
| ٣٤. | شاکر خالد سالح |
| ٣٥. | عومەر حدو محەمەد |
| ٣٦. | تاهیر عبدالرحمن علی |
| ٣٧. | حوسێن محەمەد حوسێن |
| ٣٨. | عزیز ابراهیم شێخو |
| ٣٩. | سلیمان سەبری عیسی |
| ٤٠. | عومەر تاهیر عومەر |

| زنجیره | ناوی قوربانی |
|---|---|
| ٤١. | حوسێن فقي محەمەد حوسێن |
| ٤٢. | نزهت شريف عومەر |
| ٤٣. | ممو سەبری عيسى |
| ٤٤. | فريق ملمكو تاهير |
| ٤٥. | حدو محەمەد ئەحمەد |
| ٤٦. | فرات ابراهيم باپير |
| ٤٧. | عبدالله ابوبكر فتح الله |
| ٤٨. | حەسەن محەمەد شيرو |
| ٤٩. | درويش عومەر ياسين |
| ٥٠. | تمر محمود قرتاس |
| ٥١. | عبدالواحد عومەر سەعيد. |
| | |

| زنجیره | ناوی قوربانی |
|---|---|
| ١ | شمس الله خالد بارزانی |
| ٢ | نعمان حوسێن یاسین |
| ٣ | یاسین حوسێن یاسین |
| ٤ | حەسکۆ رشید نبی |
| ٥ | تەلعەت سەعید عومەر |
| ٦ | رەمەزان عبدالله یاسین |
| ٧ | وجدی مستەفا ناوخۆش |
| ٨ | حدو جلو فقی |
| ٩ | مستەفا حوسێن سالح |
| ١٠ | حوسێن محەمەد ئەحمەد |
| ١١ | اسعد حەسەن عبدالله |
| ١٢ | سلێمان ابابكر ئەحمەد |
| ١٣ | جادر محەمەد حوسێن |
| ١٤ | نادر حەبیب حەسەن |
| ١٥ | فقو خوجه ناصر |
| ١٦ | قرتاس سالح حوسێن |
| ١٧ | جمیل عبدالله فارس |
| ١٨ | حەسەن حاجی ابراهیم |
| ١٩ | اسماعیل سلیمان الیاس |
| ٢٠ | یونس حەسەن یونس |
| ٢١ | بحری محەمەد ملكو |

| ناوی قوربانی | زنجیره |
|---|---|
| زلفو ئەحمەد جوهر | ٢٢ |
| شهاب زادە محمود | ٢٣ |
| ×وفی درویش محەمەد | ٢٤ |
| شهاب ئەحمەد جوهر | ٢٥ |
| بیرو حمد ابراهیم | ٢٦ |
| جوهر حدو حاجی | ٢٧ |
| الله خالد خدر بارزانی | ٢٨ |
| سلیمان مفردی خانو | ٢٩ |
| ئەحمەد حمود مستەفا | ٣٠ |
| میرخان محەمەد مرزا | ٣١ |
| صوفی سیف الدین وستا | ٣٢ |
| سەعید محەمەد محەمەدامین | ٣٣ |
| یوسف زبیر حاجی | ٣٤ |
| حاتم جیجو حاتم | ٣٥ |
| حەسەن حوسێن حەسەن | ٣٦ |
| تەها محەمەد ابراهیم | ٣٧ |
| فریق میران مح | ٣٨ |
| عبدالرحمن محەمەد حەسەن | ٣٩ |
| ئەحمەد سەعید حەسەن | ٤٠ |
| مستەفا باجو مستەفا | ٤١ |
| عزیز سالح سلیم | ٤٢ |

| زنجیره | ناوی قوربانی |
|---|---|
| ٤٣ | حکیم زاده محەمەد |
| ٤٤ | زکری جلو مالی |
| ٤٥ | باجو حوسێن ملکو |
| ٤٦ | غفور ئەحمەد محمود |
| ٤٧ | محەمەد علی عباس |
| ٤٨ | خدر مولود سالح |
| ٤٩ | سەعید اخدل شیخ عومەر |
| ٥٠ | عبدالعزیز حجی عبدالله |
| ٥١ | صبری رەمەزان حەسەن |
| ٥٢ | ویس یوسف رەمەزان |
| | |

| زنجیره | ناوی سیانی قوربانی |
|---|---|
| ١ | صابر مستەفا محەمەد عبدالسلام بارزانی |
| ٢ | عوسمان ئەحمەد محەمەد عبدالسلام بارزانی |
| ٣ | عبدالباری سلیمان عبدالسالم بارزانی |
| ٤ | سبحان اسماعیل عبدالسلام بارزانی |
| ٥ | نورالدین محەمەد صدیق محەمەد بارزانی |
| ٦ | عیماد عوسمان ئەحمەد بارزانی |
| ٧ | نزیر ئەحمەدمحەمەدبارزانی |
| ٨ | بیداد لقمان مستەفا بارزانی |
| ٩ | نوزاد لقمان مستەفا بارزانی |
| ١٠ | ئازاد لقمان مستەفا بارزانی |
| ١١ | صلاح لقمان مستەفا بارزانی |
| ١٢ | اسماعیل فقی عولابارزانی |
| ١٣ | زبیر عبدالله سلیم بارزانی |
| ١٤ | دڵدار علی محەمەد بارزانی |
| ١٥ | حکیم سەعید حەسەن بارزانی |
| ١٦ | علی عومەر ئەحمەد بارزانی |
| ١٧ | رمزی عبداللەسلیم بارزانی |
| ١٨ | رجب اسماعیل حەسەن بارزانی |
| ١٩ | قادر نعمان جهور بارزانی |
| ٢٠ | مجید عبدالله سلیم بارزانی |
| ٢١ | حوسێن زیاب دربارزانی |

| ناوی سیانی قوربانی | زنجیره |
|---|---|
| اسماعیل مستەفا محمود بارزانی | ٢٢ |
| امین عوسمان همیره بارزانی | ٢٣ |



کۆمەلێک خوێندکاری بارزانی

کە لەپرۆسەی کۆمەڵکوژییەکە گیران و کۆمەڵکوژکراون.



سێ پیاوی بارزانی

کە لەکاتێکدا سەرباز بوون گیراون و کۆمەڵکوژ کراون.



ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ خواری عێراق




2005


16 11:36AM




11 1:08


10 10:44

# سەرچاوەکان

**کتێبەکان:**

١. جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد- میدل ئێست وۆچ — وەرگێڕانی کوردی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان .

٢. یەکەمین هۆلۆکۆست — رۆبەرت فیسک وەرگێڕانی نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا- دەزگای خەندان بۆ پەخش و وەشاندن- ٢٠١٢

٣. مەسعود بارزانی بارزانی و بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد ١٩٥٨- ١٩٦١ چاپی یەکەم وەرگێڕانی سەعید ناکام چاپخانەی خەبات ١٩٩٨

٤. دڵرەقی و بێدەنگی — کەنعان مەکیە وەرگێڕانی کوردی — حەمەرەشید . دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم — ٢٠٠٥.

٥. جینۆسایدی بارزانییەکان لە سەدەی بیستەمەدا — رێبوار رەمەزان عەبدوڵا- ٢٠١١

٦. رێبوار رەمەزان بارزانی — بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانییەکان. چاپی یەکەم چاپی یەکەم ٢٠١٠ .

٧. سەربۆرا تراژیدیاێن بارزانیان — رێکار مزوری-٢٠١٣- ل ٢١٢-٢١٣.

٨. د.محەمەد احسان کردستان و دوامە الحرب — دار الحکمە — لندن . ص٧٥.

٩. قبل ان یغادرنا التاریخ — فریق رکن رعد مجید الحمدانی قائد فیلق الحرس الجمهوري العراقي الثاني (الفتح المبین) الطبعة الاولی- ٢٠٠٧ — بیروت.

١٠. کارێکی ژەهراوی ئەمریکاو عێراق و گازبارانی هەڵەبجە — کۆمپانیای ئاوێنە- یوست هیڵتەرمان- وەرگێڕانی کوردی محەمەد حەمە صالح توفیق — ٢٠٠٨ .

١١. د. مـارف عومـەر گـوڵ – جینۆسـایدی گەلـی کـورد لەبـەر رۆشـنایی یاسـای نێودەوڵەتاند+چاپـی چـوارەم هەولێـر – ٢٠٠٧.
١٢. کارەسـاتی بارزانیانـی زوڵملێکـراو – مەعـروف چیـاووک وەرگێڕانـی ئەبوبەکـر سـاڵح ئیسـماعیل – چاپـی دووەم- ٢٠٠٩ چاپخانـەی وەزارەتـی رۆشـنبیری هەولێـر.
١٣. سایکۆلۆژیای جەماوەر کۆستاڤ لۆبۆن – وەرگێڕانی ئارام جەمال – ٢٠٠٦
١٤. پوختەیـەک لەمێـژووی کـورد- مـەلا خالیـد فەیـزی ٢٠٠٤ چاپخانـەی بـژار- هەولێـر

**رۆژنامەو گۆڤارەکان:**

١. ئەنفالستان گۆڤارێکی تایبەتە بە تاوانی ئەنفال و جینۆساید ژمارە (٤)
٢. گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە (٥).
٣. گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە (٨).
٤. رۆژنامەی روداو ژمارە (٢٧١) رۆژی ٢٠١٣/٧/٢٩ لەلاپەرە (٦).

**ماڵپەرەکان:**

١. ئاوێنە نیوز.
٢. ئاینـدە پرێـس http://www.aindapress.com/Ainda_News_View.aspx?articalID=5329&AspxAutoDetectCookieSupport=1
٣. ماڵپـەری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان. http://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13&s=020200&a=54204
٤. http://www.pukmedia.com/KS_Direje.aspx?Jimare=13863

٥. کوردپیدیــا http://kurdipedia.org/default.aspx?q=%D8%B3%D

86%D8%AA%DB%95%D8%B1%DB%8C&lng=11%B%95%D9

٦. ماڵپــەری پارێــزگای هەولێــر http://www.hawlergov.org/ku/article.
php?id=1376461

٧. ماڵپــەڕی هاولاتــی: http://hawlati.co/%D8%A6%DB%95%D8%
B1%D8%B4%DB%8C%DA%A4%DB%95%DA%A9%D8%A7
33933/86%%D9

٨. ماڵپــەڕی کوردیــو :http://www.kurdiu.org/details.php?section=h
awal&lang=1&type=1&id=2467



**پرۆفایل**

- عومەرمحەمەد قادر
- سالْی ١٩٦٨ لەدایکبووە.
- پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەشی شانۆ.
- بەڕێوەبەری ناوەندی چاک بووە لەکوردستان.
- خاوەنی بڵاوکراوەی سپێدە بووە .
- خاوەن و سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستانە- کە تایبەتە بەتاوانی ئەنفال و جینۆساید .
- شەڕەفی ئەندامی فەخری لە رێکخراوە و کۆمەڵەکانی ئەنفال و کیمیاباران پێبخشراوە.
- بۆردی رێکخراوی سپی یە بۆناوچە کیمیابارانکراوەکانی کوردستان
- راوێژکاری هەردوو فیلمی دۆکۆمینتاری (من بەکرێگیراوی سپی) و (هەزارو یەک سێو) ە لەدەرهێنانی هونەرمەندی کۆچکردوو تەهای کەریمی .
- خۆبەخشانە سەرپەرشتی چەندین پڕۆژەی فریاگوزاری خێرا و هوشیاری بۆ قوربانیان لە شاروگوندە کیمیابارانکراوەکان و ئەنفالکراوەکان کردووە .
- بەردەوام لەڕۆژنامەو گۆڤاروماڵپەڕەکان دەربارەی تاوانی جینۆساید دەنوسێ .
- ئەمە پێنجەمین کتێبی چاپکراوی نووسەرە دەربارەی ئەنفال و جینۆساید.